

**کاترینا کایف سێکسیترین ژنە لەئاسیا**

ژنە هیندی کاترینا کایف بۆ ساڵی دووەم لەسەریەك بەسێکسیترین ژن لەئاسیادا هەڵبژێردرایەوەو لەسەرنجراکێشیدا پێش حەوت ژنە ئەکتەری وڵاتەکەی کەوت.

13 «



**ئەنفلۆنزای بەرازو بەرنامە راستەوخۆکان**

17 «



**کاتی ئەوە هاتووە تورکیا ئەم نەنگییە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە**

9 «

ژمارە (١٠)
(٢٨) لاپەرە
چوارشەممە ٢٠٠٩/١٢/١٦
نرخ (١٠٠٠) دینار

# دەستوور

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانەکۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات



کەمبوونەوەی وزەی کارەبا پەیوەندی بەوێستگەکانی هەولێرەوە هەیە

# کارەباکەی کابینەی پێنجەم دوو مانگ بەرگەی نەگرت

## گومان دەکرێت کێشەی کارەبا، دەستێکی سیاسی لەپشتەوە بێت

تایبەت بەدەستوور

گومان دەکرێت خراپبوونی کارەبا لەم چەند هەفتەی دواییدا، دەستێکی سیاسی لەپشتەوە بێت دژی کابینەی شەشەمو وەك هەولێك بێت بۆ شکستهێنان بەکابینەکەی بەرهەم سالح.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێم بەر لەتەواوبوونی وادەی کابینەکەی، لەدیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا، ئاماژەی بەوەکرد کەکێشەیەك نەماوە بەناوی کێشەی کارەباوەو رایگەیاند کە کابینەکەی توانیویەتی کێشەی کارەبای هەرێم چارەسەربکاتو بەدەستکەوتێکی گەورەشی وەسفکرد، بەڵام مانگێك بەسەر دەستبەکاربوونی کابینەی شەشەمدا تێنەپەڕی، کێشەی کارەبا سەریهەڵدایەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نەیویست ناوەکەی بڵاوبکرێتەوە، بەدەستووری راگەیاند "بۆ شکستهێنانی کابینەکەی بەرهەم سالح، گومان دەکرێت دەستی سیاسی لەپشتەوە بێتو بری بەرهەمهێنانی کارەبا بەناوی کێشەی تەکنیکییەوە لەوێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبای هەولێرەوە، کەمکرابێتەوە".

دەستوور ئەوەی زانیوە کە کەمبوونەوەی بری وزەی کارەبا لەچەند هەفتەی رابردوودا پەیوەندی بەوێستگەکانی هەولێرەوە هەیە.

ئەبوبەکر ئەحمەد بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانیش، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەوێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای چەمچەماڵ، هەمان بری جاران کارەبا بەرهەمدەهێنێو هیچ کێشەیەکی نییەو تەنها وێستگەکانی هەولێر، کێشەیان هەیە.

لەلایەکی ترەوە حسێن حەمەد بەڕێوەبەری گشتی دابەشکردنی کارەبای هەولێر ئاماژەی بەوەدا کە خواستی بەکارهێنانی کارەبا زیاتر بووەو لە٣٦٠ تا ٣٧٠ مێگاوات کارەبا بەرزبووەتەوە بۆ ٧٣٠ میگاوات کارەبا.

ئازاد مستەفا بەڕێوەبەری گشتی پرۆژەی ٥٠٠ میگاواتی پیرداود لەشاری هەولێر وتی "ئەو سێ رۆژە یەکەیەکمان تووشی کێشەیەکی تەکنیکی بووە، بەڵام سێ یەکەی ترمان بەبەردەوامی کاردەکاتو لەم رۆژانەدا ئەوەش چارەسەر دەکرێت".

هەروەها وتی "کەمبوونەوەی بری کاتەکانی کارەبای هاووڵاتیان، هیچ پەیوەندییەکی بەو یەکەیەوە نییە، چونکە ئەو سێ رۆژە ئەو یەکەیە کێشەی هەبووە، ئێمە کارەبامان وەك خۆی بەرهەمهێناوە".

## عوسمان بانیمارانی: بڵاوکردنەوەی یاداشتەکان رەنگە کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان هەبێت لەرووی ساردکردنەوەی خەڵکەوە

بۆل ٧

# سەرۆکی شارەوانی سلێمانی دەدرێتە دادگا



هێمن لەتیف لەسلێمانی

بەڕێوەبەری کۆمپانیای هاوڕێ کەئۆتۆمبێلێکی بەهۆی گرگرتنی ئەو مەولیدەیەی کە شەممەی رابردوو لەبەردەم ئوتێل سۆما لەسلێمانی سوتا، داوای یاسایی لەسەر عومەر مەحوی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی تۆمار دەکات، بەوەی کەمتەرخەم بووە لەسزادانی ئەو کەسانەی زیادەڕۆییان کردووە.

هاوڕێ حەسەن دەروێش، بەدەستووری وت "سکاڵای یاساییمان لەدژی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی عومەر مەحوی تۆمارکردووەو داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەشیان لێدەکەین".

هەروەها وتی "شارەوانی سەرپێچیان کردووەو ئەوان هۆکاری سەرەکی ئەو زیانانەن کە لێمان کەوتووە".

دوای چەندین جار بەڵێندان بەهاووڵاتیان، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی نەیتوانی بەڵێنەکانی بباتەسەر، لەغەرامەکردنی ئەو کەسانەی زیادەڕۆیی دەکەن، هەروەها خاوەن ئەو مەولیدە ئەهلییانەی کە لەسەر شۆستەو شەقامەکان مەولیدەکانیان ئیش پێدەکەن.

راپۆرتێك لەلاپەڕە (٤) بخوێنەوە

# نوێنەرێکی مەسعود بارزانی، ٤٥٠ ملیۆن دیناری عەشیرەتەکەی بۆ خۆی وەردەگرێت



دەستوور

لەتیف گلی نوێنەری مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم لەپارێزگای کەرکوك، ٤٥٠ ملیۆن دیناری وەك حەقی بەکارهێنانی زەوییەکانی عەشیرەتی گلی لەلایەن کۆمپانیایەکی دەرهێنانی نەوتەوە بەناوی عەشیرەتەکەوە وەرگرتووەو بۆ خۆی بردوویەتی.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور دوای ئەوەی کۆمپانیایەکی نەوت دەستیکردووە بەدەرهێنانی نەوت لەو زەوییانەی کەموڵکی عەشیرەتی گلین، لەلایەن ئەو کۆمپانیایەوە پێنج مانگ لەمەوبەر ٤٥٠ ملیۆن دینار وەك قەرەبووکردنەوە دراوە بە لەتیف گلی وەکو سەرۆکی عەشیرەتی گلی، بەڵام ناوبراو پارەکەی بۆ خۆی بردووەو نەیداوەتەوە بەعەشیرەتەکە.

کەسێکی دیاری عەشیرەتی گلی بەدەستووری راگەیاند "ئەو زەویانە، زەوی هەموو عەشیرەتەکەن، نەك تەنها خزمانی لەتیف گلی، بۆیە دەبێت ئەو پارەیەی وەرگیراوە هەموو عەشیرەتەکە لێی سوودمەندبن".

هەروەها ئەوەشی وت کەپارەکە برەکەی ٤٥٠ ملیۆن دینارەو دوای بەدواداچوونیان لەهەفتەی رابردوودا بۆیان ئاشکرابووەو وتی "بۆیە ئێستا ئێمە داوای مافی خۆمان دەکەین".

عەشیرەتی گلی بەنیازن لەدژی ئەو کارەی لەتیف گلی سەردانی هەریەکە لەمەسعود بارزانیو جەلال تالەبانی بکەنو سکاڵای خۆیانیان پێبگەیەنن، داواش دەکەن هیچ کەسو حیزبو لایەنێك وەکو سەرۆکی عەشیرەتی گلی مامەڵە لەگەڵ لەتیف گلیدا نەکەن.

دەستوور ئەوەشی زانیوە بەو هۆیەوە کێشە لەنێوان عەشیرەتی گلییەکاندا دروستبووە کەزۆربەیان لایەنگرو ئەندامی پارتین.

راپۆرتێك لەلاپەڕە (٥) بخوێنەوە

www.arsivakurd.org

# وەزارەتی ناوخۆ ٢٠٠ پۆلیس لەکارەکانیان دووردەخاتەوە

زانیار داقوقی

وەزارەتی ناوخۆی عێراق، بەنوسراوی فەرمی ٢٠٠ ئەفسەری پۆلیس لەپارێزگای سەلاحەدین لەکارەکەی دوورخستەوە کەپێشوتر بەشێك لەو ئەفسەرانە لەدەزگا هەواڵگرییەکانی رژێمی بەعس کاریانکردووەو بەشەکەی تریشیان لەدیوانی سەرۆکایەتی کۆمار بوون.

ئەو نووسراوە کەئاراستەی حوسێن عەلەوی پارێزگاری سەلاحەدین کراوە، داوا دەکات پەلە بکرێت لەلابردنی ئەو ٢٠٠ ئەفسەرە کەئێستا لەپارێزگای سەلاحەدینن، دوای ئەوەی دەستەی لێپێچینەوەی دادەوەری بڕیاری لابردنیانی داوە.

ئەمین محەمەد جێگری پارێزگاری سەلاحەدین بەدەستووری راگەیاند "پێش ماوەیەك نوسراوێك لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراقییەوە ئاراستەی ئیدارەی پارێزگاو پۆلیسی شارەکە کرا، سەبارەت بەوەی وەزارەتی ناوخۆ پلە بەو ئەفسەرانە دانانێت، چونکە ئەوانە ریشەکێشکردنی بەعس دەیانگرێتەوە".

هەروەها وتی "وەزارەتی ناوخۆ داوایکردووە ئەو ئەفسەرانە بچنە ماڵەوە".

# دەزگایەکی ئەمنی تورکیا پشتگیری دەکات

## لیوا تۆرهان ماڵو خێزانەکەی دەباتە تورکیا و کەرکوك جێدەهێڵێت

پ.دەستوور

لیوا تۆرهان عەبدولرەحمان جێگری بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکوك هەفتەی رابردوو ماڵو خێزانی گواستووەتەوە تورکیاو کەرکوکی جێهێشتووە، سەرچاوەیەکیش لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی کەرکوك رایگەیاند، پێشتر لیوا تۆرهان ئەوەی درکاندووە کەدەزگایەکی ئەمنی تورکیا یارمەتی دەدات لەچوونی خێزانەکەی بۆ تورکیا.

دوای ئەوەی بەسەردانێکی چەند رۆژی لیوا تۆرهان دەچێتە تورکیا، دوای گەرانەوەی راستەوخۆ هەرسێ کورەکەیو خێزانەکەی رەوانەی تورکیا دەکاتو کەرکوکیان جێهێشتووە.

سەرچاوەیەکی باڵا لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی کەرکوك، بەدەستووری راگەیاند "لیوا تۆرهان دوای گەرانەوەی لەتورکیا خێزانەکەیو هەرسێ کورەکەی رەوانەی تورکیا کردووەو لەوێ شوقەی بۆ کریون و بۆ ئەوەش گواستویانەتەوە بەیەکجاری خێزانو سێ کورەکەی لەتورکیا بژین و نەگەرێنەوە کەرکوكو تەنها خۆی لەکەرکوك بمێنێتەوە".

سەرچاوەکە ئەوەشی باسکرد کەپێشتر لیوا تۆرهان چەند جارێك لای کەسە نزیکەکانی خۆی ئەوەی درکاندووە کەدەزگایەکی ئەمنی تورکیا پشتگیری تەواوی دەکات لەگواستنەوەی ماڵو خێزانی بۆ تورکیاو یارمەتی دەدات.

هەروەها وتی "ئێستا خێزانو هەرسێ کورەکەی بەبیانووی خوێندنەوە چوونەتە تورکیاو لەوێ لەشوقەدا دەژین".

دەستوور ئەوەی زانیوە کە لیوا تۆرهان بەردەوام لەلایەن بەرپرسانی پارتیو یەکێتییەوە بایەخی پێدەدرێتو لەکاتی سەردانی بەرپرسانی ئەو دوو حیزبە یارمەتی دراوە.

# وەڵامێک بۆ رۆژنامەی دەستوور

لە ژمارە (٩)ی رۆژی چوارشەممە ٢٠٠٩/١٢/٩ی رۆژنامەی (دەستوور) بەمانشێتی سەرەکی لاپەرە یەك بابەتێك لە ژێر ناونیشانی (وەزیری ئەوقاف پەیوەندی نهێنی لەگەڵ ئێراندا هەیە) بڵاوکراوەتەوە، بەپێویستمان زانی ئەم روونکردنەوەیەی لەسەر بدەین:

سەرەتا بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتە لەکاتێکدایە کە هێشتا دوو مانگ بەسەر دەستبەکاربوونی بەرێز (کامیل حاجی عەلی) وەك وەزیری ئەوقافو کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێپەرنەبووە، بەڵام ئەو بەناو (بەڵگەیە)ی رۆژنامەی دەستوور بڵاویکردۆتەوە هەروەك خۆی ئیشارەتی پێ کردووە بۆ بەرواری ٢٠٠٤/١١/٣ دەگەرێتەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین وروژاندنی ئەم بابەتە لەم کاتەدا پەیوەندی بە ململانێ سیاسییەکانی ناو هەرێمی کوردستانو رەنگە دژایەتیکردنو کۆسپ خستنە بەردەم کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت.

بەرێز کامیل حاجی عەلی وەزیری ئەوقافو کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرلەبەری ئەو هەواڵەو ئەو بەڵگەیەش کە (دەستنووسە)و جێگای متمانەو قیمەتی یاسایی نییە، رەتدەکاتەوەو بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی لەو شێوەیە جگە لەوەی هەوڵێکە بۆ لێدانی کەسایەتی مەعنەوی وەزیری ئەوقاف، لەهەمان کاتیشدا بوختانو ناوزراندنی کەسایەتی (کامیل حاجی عەلی)ە کە ئێستا وەزیری دامەزراوەیەکی ئاینیو کۆمەڵایەتی گرنگی حکومەتو خەلکی کوردستانەو متمانەی لەپەرلەمانی کوردستان وەرگرتووە، بۆیە وەزارەتی ئەوقاف لەرێگای بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاساییەوە رێوشوێنی یاسایی لە دادگای کوردستان دژی ئەو رۆژنامەیە دەگرێتەبەر.

راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف
٢٠٠٩/١٢/١٣

# بەعسییەکانی دیالە، لەکاتی فەریزەی حەجدا پارەیان لەبازرگانانی سعودیە وەرگرتووە

دەشتیو فەرمان لەدیالە

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، ژمارەیەك لەکۆنە بەعسییەکانی پارێزگای دیالە، لەکاتی ئەنجامدانی فەریزەی حەجی ئەمساڵدا، لەگەڵ چەند بازرگانێکی سعودیەدا کۆبونەتەوەو پارەیان لێوەرگرتوون، بۆئەوەی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بیبەخشنەوە بەسەر هاووڵاتیاندا.

شێخ یەعقوب لهێبی سەرۆك عەشیرەتی لهێب لەناوچەی دیالە، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور راگەیاند "ئەو عەرەبانە پارەیەکی زۆریان لەبازرگانانی سعودییە وەرگرتووە، دوای ئەوەی لەگەڵیان کۆبوونەتەوە، تا لەهەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا لەبەرامبەر پێدانی دەنگدا بیدەن بەهاووڵاتیان".

سەرۆك عەشیرەتی لهێب ئاماژەی بەوەدا کە ئەو کەسانەی ئەو کارەیانکردووە بەعسییەکانو لایەنگری هەریەك لەساڵح موتلەگو ئوسامە نوجێفی دەکەنو وتی "دڵنیاشین ئەو کەسانە ئاگاداری ئەو کارەن".

بەپێی ئەو زانیاریانەشی کە دەست دەستوور کەوتوون، بەعسییەکانی شاری جەلەولاو قەرەتەپەو سەعدییە خۆیان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق ئامادەکردووەو دەیانەوێت بەلیستێك بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا بکەن.

# دوو ساڵە ئەنجومەنی وەزیران یاسایەکی پەرلەمانی پەسەند نەکردووە

دەستوور لەهەولێر

کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی کرێنشینان گلەیی ئەوە دەکەن کە لەساڵی ٢٠٠٨ەوە پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تایبەت بەمافی کرێنشینانی دەرکردووە، بەڵام تاکو ئێستا ئەنجومەنی وەزیران ئەو یاسایەی پەسەندنەکردووە.

دوای ئەوەی لەخولی دووەمی پەرلەماندا یاسایەکی تایبەت بەمافی کرێنشینان پەسەندکراو لە(٦-٨-٢٠٠٨)ەوە یاساکە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کابینەی پێنجەم کراوە، بەڵام تاکو ئێستا ئەو یاسایە لەلایەن حکومەتەوە بڕیاری لەسەر نەدراوە.

عەتا هەولێری سکرتێری کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی کرێنشین بەدەستووری راگەیاند "یاسای ژمارە حەوت تایبەتە بەدابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت، دوای پەسەندکردنی لەخولی دووەمی پەرلەمان لە(٦-٨-٢٠٠٨)ەوە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم کرا، بەڵام تائێستا ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر نەداوەو نەیخستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە".

هەروەها وتی "بەدواداچوونمان بۆ یاساکە کردووە، بەڵام لەئەنجومەنی وەزیران پێیانوتووین جێبەجێکردنی یاساکە بودجەیەکی زۆری پێویستە، بەڵام پێمانوایە ئەو یەکە نیشتەجێبوونانەی کە لەگەڵ کەرتی تایبەتدا جێبەجێدەکرێن، هەمان برە بودجەی دەوێت".

سکرتێری کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی کرێنشینان، باسی لەوەشکرد کەئەو یەکانەی کە لەئێستادا دەکرێنەوە، لەسەرووی چینی ناوەندەوە دەتوانن بیکرنو وتی "بەڵام بەپێی یاسای ژمارە حەوتی پەرلەمانی کوردستان سەرجەم هاووڵاتیانی کەمدەرامەت، دەتوانن ببنە خاوەنی یەکەی نیشتەجێبوون، چونکە بەبێ پێشەکییەو قیستەکانی لەماوەی (٢٥) ساڵدا دەدرێتەوە".

# دوای درێژکردنەوەی بۆ ماوەی ١٦٦ رۆژ،

# پرۆژەی بینای پارێزگای سلێمانی تەنها نۆ رۆژی ماوەو تەواویش نابێت

فەرهاد قادر لەسلێمانی

پرۆژەی دروستکردنی بینای نوێی پارێزگای سلێمانی کە بەبڕی زیاتر لە٢٧ ملیار دینار جێبەجێدەکرێت، تەنها نۆ رۆژ لەبەردەم تەواوکردنیدا ماوە، لەکاتێکدا بەدوو قۆناغ ١٦٦ رۆژ ماوەی تەواوکردنی بۆ درێژکراوەتەوە.

بەپێی ئەو گرێبەستەی لەگەڵ کۆمپانیای گۆرکینی تورکی واژۆکراوە، وادەی تەواوکردنی پرۆژەکە ٢٠٠٩/٧/١٢ بوو، بەڵام تەواونەکراو پارێزگای سلێمانی ١٢٦ رۆژی بۆ درێژکردەوەو هەر تەواونەکرا، دواتر ماوەی ٤٠ رۆژی تری بۆ درێژکرایەوەو بڕیارە دواکات لە٢٠٠٩/١٢/٢٥دا تەواوبکرێت.

دانا سدیق بەڕێوەبەری پرۆژەکە، بەدەستووری راگەیاند "دوای دووجار درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە، دەبێت لە٢٥ی ئەم مانگەدا تەواوبکرێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەو ماوەیەدا تەواونابێت، چونکە تا ئێستا لە٩١٪ی پرۆژەکە تەواوبووە".

سەبارەی تەرخانکردنی ئەو بودجە زۆرە، خەندە فاروق ئەندازیاری سەرپەرشتیاری شارستانی پرۆژەکە دەڵێت "بودجەی پرۆژەکە تەنها بۆ دروستکرنی بیناکەیەو دەبێت بودجەیەکی جیاواز بۆ تەواوکردنی پێداویستییەکانی بیناکە تەرخانبکرێت".

پرۆژەی بینای نوێی پارێزگای سلێمانی، بەبری ٢٧ ملیارو ٣٣٢ ملیۆنو ٥٠٠ هەزار دینار لەدەروازەی سلێمانیو نزیك کارگەی شەکرەکەی سلێمانی دروستدەکرێت کە لە٢٠٠٨/٥/١٩دا دەستکراوە بەجێبەجێکردنی.



تەواونەکردنی پرۆژەکانی حکومەتی هەرێم لەکاتی خۆیدا ، بووەتە دیاردە — فۆتۆ: بیلال جەعفەر

# هیچ کەس ئامادەنییە ببێتە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی دەربەندیخان

فەرمان خێڵانیو دەشتی ئەنوەر لەدەربەندیخان

زیاتر لەمانگێکە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی دەربەندیخان دەستی لەکارکێشاوەتەوەو نەخۆشخانەکە بێ بەڕێوەبەرە، هیچ کام لەپزیشکەکانی نەخۆشخانەکەش ئامادەنین ئەو پۆستە وەربگرن.

سەرچاوەیەك لەنەخۆشخانەی دەربەندیخان بە دەستووری ڕاگەیاند"ماوەی زیاتر لەمانگێکە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە دەستی لەکارکێشاوەتەوەو تائێستا بەڕێوەبەریان بۆ نەخۆشخانەکە دانەناوە، لەبەرئەوەی هیچ کام لەدکتۆرەکان پۆستی بەڕێوەبەرێتی نەخۆشخانە وەرناگرن".

د.شەن مەهدی بەڕێوەبەری پێشووی نەخۆشخانەی دەربەندیخان ئاماژەی بەوەدا کە ئەو بەخواستی خۆی دەستلەکارکێشانەوەی نووسیوەو وتی"من بۆ خوێندن گەڕامەوە سلێمانی، بەمەش دەستبەرداری بەڕێوەبەرێتی نەخۆشخانەکە بووم".

هەروەها وتی"لەو نەخۆشخانەیە هەندێ دەسەڵات هەیە هی بەڕێوەبەرە، بەڵام لەبەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەی وەردەگرنەوە، بۆیە هیچ دکتۆرێك ئامادەنییە ئەو پۆستە وەربگرێت".

د.هۆگر غەفوور بەڕێوەبەری تەندروستی دەربەندیخان لەو بارەیەوە بە دەستووری ڕاگەیاند"کاروباری ئیدارە بەمیزاجو خولیایەو نابێت بەزۆر کەسێك بکرێت بەبەڕێوەبەر، دوای ئەوە داوامانکرد لەدکتۆرەکان بۆئەوەی یەکێکیان ببێت بەبەڕێوەبەر، بەڵام کەسیان ئامادەنەبوون پۆستەکە وەربگرن".

# لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵێک، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بانگەوازی ڕۆژنامەی دەستوور ڕادەگرێت

پ.دەستوور

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی دەستوور، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵێك لەسەر ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بڵاوکردنەوەی بانگەواز لەو ڕۆژنامەیە ڕادەگرێت.

دوای ئەوەی لەژمارەی ٨ی ڕۆژنامەی دەستوور هەواڵێکی لەسەر پارێزگای سلێمانی بڵاوکردەوە، سەبارەت بەوەی پارێزگاری سلێمانی زیاتر لەساڵێکە بەڵێنەکەی بۆ دوکاندارانی شەقامی مەولەوی نەبردووەتە سەر، کەبڕیاربوو کەپر بۆ سەر دوکانەکان دروستبکات، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی لەو ڕۆژنامەیەدا ڕاگرت.

دانا عەبدولکەریم سەرپەرشتیاری پرۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئەوەی ڕەتکردەوە کەئەوان لەبەر ئەو هەواڵە بانگەوازی ئەو ڕۆژنامەیەیان بڕیبێتو بە دەستووری ڕاگەیاند"سەندیکای بەڵێندەران داوایان لێکردین پێدانی ئەو بانگەوازانە بە ڕۆژنامەو کەناڵەکان کەمبکرێتەوە، لەبەرئەوەی بڕی پێدانی پارەی کۆمپانیاکان بۆ بانگەوازەکان زۆرە، لەبەرئەوە چەندین ڕۆژنامە ئەو بانگەوازانەیان لێبڕاوەو ئەوانەی داومانەتێ ئەوانەن کە ڕۆژنامەی ناسراون".

لەلایەکی ترەوە نەورۆز مستەفا لێپرسراوی بەشی پلاندانان لەپرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی وتی"سەرپەرشتیاری پرۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگا بەنووسراو ناوی ئەو ڕۆژنامەو کەناڵو ڕادیۆیانە دیاریدەکات کەبانگەوازی پرۆژەکانیان دەدەینێو ئێمەش بەپێی داواکەی ئەو دەیدەینە ئەو شوێنانە".

# پەروەردەی دەربەندیخان دەرماڵەی مامۆستایان خەرجناکات

کامەران لەدەربەندیخان

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەربەندیخان، ساڵانە دەرماڵەی ١٠ ڕۆژی مامۆستایانی سنوورەکە نادات.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، ئەو دەرماڵەیە وەك کرێی هاتوچۆی مامۆستایانە لە٨/٢٠ بۆ ٩/١و لەهەموو پەروەردەکاندا بۆ هەر مامۆستایەك ١٦ هەزار دینار خەرجدەکرێت.

مامۆستا غازی غەریب، کە مامۆستای ئەو سنوورە بووەو ماوەیەکە گواستراوەتەوە بۆ سنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شارەزوور بە دەستووری ڕاگەیاند لەپەروەردەی دەربەندیخان هیچ ساڵێك دەرماڵەی ئەو ١٠ ڕۆژەیان خەرجنەکردووەو بەبیانووی جۆراوجۆر خۆیان لێدزیوەتەوە.

عومەر محەمەد ئەمین بەڕێوەبەری پەروەردەی دەربەندیخانیش، بە دەستووری وت"شتی وانیەو نازانم ئەگەر ساڵانی پێشوو شتی لەو جۆرە هەبووبێت، چونکە ساڵی پێشتر بەڕێوەبەری پەروەردە نەبوومو تائێستاش یەك پەروەردە دەرماڵەی ئەو ١٠ ڕۆژەی خەرجنەکردووە".

نەبیل ساڵح بەڕێوەبەری بەشی خۆیەتی بنەڕەتی لە پەروەردەی شارەزوور، جەختی لەسەر خەجکردنی ئەو دەرماڵەیە کردەوەو ڕایگەیاند"پەروەردەی شارەزوور دەرماڵەی ئەو ١٠ ڕۆژەیان خەرجکردووەو لەمانگی ئەیلولدا بەمامۆستایانیان داوە".

# بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی ڕەگەزنامەی هەولێرو سلێمانی سکاڵا تۆماردەکەن

پ.دەستوور

قبوڵنەکردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەو پاسپۆرتو نشینگەی هەرێم لەلایەن بەغداوەو خەرجنەکردنی بودجەکەیان، هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامە لەسلێمانیو هەولێری ناچارکردووە سکاڵا لەسەر وەزارەتی ناوخۆو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی بەغدا تۆماربکەن.

لیوا موحسین عوسمان بەڕێوەبەری گشتی ڕەگەزنامەو پاسپۆرتو نشینگەی پارێزگای سلێمانی، بە دەستووری ڕاگەیاند"بۆ ئەوەی یەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامە لەهەرێمی کوردستاندا هەبێت، چەند جارێك لەگەڵ ڕەگەزنامەی گشتی بەغدا دانیشتوونو گفتوگۆیان کردووە، بەڵام ڕەگەزنامەی گشتی بەغدا ڕازی نابێتو کێشەی بۆ دروستکردوون".

هەروەها وتی"وەزارەتی ناوخۆی عێراق دەیەوێت هەردوو ڕەگەزنامە گشتییەکەی سلێمانیو هەولێر سەر بەحکومەتی ناوەند بنو وەك پارێزگاکانی دیکەی عێراق بکرێنە لقێکی ڕەگەزنامەی گشتی بەغدا، بەڵام ئێمە داوامانکردووە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی ڕەگەزنامە لەهەرێمی کوردستاندا هەبێت".

لیوا موحسین عوسمان ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەگەر هەردوو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە سەر بەحکومەتی ناوەندن، بۆچی تائێستا بودجەیان بۆ خەرجناکەنو وتی"لەکاتێکدا وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم لەسەر بودجەی (٪١٧)ی هەرێمی کوردستان هاوکاریمان دەکاتو بودجەمان بۆ خەرجدەکات".

ئەو بەڕێوەبەرە، وەزارەتی ناوخۆی عێراقو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی بەغدای ئاگادارکردەوە، کەئەگەر بودجەکەیان بۆ خەرجنەکەن، ئەوا سکاڵایان لەدژ تۆماردەکەن، بەوپێیەی وەزارەتی دارایی عێراق لەسەر بودجەی سیادی، بودجەی بۆ سەرفکردوونو ناردوویەتیە وەزارەتی ناوخۆی عێراق.

# دووان لەونبووەکانی هەڵەبجە کچنو شوویان کردووە

پ.دەستوور

بۆ گێڕانەوەی ئەو چوار منداڵە هەڵەبجەییەی کە لەکاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا لەکەسوکاریان ونبوون، بڕیارە لەسەرەتای هەفتەی داهاتوودا، شاندێك لەهەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەو مەبەستە سەردانی وڵاتی ئێران بکات. دەستوور ئەوەشی زانیوە کە دووان لە ونبووەکان کچنو شوویان کردووە.

لوقمان عەبدولقادر سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، ئاشکرایکرد"دوای ئەو دەنگدانەوە گەورەیەی لەئەنجامی گەڕانەوەی عەلی لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە دروستبوو، لەچەند لایەکەوە پەیوەندییان پێوەکراوە لەسەر بوونی چەند منداڵێکی تر کە لەکارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا ونبوونو تائێستا کەسوکاریان نەدۆزراوەتەوە".

لوقمان عەبدولقادر، بۆ دەستووریشی ڕوونکردەوە کە لەسەر بڕیاری هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، شاندێکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنراوە، کەنوێنەرانی هەریەکە لەکۆمەڵەی قوربانیانو وەزارەتی شەهیدانو ئەو خێزانانەی منداڵیان ونبووە لەخۆدەگرێتو بڕیارە لەئایندەیەکی نزیکدا ئەو شاندە سەردانی وڵاتی ئێران بکاتو کار بۆ گێڕانەوەی ئەو چوار کەسەی تر بکەن.

لوقمان ڕاشیگەیاند"بەپێی ئەو زانیاریانەی بەدەستیان گەیشتووە، ئەو چوار هەڵەبجەییە، دووانیان کچنو پرۆسەی هاوسەرگیرییان ئەنجامداوەو دووانیشیان کوڕن".

# کەرکوک تورەیە

## نارەزاییەکانی کەرکوك، ناحەقییە، یان بێبەرنامەییو خراپی ئیداری؟

گۆران وەهاب

بەرپرسانی حکومیو حیزبی لەپارێزگای کەرکوك دەڵێن نارەزاییو خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایەیەی هاووڵاتیان ناحەقییە بەرامبەریان ئەنجام دەدرێت، هاووڵاتیانیش بێبەرنامەییو خراپ ئیدارەدانی شارەکە دەکەنە بیانوو.

لەهەفتەی رابردوودا خۆپیشاندانو نارەزاییەکان لەشاری کەرکوك لەگەرەکە کوردنشینەکان زیاتر پەرەی سەند، هاووڵاتیان لەبەرامبەر نەبوونی پێداویستییەکانی ژیانو خزمەتگوزارییو کەموکورتییەکانی ئیدارەی ئەو شارەدا چەند خۆپیشاندانێکیان ئەنجامداوە، بەبڕوای چاودێرانی سیاسیش ئەو خۆپیشاندانانەی خەڵکی کەرکوك دەیکات، بۆ بێبەرنامەیو خراپی ئیدارەی شارەکە دەگەڕێتەوە.

ڕۆژنامەنوس لەتیف فاتیح فەرەج، پێیوایە نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست لەشاری کەرکوکدا ئەگەرچی بەشێکی پەیوەندی بەرابردووەوە هەیە، بەڵام بەشێکیشی بۆ ئیدارەی ئێستا شاری کەرکوك دەگەڕێتەوە، دەڵێت"بێخاوەنی کەرکوك وایکردوە کەرکوك وەك پێویست خزمەتگوزاری بۆ ئەنجامنەدرێت".

لەماوەی شەش ساڵی رابردوودا دوای رووخانی رژێمی بەعس، کەرکوکییەکان پێیانوایە دەسەڵاتی کوردی نەیتوانی لەبەر ململانێی حیزبیو بەرژەوەندی خۆیان، بپەرژێنە سەر ئیشوکاری هاووڵاتیانو ئەنجامدانی خزمەتگوزاری، ئەوان ئەنجامدانی خۆپیشاندانو نارەزایی بەهۆکاری نەبوونی خزمەتگوزاری ناودەبەن.

لەتیف پێیوایە خەڵکی کەرکوك مافی خۆیانە داوای پرۆژەی خزمەتگوزاریو پێداویستییەکانیان بکەن، "ناکرێت لەدوای شەش ساڵ لەئازادکردنی ئەو شارە خەڵك پێداویستییە سەرەتاییەکانی نەبێت".

هەروەها وتی"کێشەکە تەنها بۆ ئێستا نییە، بەڵکو پێدەچێت لەئایندەدا خراپتریش بێت".

بەشی هەرەزۆری بەرپرسانی ئیداری ئێستای پارێزگای کەرکوك کوردن، لەوانە پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنو سەرۆکی شارەوانیو قائیمقامو چەند شوێنێکی تریش، هاووڵاتیانی شارەکەش دەڵێن لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا وەك پێویست خزمەت بەو شارە نەکراوە بۆیە ئێستا خەلکەکەی لەئیدارەی شارەکە نارازییە.

عەبدولرەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکوك، گلەیی خەڵکی کەرکوکی بە"ناحەقی"زانیو وتی ئەوە "زوڵمە".

هەروەها وتی"ئەوەی لەماوەی ئەم شەش ساڵەدا جێبەجێکراوە، لەماوەی ١٠٠ ساڵی پێشتردا ئەوە نەکراوە".

کێشەی کارەباو ئاوو خزمەتگوزاری ئاوەڕۆ، لەپێداویستیە سەرەکییەکانی شارەکەن، کە لەئێستادا شارەکە پێویستی بە ٦٨٥ مێگاوات کارەبا هەیە، بەڵام پارێزگای کەرکوك توانای دابینکردنی ئەو بڕەی نییە.

عەبدولرەحمان مستەفا وتیشی"لێرەو لەوێ کۆمەڵە خەڵکێك دەستیانکردووە بەسووتاندنی تایە، ئەگەر ئەوان داواکاریان هەیە بابێن لەپارێزگا داوایبکەن، بەڵام ئەگەر خەڵك لەگەڵمان نەبێت ئێمە چی بکەین".

جگە لەهاووڵاتیانی شاری کەرکوکیش بەشێك لەبەرپرسانی شارەکەش دانبەوەدا دەنێن کە نەیانتوانیوە وەك پێویست خزمەت بەو پارێزگایە بکەن.

ئەحمەد عەسکەری ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوكو بەڕێوەبەری پرۆژەکانی ئەنجومەنی ئەو پارێزگایە، وتی"بەحکومەتی عێراقو حکومەتی هەرێمو ئیدارەی ئەمەریکاشەوە، نەیانتوانیوە ٪٥ پێداویستیەکانی شاری کەکوك دابینبکەن".

لەتیف فاتیح پێیوایە نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان بەرپرسانی شارەکە هۆکاری ئەو نارەزاییو گلەییانە لەبەرپرسان.

ئەو وتی"پارێزگار بەرپرسی یەکەمی شارەکەیە، بەڕێوەبەرێکی وەك کارەبا یان ئاوەڕۆ یاخود سەرۆکی شارەوانی بەقسەی ناکات، هەستدەکەم ئەمە گرفتە، بۆیە ئەوە کەمتەرخەمی دروستکردووە".



نەبوونی هەماهەنگی نێوان بەرپرسانی شارەکە، هۆکاری زیادبوونی نارەزاییەکانە

ڕەفعەت عەبدوڵا لێپرسراوی مەڵبەندی یەکێتی لەکەرکوك، ئەوەی ڕەتکردەوە کە ململانێی حیزبی هۆکاری ئەنجامنەدانی پرۆژەی خزمەتگوزاری بێت.

ڕەفعەت وتی"هەرچی پرۆژەیەك لەکابینەی پێشوودا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ کەرکوك جێبەجێکراوە، بەبڕیاری نێچیرڤان بارزانی بووە، ئەو سەرۆکی حکومەت بووە، خۆ سەرۆکی حکومەتی پارتی نەبووە، بەڵکو هی هەردوولا بووە، ئێستاش د.بەرهەمە، بەهەمان شێوە".

بەڵام لەتیف فاتیح فەرەج، ڕایگەیاند کە هەریەکە لەمەڵبەندی یەکێتیو لقی پارتی لەکەرکوك پێناچێت پێکەوە بەرنامەیان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاریو خزمەتکردنی خەڵکی شارەکە هەبێت.

ئەو وتی"زۆر نائاساییە پرۆژەو خیتابی هاوبەشیان نەبێت، بەرنامەیان بۆ پێکەوە خزمەتکردن نەبێت، لەرابردوودا یەکێك لەکێشە سەرەکیەکان ئەوە بووە، بۆیە ئێستا خەڵك تووڕەیە".

www.arsivakurd.org

# نوێنەرێکی مەسعود بارزانی عەشیرەتی گلی دەکاتە دوو بەشەوە

## بەناوی عەشیرەتی گلییەوە ٤٥٠ ملیۆن دیناری لەکۆمپانیایەکی نەوت بۆ خۆی وەرگرتووە

دەستوور

لەتیف گلی نوێنەری مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم لەپارێزگای کەرکوک، پێنج مانگ لەمەوبەر ٤٥٠ ملیۆن دیناری وەك حەقی بەکارهێنانی زەوییەکانی عەشیرەتی گلی لەلایەن کۆمپانیایەکی دەرهێنانی نەوتەوە بەناوی عەشیرەتەکەوە وەرگرتووەو بۆ خۆی بردوویەتی، دوای ئاشکرابوونیشی، عەشیرتەکە کێشەی تێکەوتووە.

نوێنەری سەرۆکی هەرێم پارەی قەرەبووکردنەوەی عەشیرەتی گلی بۆ خۆی دەبات

دوای ئەوەی کۆمپانیایەکی نەوت لەزەوییەکانی عەشیرەتی گلی لەناوچەی نێوان دووزو ناحیەی قادر کەرەم، دەستدەکات بەدەرهێنانی نەوت، وەك قەرەبووکردنەوەیەك بری ٤٥٠ ملیۆن دینار دەداتە دەستی لەتیف گلی کە تائێستا سەرۆکی ئەو عەشیرەتەیە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی دەستوورو وتەی ژمارەیەك لەعەشیرەتی گلی ناوبراو ئەو پارەیەی بۆ خۆی بردووەو نەیداوەتە عەشیرتەکە.

کەسێکی ناسراوی عەشیرەتی گلی بەدەستووری وت "ئەو زەوییانەی لەلایەن ئەو کۆمپانیای نەوتەوە بەکاردەهێنرێن بۆ دەرهێنانی نەوت، زەوی هەموو عەشیرتەکەن، نەك تەنها خزمانی لەتیف گلی، بۆیە دەبێت ئەو پارەیەی وەرگیراوە هەموو عەشیرەتە لێی سوودمەندبن".

ئەو کەسە کەنەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بەدەستووری رایگەیاند "لەتیف گلی ٤٥٠ ملیۆن دینارەکەی وەرگرتووە، لەبەرامبەر بەکارهێنانی ئەو زەویانە لەلایەن ئەو کۆمپانیایەوە، بەڵام پارەکەی بۆ خۆی بردووەو دوای بەدواداچوونی ئێمەش ئاشکرابوو، بۆیە ئێستا داوای مافی خۆمان دەکەین".

لەتیف گلی نوێنەری مەسعود بارزانی لەپارێزگای کەرکوك و سەرۆکی عەشیرەتی گلی، ئەو دەنگۆیانەی رەتکردەوەو وتی "ئەوە تەنها تۆمەتن بۆم هەڵدەبەستن، من کاری وا ناکەم چونکە من برا گەورەو سەرۆکی عەشیرەتی گلیم".

عەشیرەتی گلی بەنیازن لەدژی ئەو کارەی لەتیف گلی سەردانی هەریەکە لەمەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانی بکەنو سکاڵای خۆیانی پێبگەیەنن، داواش دەکەن هیچ کەسو حیزبو لایەنێك وەکو سەرۆکی عەشیرەتی گلی مامەلە لەگەل لەتیف گلیدا نەکەن.

عەشیرەتی گلییەکان متمانە لەسەرۆکەکەیان دەسێننەوە

کەسێکی دیاری عەشیرەتی گلی بەدەستووری وت "ئێمە لەم رۆژانەدا نامەیەك ئاراستەی مام جەلالو کاك مەسعود دەکەین، چونکە ئەو سەرۆکی راستەقینەی عەشیرەتی گلی نییەو بەناوی ئێمەوە سوودمەندبووەو بۆ بەرژەوەندی خۆی کاردەکات".

هەروەها وتی "ناوبراو لە لوبنان چاپخانەیەکی بەناوی (پەروین)ی خێزانییەوە هەیەو گوماندەکەین ئەو سەروەتو سامانەشی هەر وەکو ئەم کارەی ئێستای بەناوی عەشیرەتەکەوە پەیداکردبێت".

عەشیرەتی گلی بەنیازن سەرۆك عەشیرەتێکی تر بۆ خۆیان دەستنیشان بکەن، کە لە "پێناو عەشیرەتەکەدا کار بکات"، چونکە پێشووتر نیزامەدین گلی، لەتیف گلی وەك سەرۆکی عەشیرەت ناساندووە، نەك عەشیرەتی گلی خۆیان.

ئەو کەسە دیارەی عەشیرەتی گلی وتی "گوماندەکەین ژێر بەژێر لەتیف گلی چەندین کاری تری لەو شێوەیەی ئەنجامدابێت، چونکە لەماوەیەکی کەمدا دەوڵەمەندبووەو خانوو و سەیارەی مۆدیل بەرزی پێیەو دەڵێت سەرۆکی هەرێم پێیداوم".

لەتیف گلی بەدەستووری وت "من سەرۆکی عەشیرەتی گلیمو برا گەورەی عەشیرەتەکەم، ئەو ناوچانەشی کەوتووەتە ژێر دەستی ئەو کۆمپانیاپەوە هەمووی بەتاپۆی عوسمانی مولکی خۆمانە".

نوێنەری سەرۆکی هەرێم وتی "چەند جارێك داوای قەرەبوومکردووە لەو کۆمپانیایە، بەڵام بێسوود بووە، من پارەم وەرنەگرتووە".

ئەگەری روودانی شەڕ لەنێوان عەشیرەتی گلی هەیە

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور ئێستا خزمانی نزیکی لەتیف گلیو عەشیرەتی گلی ناکۆکیانەو هەردوولایان بەهۆی ئەو کارەوە کێشەیان هەیەو ئەگەری دروستبوونی شەڕیان هەیە.

عەمید سەرحەد قادر بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحییەکانی کەرکوك، ئەوەی بەدەستوور راگەیاند کە لەچەند رۆژی رابردوودا بەشێك لەئەفسەرانی پۆلیسی عەشیرەتی گلی داوای مۆلەتیان کردووەو بەهۆی ئەو کێشەیەوە گەڕاونەتەوە ماڵەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو کێشەیە بەدەستووری وت "بارودۆخی نێوانیان باش نییەو دوور نییە شەڕ لەنێوانیاندا دروستببێت".

# دەستوور ناوی کۆمپانیاو بەرپرسە قاچاغچییەکانی نەوتی رەش ئاشکرا دەکات

## حکومەتی هەرێم هەڕەشەی سزادانی هەر لایەنێك دەکات بازرگانی بەنەوتی رەشەوە بکات

تایبەت بەدەستوور

کۆمپانیاکانی گواستنەوەی نەوتی رەشو خاو بەشێوەی قاچاغ، لەلایەن چەندین بەرپرسی حیزبیو ئەمنیو کەسانی نزیك لەبەرپرسانو بازرگانانەوە پاڵپشتی دەکرێنو رۆژانە دەیان تانکەری نەوتی رەشو خاو لەسنوورەکانی هەرێمی کوردستانەوە ئاودیوی تورکیاو ئێران دەکەن، بەرپرسانی حکومەتیش ئاماژە بەوە دەکەن کەدژی بەقاچاغبردنی نەوتی رەش دەوەستنەوە.

دەستوور ناوی کۆمپانیاو خاوەنەکانیان بڵاودەکاتەوە

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور کورەکانی سالاری حەمە ئاغا کەدەکاتە خاڵی نێچیرڤان بارزانیو کەسی نزیکی ئەون، کۆمپانیایەکی گواستنەوەی نەوتی رەشیان هەیە بەناوی کۆمپانیای (شیرین)، کەئەو کۆمپانیایە لەبێجیو کەرکوکەوە نەوتی رەش هەناردەی دەرەوە دەکات.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو کۆمپانیایانە بەدەستووری وت "نیهاد بارزانی برای مەسعود بارزانی، لەرێگەی کۆمپانیای (اربیل ستیل)ەوە قاچاغی بەنەوتی رەشەوە دەکاتو فاروقی مەلا مستەفاش خاوەنی ئاسیا سێل لەرێگەی کۆمپانیای (وجد الابیڤ)ەوە".

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کەچەند کۆمپانیایەکی تریش کە بەپێی زانیارییەکانی دەستوور لەگەڵ چەند بەرپرسێکی تری حیزبیو حکومی لەهەرێمی کوردستان نەوتی رەشو خاو هەناردەی دەرەوە دەکەن، لەوانە کۆمپانیاکانی (هیجە، مون، ایدل ارتجی، قمر ساتع، جبل الاسود) کە لەکۆگای سەلاحەدینەوە نەوتی رەش دەگوازنەوە بۆ تورکیا.

هەر بەپێی ئەو زانیاریانەی دەستوور کورێکی دانای ئەحمەد مەجید پارێزگاری پێشووی سلێمانی کۆمپانیای گواستنەوەی نەوتی رەشی هەیەو لەسنوورەکانی هەرێمی کوردستانەوە ئاودیوی ئێرانی دەکات.

سەرچاوەکە وتی "دڵشاد پیرۆت نوێنەری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کابینەی پێشوو لەشاری کەرکوك، کە سەرپەرشتی پڕۆژەکانی دەکرد، بەشدارە لەپشکی بەشێك لەو کۆمپانیایانەو سەرپەرشتیان دەکات".

هاوکات عەرەبێکی دانیشتووی موسڵ بەناوی غانم عەلی لەلایەن چەند بەرپرسێکی حیزبی هەرێمەوە پشتگیری لێدەکرێتو کۆمپانیای گواستنەوەی نەوتی رەشی هەیە بۆ تورکیاو نووسراوی ئەو بەرپرسانە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت.

دەستوور ناوی چەند کۆمپانیایەکی تری گواستنەوەی نەوتی رەشی لایە لەشاری کەرکوك، بەڵام تائێستا بۆی رووننەبووە کە لەلایەن چ بەرپرسێکەوە پشتگیری دەکرێت، لەوانە کۆمپانیای ئاکۆو کۆمپانیای عەلی.

د.محەمەد قەرەداغی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم، بەدەستووری وت "لەهەموو دونیادا قاچاغچی کاری خۆی دەکات، بەڵام وەکو حکومەت زانیاری ووردمان لەسەر ئەو کۆمپانیایانە نییە کە بازرگانی بەنەوتی رەشەوە دەکەن".

محەمەد قەرەداغی ئاماژەی بەوەشدا کەوەکو حکومەتی هەرێم دژی ناردنی نەوتی رەشو خاون بەشێوەی قاچاغ بۆ دەرەوەی هەرێمو وتی "ئەگەر هەر لایەنو کەسو کۆمپانیایەکیش ئاشکرابن کە بازرگانی بەنەوتی رەشەوە دەکەن، ئەوا سزایان دەدەین".

لەبێجییەوە بۆ کەرکوك و لەوێشەوە بۆ سەر سنوور

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، زۆربەی ئەو تەنکەرانەی کە نەوتی رەش بەقاچاغ دەنێرنە دەرەوە، لەبێجییەوە دێنە کەرکوك و لەوێشەوە بەشێکیان لەسلێمانیو بەشەکەی تریشیان لەهەولێرو موسڵەوە دەگەیەنرێنە سەر سنوور.

سەرچاوەکە وتی "ئەو تەنکەرانە زۆربەی کات لەشەودا نەوت دەگوازنەوەو رۆژانە بەدەیان تەنکەر ئاودیوی سنوور دەکەن، بەبێ ئەوەی لەسەر سنووریش هیچ رێگرییەکیان لێبکرێت".

دەستوور چەند جارێك پەیوەندی بەمەرزەکانی سەر سنوورەوە کرد، بەڵام هیچ زانیارییەکی دەست نەکەوت.

دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوك بەئاودیوکردنی نەوتی رەشەوە تێوەگلاون

بەپێی سەرچاوەیەکی ئاگادار لەدەزگا ئەمنییەکانی شاری کەرکوك، ئاسایشو بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی کەرکوك یارمەتیدەری ئەو کۆمپانیایەنو رێگە بەتێپەڕبوونیان دەدەن، بەڵام بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکوك ئەوە رەتدەکاتەوە.

دەستوور ئەوەی زانیوە کەدەزگا ئەمنییەکانی کەرکوك لەئاسایشو پۆلیسو بەرپرسانی ئەو شارە لەگواستنەوەی نەوتی رەش تێوەگلاون.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەدەزگا ئەمنییەکانی کەرکوك، بەدەستووری وت "ئەو تەنکەرانەی لەبێجییەوە دێن، بەبازگەی سوپادا تێپەڕدەبن، بەڵام کاتێك دێنە ناو شاری کەرکوك چەند ئەفسەرێکی پلەبەرز لەسەنتەری رێکخەری پەیوەندییەکانی ئەو شارە (JCC)، سەرپەرشتی دەکەنو گومان دەکرێت پشکیان لەکۆمپانیاکاندا هەبێت".

هەروەها بەپێی نووسراوێك کەدەست دەستوور کەوتووە، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوك، داوا لەبنکەکانی پۆلیس دەکات رێگە بەتێپەڕبوونی ئەو کۆمپانیایانە بدەن کەئەو کارە دەکەن.



دەزگا ئەمنییەکان بەبازرگانی نەوتی رەشەوە تێوەگلاون

لەنووسراوەکەدا کە ژمارە (١٣٢٧٦)ی لەسەرەو لەرۆژی ٢٠٠٩/٩/٢٩ ئاراستەی یەکێك لەبنکەکانی پۆلیس کراوەو ئیمزای لیوا جەمال تاهیری لەسەرە، هاتووە "ئاسانکاری بکرێت بۆ هەریەکە لەکۆمپانیاکانی (هیجەو مونو ایدل ارتجی) بۆ گواستنەوەی نەوتی رەش، لەکۆگای سەلاحەدینەوە بۆ تورکیا".

دەستوور پەیوەندی بە عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوکەوە کرد، بەڵام ئامادەنەبوو لێدوان بدات.

لەلایەکی ترەوە لیوا جەمال تاهیر بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوك بەدەستووری وت "ئەگەر حاڵەتی وا هەبێت ئێمە ئەو کەسانەی کەقاچاغی بەنەوتی رەشەوە دەکەن، دەستگیر دەکەین، بەڵام شتی وانییە".

بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوك لەبارەی ئەو نووسراوەوە وتی "من ناوی ئەو کۆمپانیایانە ئێستا ببیستم، ئەگەر دەتوانن نووسراوەکەم بدەنێ من مەمنونتانم، چونکە ئەوە ئیشی ئێمەیە ئەوکەسانە دەستگیر بکەین نەك یارمەتیان بدەین".

ئاماژەی بەوەشدا کەئەوان بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت رێگە لە بەقاچاغ بردنی نەوت دەگرن.

لەماوەکانی رابردوودا چەند جارێك کێشە لەنێوان ئاسایشی پارتیو یەکێتی دروستبووە، سەبارەت بەتێپەڕبوونی تەنکەرەکانی نەوت، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی دەستوور تەواوی ئەو کۆمپانیایانە نووسراوی بەرپرسانو دەزگا ئەمنییەکانیان پێیە بۆ تێپەڕبوونو رێگە پێنەگرتنیان.

فیرقەی ١٢ داوای پشکی ئەو نەوتە دەکات

بەرپرسی ئیستخباراتی فیرقەی ١٢ی سوپای عێراق، لەچەند رۆژی رابردوودا، رێگری لەتێپەڕبوونی چەند تەنکەرێکی نەوتی رەش کردووەو داوای پشکیان لەو کۆمپانیایانە کردووە.

عەقید عەدنان، برای سەرۆکی فیرقەی ١٢ی سوپای عێراقو بەرپرسی ئیستخباراتی ئەو فیرقەیە، بەپێی زانیارییەکانی دەستوور پرسیاری تێپەڕبوونو گواستنەوەی ئەو نەوتە کردووەو گومانی لەگواستنەوەی ئەو تەنکەرە نەوتانە هەبووە، هەر بۆیە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەویش داوای پشکی کردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەفیرقەی ١٢ی سوپای عێراق، بەدەستووری وت "لەماوەکانی رابردووشدا رێگەیان لەتێپەڕبوونی چەندین گرتووە، بەڵام پێدەچێت ئەو کۆمپانیایانە بۆ بەردەوامی کارەکانیان شتێکیش بەو فیرقەیە بدەن".

ماوەیەکە لەدەوروبەری کەرکوك سوپای عێراقو فیرقەی ١٢ بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەك بازگەیان داناوە.

# ململانێ لەسەر دەستوور سەرهەڵدەداتەوە

## ئیسلامییەکان خواستی گۆڕینی چەند بڕگەیەکیان هەیە، گۆڕان دژیەتی و لیستی کوردستانیش داوای ریفراندۆم دەکات



گۆڕان داوادەکات دەستوور هەمواربکرێتەوەو لیستی کوردستانیش داوای ریفراندۆم دەکات

فۆتۆ: فەرهاد قادر

پ.دەستوور

جارێکی تر ململانێیەکان لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان لەنێوان کوتلە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان سەرهەڵدەداتەوە، کاتێك لیستی کوردستانی لەنوێترین هەوڵیاندا داوای ریفراندۆم لەسەر دەستوورەکە دەکەن.

پێدەچێت کێبرکێکان لەسەر مەسەلەی دەستوور قۆناغێکی نوێ بەخۆوەببینێت، چونکە ئەوانەی دژایەتی ئەو دەستوورە دەکەن نزیکی سێ یەکی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان پێکدەهێنن.

دوابەدوای دیاریکردنی وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کەدەکەوێتە سەرەتای مانگی سێ، لیستی کوردستانی داوایەکی بەرزکردووەتەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی ریفراندۆم لەسەر دەستوور لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنەدا، لەبەرامبەریشدا بەرەی ئۆپۆزیسیۆن هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە لەپێناو گێڕانەوەی ئەو دەستوورە بۆ سەرلەنوێ هەموارکردنەوەی چەند مادەیەکیو بەشێك لەئەندامانی کوردستانیش هەر هەنگاوێکی لەو شێوەیە بەهەوڵێکی نەزۆك وەسفدەکەن لەڕووی سیاسیو یاساییەوە.

بەپێی دەستوور گێڕانەوەی دەستوور بۆ پەرلەمانو هەموارکردنەوەی پێویستی بە دەنگی ٢ لەسەر ٣ی ئەندامانی پەرلەمان هەیە، بەڵام ئەوانەی خوازیاری هەموارکردنەوەی دەستوورن، ناگەنە ئەو رێژەیە.

زانا رەئوف مەنمی پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان بە دەستووری راگەیاند کەهەوڵەکانیان لەپێناو گێڕانەوەی دەستوور بۆ پەرلەمان چڕدەکەنەوە، ئەوەش بەمەبەستی بەهێزکردنو دەوڵەمەندکردنی ئەو دەستوورە.

لیستی گۆڕان دەیانەوێت بەدواداچوون بۆ ئەو راپۆرتو پێشنیارانە بکەن کە لەلایەن پسپۆرانی یاساییو کەسایەتیو رۆشنبیرانەوە ئاراستەی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور کراوە، زانا وتی"چونکە دەمانەوێت بەدوای ئەوەدا بچین کە بۆ بەشێکی ئەو پێشنیارانە بەهەند وەرگیراوەو بۆ بەشێکیشی فەرامۆش کراوە".

مەنمی پێویستی هەموارکردنەوەی گشگیری دەستووری گێڕایەوە بۆ دووهۆ لەوانە یەکلاکردنەوەی چۆنێتی رێکخستنی بەشداری سیاسی، هەروەها وتی"ئەگەر بویسترێت ماڵی کوردی بەتەواوی یەکبخرێت ئەوا بەلایەنی کەمەوە دەبێت لەسەر کۆمەڵێك بنەما رێکبکەوین کە بێگومان گرەنتی ئەم بنەمایانە بەدەست نایەن ئەگەر لەدەستووردا جێگیر نەکرێن".

شیروان حەیدەری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانیش هەر هەوڵێك بۆ گێڕانەوەی دەستوورو سەرلەنوێ هەموارکردنەوەی بەکارێکی هەڵەو ئیفلیج بوو وەسفدەکات.

حەیدەری بەدەستووری وت "بەهیچ شێوەیەك نە لەڕووی سیاسیو نە لەڕووی یاسایشەوە رێگە نادرێت بەگەڕانەوەی دەستوور".

هەروەها وتی "چونکە لەڕووی سیاسیەوە یەکەم جارە کەمیللەتی کورد دەبێتە خاوەن دەستووری خۆیو لەڕووی یاسایشەوە ئەوان تەنها دەتوانن بەشێوەی پرۆژە یاسا پێشکەشی پەرلەمان بکەن".

حەیدەری تەئکیدی لەسەر هەڵوێستی لیستەکەیان کردەوە لەمەڕ پێویست نەبوونی سەرلەنوێ هەموارکردنەوەی دەستوور بەر لەدەنگدانو وتی"لیستی کوردستانی دەنگی بۆ پەسەندکردنی ئەو دەستوورە داوە ئیتر چۆن داوای گێڕانەوەی ئەو دەستوورە دەکات".

لە(٢٦)ی حوزەیرانی ئەمساڵدا لەدانیشتنێکی پەرلەمانی خولی دووەمدا، بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمان رەشنووسی دەستووری هەرێم پەسەندکرا.

ئەوکات ئەندامانی پەرلەمان بەئیسلامیەکانیشەوە پێکهاتن لەسەر ئەوەی کە لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی هەرێم دەستووری هەرێمیش دەنگی لەسەر بدرێت، بەڵام لەپاش دیاریکردنی ئەو وادەیە لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە چەندین کاردانەوەی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێنا، هەربۆیە ئەم کاردانەوەیەش وایکرد کەبڕیاری دواخستنی ریفراندۆمی دەستوورەکە بدرێت.

لەچەند رۆژی رابردوودا لیستی کوردستانی لەنامەیەکدا بەفەرمی داوایەکی ئاراستەی هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێم کردو تیایدا داوای دیاریکردنی وادەیەکی کرد بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی دەستووری هەرێمی کوردستان، بەڵام تائێستا ئەو وادەیە دیاری نەکراوە.

لایەنە ئیسلامیەکانیش کە لەماوەی رابردوودا لەبەرامبەر چەسپاندنی ئیسلام وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانان قبوڵی دەستووری هەرێمی کوردستانیان کردو دەنگیان بۆدا، بەڵام ئێستا دیسانەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە تێبینیان لەسەر دەستوورەکە هەیە.

بەرەی ئۆپۆزیسیۆن لەپەرلەمانی کوردستاندا، خاوەنی (٣٥) کورسی پەرلەمانن، بەڵام وەك پەرلەمانتاران باسی دەکەن ئەو ژمارەیە لەو ئاستەدا نییە کەبتوانێت جارێکی تر دەستوور بگێڕێتەوە نێو هۆڵی پەرلەمانو ئەو شەرە گەورەیەی کە لەسەر دەستوور بەڕێوەیە ئەنجامیبدەن.

ئارام قادر سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لەپەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت"بوونی دەستوورێکمان پێ باشترە بەکەمو کورتییەکانیەوە وەك لە نەبوونی، بەڵام تێبینیمان لەسەری هەیە".

قادر بەدوریشیزانی کە ئۆپۆزیسیۆن بتوانێت دەستوور بگەڕێنێتەوەو وتی"هێزی ئۆپۆزیسیۆنیش لە(٣٥) کورسی تێپەرناکاتو ئەو رێژەیەش ناگاتە رێژەی یاسایی بۆ گەڕاندنەوەی پرۆژەی دەستوور".

هەروەها وتی"دەستوور بێ کەموکوری نییە، بەڵام ئەوە دەکەوێتە سەر ئەو هاووڵاتیانەی کەدەنگ بە دەستووری هەرێم دەدەنو ئەوان دەتوانن بەبڕیارەکانیان ئەو گۆڕانە بکەن".

پێشتریش یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئەوەیان راگەیاند کە لەکاتی دیاریکردنی وادەی ریفراندۆم لەسەر دەستوور، سەرکردایەتی یەکگرتوو قسەی خۆی دەبێتو هەڵوێستی خۆی ڕوونده‌کاتەوە.

هەروەك ئاماژەشیان بەوە کرد، کەخواستی گۆڕینی چەند بڕگەو مادەیەکیان هەیە.

# سلێمانی سەرۆکی شارەوانییەکەی دەداتە دادگا

## بەهۆی کەمتەرخەمی شارەوانی سلێمانیو گوێنەدان بەزیادەڕۆیی و سەرپێچییەکان، عومەر مەحوی دەدرێتە دادگا

هێمن لەتیف لەسلێمانی

دوای چەندین جار بەڵێندان بەهاووڵاتیان، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی نەیتوانی بەڵێنەکانی بباتەسەر، لەدۆزینەوەی شوێنێك بۆ مولیدە ئەهلییەکانو داگیرکردنی شۆستەکان لەلایەن هاووڵاتیانو کۆتایی هێنان بەزیادەڕۆییەکانی شارەوانی.

لەسلێمانی، تەواوی بەردەم بیناو باڵەخانە گەورەکان موەلیدەی گەورەی لێدانراوەو کاریان پێدەکرێت، بەهۆی نەبوونی پارکی راوەستانی ئۆتۆمبێلیش لەشۆستەی شەقامە سەرەکییەکانی شاردا ئۆتۆمبێل رادەوەستێت.

هەروەها ئەو بینایانەی کە لەلایەن شارەوانییەوە ژێرەوەیان مۆڵەتی راوەستانی پارکی ئۆتۆمبێلیان پێدراوە، کراون بەبازارو سۆپەرمارکێت، سەرۆکی شارەوانیش بەهۆی لێنەپرسینەوەو کەمتەرخەمی لەو کارانە، لەلایەن هاووڵاتیانەوە دەدرێتە دادگا.

شەممەی رابردوو، بەهۆی گرگرتنی دوو موەلیدەی کارەباوە لەشەقامی سالم، کەشەقامێکی سەرەکی شاری سلێمانییە، ٥ ئۆتۆمبێل سوتانو زەرەر بەر دوکانەکانی نزیك ئەو دوو موەلیدەیە کەوت، کە دوو موەلیدەکە لەسەر شۆستەی شەقامەکانو بەردەم بازارەکان دانرابوو.

عومەر مەحوی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، لەژمارە ٢ی رۆژنامەی دەستووردا بەڵێنی ئەوە دەدات کە لەزوترین کاتدا بەدواداچوون بۆ ئەو زیادەڕۆیانە بکات، بەڵام دوای تێپەڕبوونی مانگێك بەسەر ئەو لێدوانەیدا تائێستا هیچیان نەکردووە.

دوو رۆژ دوای گرگرتنی موەلیدەکەی شەقامی سالم، دیسانەوە لەهەمان شوێندا موەلیدەیەکی گەورەتر دانرایەوە، کە لەسەر شۆستەکانە، بەبێئەوەی شارەوانی هیچ لێپێچینەوەیەك لەگەڵ ئەو خاوەن موەلیدانەدا بکات.

بەڕێوبەری کۆمپانیای هاوڕێو ئوتێل هێما، خاوەنی ئۆتۆمبێلە سوتاوەکان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەهۆکاری گرگرتنی ئۆتۆمبێلەکانیان دەگەڕێننەوە بۆ بوونی ئەو موەلیدانەی لەسەر شۆستەکان دانراون، چونکە هەر موەلیدەیەك چەند مەترێك درێژەو سەر شۆستەکەی لەهاووڵاتیان گرتووە.

هاوڕێ حەسەن دەروێش، بەدەستووری وت"سکاڵای یاساییمان لەدژی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی عومەر مەحوی تۆمارکردووەو داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەشیان لێدەکەین".

هەروەها وتی "شارەوانی سەرپێچیان کردووە، ئەوان هۆکاری سەرەکی ئەو زیانەن کە لێمان کەوتووە".

ئێستا ئەو باڵەخانانەی شەقامی سەرەکی سالم، کەشارەوانی مۆڵەتی پێداون نهۆمی ژێرەوە بکەنە پارکی ئۆتۆمبێل، بەڵام بەهۆی لێنەپرسینەوە لەو باڵەخانانە دوای تەواوبوونیان، لەئێستادا زۆرێکیان نهۆمی ژێرەوەیان کردووە بەسۆپەرمارکێت.

عومەر مەحوی بە دەستووری وت "ئەو موەلیدەو شتومەکانەی لەسەر شۆستەکان دانراوە نایاساییە، شکلێکی ناشرینی داوە بە شاری سلێمانی، لەهەڵمەتەکانی شارەوانیشدا ئاگاداریان کردوونەتەوە خانوو لەپشتی بیناکانیانەوە بۆ دانانی موەلیدەکانیان بگرن، یاخود بیبەنە سەربانی بیناکانیان".

هەروەها وتی"بەڵام کەس نەهاتووە بەدەم داواکەمانەوە".

عومەر مەحوی جارێکی تریش بەڵێنیدا کە لەزووترین کاتدا هەڵمەتێك دەستپێدەکەن بۆ پاککردنەوەی شەقامەکان لەو دیاردانە.

سەرۆکی شارەوانی ئۆباڵی بەشێك لەو سەرپێچیانەی هاووڵاتیانو سزانەدانیان گەڕاندەوە بۆ دەستێوەردانی بەشێك لەبەرپرسان لەکارەکانیان.



گڕگرتنی موەلیدەیەك سەرۆکی شارەوانی دایە دادگا



عومەر مەحوی

سەرۆکی شارەوانی وتی"لەلایەن بەرپرسانەوە رێگەمان نادەن تا غەرامەیان بکەین، یان هۆتێلەکەیان دابخەین".

هاووڵاتیان داوادەکەن سیمای شارەکە جوانتر بکرێتو رێگە بەو زیادەڕۆیانە نەدرێت

لەکاتی ڕووداوێك بەهۆی سەرپێچییەکانەوە، لەجۆری ئاگرکەوتنەوە یان هەر ڕووداوێکی تر، جگە لەزەرەرمەندبوونی هاووڵاتیان، چەندین هاووڵاتی ئیشوکارەکانیان رادەوەستێت.

فەرەیدون عوسمان ئەندازیاری چاکەرەوەی هێڵی تەلەفۆنەکانی کۆمپانیای تەلەفۆنی کوردتێل، وتی"تەنها بەهۆی کەوتنەوەی ئەو ئاگرەوە کابینەیەکی تەلەفۆنمان سوتاوە، کە (٢٥٠) هێڵی تەلەفۆنی تێدابووە".

سەرۆکی شارەوانی سەبارەت بەو سکاڵا یاساییەی لەسەری تۆمارکراوە، وتی"ئەگەر سکاڵاکە گەیشت ئەوا لەلایەن بەشی یاسایی شارەوانییەوە وەڵامیان دەدەینەوە".

هەروەها وتی"بەهیچ شێوەیەك قەرەبووی کەس ناکەینەوە، ئەو زیانەشی لەو هاووڵاتییانە کەوتووە، دەبێت خاوەنی موەلیدەکە ئەو باجە بداتو قەرەبوویان بکاتەوە".

www.arsivakurd.org

# "بڵاوکردنەوەی یاداشتەکان ڕەنگە کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان هەبێت لەڕووی ساردکردنەوەی خەڵکەوە"

## عوسمان بانیمارانی ئەندامی ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ دەستوور

نەجات ئەحمەد لەهەولێر

عوسمان بانیمارانی ئەندامی سەرکردایەتی پێشووی یەکێتی‌و ئەندامی ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕان، لەئێستادا بڵاوکردنەوەی یاداشتەکانی نەوشیروان مستەفا بەگونجاو نازانێ‌و پێیوایە هەندێ خەڵک لەبرساندا تەسلیمی یەکێتی بوونەتەوەو ئاماژە بەوەشدەکات، کە د. بەرهەم هیچ خالێکی بەهێزی نییە بۆ پشتیوانی کابینەکەی.

**دەستوور:** باڵەوەوە دەستپێبکەین، ئەوانەی دەنگیان بەلیستی گۆڕان داوە، گلەیی ئەوە دەکەن کەنەدەبوو، ئێوە هەر سێکتان خۆتان لەپەرلەمانی کوردستان بکشێنەوە بەبیانوی ئەوەی کەشوێن بۆ خەڵکی تر خۆشدەکەن‌و ئەرکی ترتان لەسەرشانە؟

**عوسمان بانیمارانی:** مەسەلەی خۆکێشانەوەی ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان دوو لایەنی سەرەکی بوو، یەکیان ئەوەیە بەڕاستی ئێمە پێمانوایەو ڕاشمانگەیاندووە، کە خەڵکی گەنج بچێتە پەرلەمان باشترەو خەلکیش داوای ئەوە دەکات بۆ ئەوەی بەڕاستی گۆڕانکاری بکەن‌و پەنجە لەسەر کەموکورییەکان دابنێن، لایەنی دووەمیش ئێمە تەنیا لەسەر یەك ئاست کارناکەین، کە تەنیا فراکسیۆنەکەمان لەپەرلەمان کاربکات، بەلکو لەدەرەوەی پەرلەمانیش شتێك هەیە بەناوی بزووتنەوەی گۆڕان‌و پێویستە کاری لەسەربکرێت‌و کۆمەلێك کەسیش دەبێت کاری لەسەر بکەن تا ببنە پشتگیریەکی بەهێز بۆ فراکسیۆنەکەی پەرلەمان‌و ئەوانیش لەسەر پێی خۆیان بوەستن‌و ڕووبەڕی هەموو ئەو کێشانە ببنەوە کە دەسەڵات بەو هەموو ئیمکانیەت‌و هێزو تواناو پارەوە کە هەیەتی لە ڕۆلی ئەوان کەمبکاتەوە، خۆ هەڵبژارنی ئێمەش پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە ئێمە خواستی بردنەوەمان هەبوو، لەبەرئەوە ئیحتیاتی خۆمان وەرگرتبو تا بتوانین شوێنەکان پربکەینەوە، بۆیە ئەوانەمان لەبەرچاوگرتبوو.

**دەستوور:** ئەی ئەدای ئەندامانی پەرلەمان بەگشتی‌و فراکسیۆنی گۆڕان بەتایبەت چۆن دەبینی؟

**عوسمان بانیمارانی:** بەگشتی ئەوەی دەیبینین کە بەشێوەی کلاسیکی لەکۆنەوە دەسەڵات کاری لەسەردەکات، بەڕاستی ئەندامانی پەرلەمان ئازادی رادەربرینیان بەکەیفی خۆیان نییەو دەبێت بگەرێنەوە بۆ حیزبەکانی خۆیان‌و بەرژەوەندی حیزبەکانیان لەبەرچاوبگرن ئینجا قسە بکەن، بەلام فراکسیۆنی گۆڕان بەپێی بەرنامەی گۆڕان کاری خۆیان دەکەن‌و هیچ پێویست بە گەرانەوە ناکات، چونکە بەرنامەکە ڕون‌و ئاشکرایەو ئازادی ڕادەربڕینیان هەیە بە تاکو کۆ.

**دەستوور:** دوای ئەوەی کەلیستێکتان دروستکرد بەناوی ئەوانەی کەنانیان براوەو دواتر داتانە سەرۆکایەتی هەرێم‌و ئەوانیش وەك ئەوەی بڵاوکرایەوە، نزیکەی ٣٠٠ کەسیان جیاکردووەتەوەو ئەوانی تر گواستراونەتەوەو نەچونەتە سەر کارەکانیان‌و فەسلکراون؟

**عوسمان بانیمارانی:** ئەوانەی کە وەك لیستێك کۆمانکردنەوە زیاتر لە ١٠٠٠ کەس بوون‌و لەهەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگای تێدابوو، ئەوانەش هەمویان نانبرین نەبوون‌و گواستنەوەشیان تێدابوو، بۆ نموونە، هەبوو چەندین دەستخۆشی هەبوو کەچی دواتر گواستراوەتەوە، ئەمە جگە لەلێسەندنەوەی پلەی وەزیفی، یان پۆلیسك لەرانیەوە بگوازرێتەوەوە بۆ خانەقین، ئەمە مانای فەسلکردن نیە؟ ئەوانیش لەئەنجامی گواستنەوەیان‌و نەچونیان بۆ شوێنەکەی تریان فەسلکراون‌و نانیان براوە، بۆ لەوکاتەدا تۆ ئەوانە دەگوێزیتەوە، ئەگەر بیانووی گۆڕان بونیان نەبێت؟، هەندێك لەوانە پالیان پێوەنراوەو بەشێکیان کادیری حیزب بون‌و پێیان وتوون کە برۆنە مالەوە، بەلام لەهەموو ئەو حالەتانەدا پرسیارمان ئەوەیە ئایا ئەمە حکومەتی حیزبە یان حکومەتی گەلی کوردستان؟، ئەگەر حکومەتی حیزبە ئەوا هەقی خۆیانە ئەوانەی دەنگیان بە گۆڕان داوە نانبراو بکرێن، بەلام ئەگەر حکومەتی گەلی کوردیشە ئەوا جیاوازی بیروبۆچون ئاساییە، ئەوانە هەقی ژیانیان هەیە، باشە لێرەدا دەپرسین ئەو بودجەیەی یەکێتی‌و پارتی وەریدەگرن‌و دەیدەن بە کادیرەکانیان لە کوێ دەیهێنن؟، ئایا لەو لە١٧٪یەی بودجەی عێراق نیە کە بەشی نانبراوەکانیشی تێدایە، با بێن لەکادیرەوە بیانگوازنەوە بۆ پلەی وەزیفی مەدەنی نەك نانبرینیان، ئەمەش وایکرد کە هەندێك کادیر لەبرسان تەسلیم بە یەکێتی ببنەوەو پێشتریش ئەوە هەبووەو خەلك دەچوو سەری بۆ دوژمنی خۆی شۆر دەکرد لەپێناو پێداویستی منداڵەکانی، ئێستاش بەهەمان شێوە خەلك لەگەل گۆڕان بووەو بۆ بژێوەی ژیانی دەگەرێتەوە ناو یەکێتی، بەشێکیشیان بانگکراونەتەوەو پێیانوتراوە نە ئێوە دەنگ‌و نە ئێمە دەنگ، بگەرێنەوە.

**دەستوور:** باسی گەرانەوەی ناو یەکێتیت کرد، ئاماژە بەوە دەکرێت، خراپی باری داراییتان، کاریگەری لەسەر چونەوەی کادیرانتان هەیە بۆ ناو یەکێتی؟

**عوسمان بانیمارانی:** هەر لەسەرەتاوە گۆڕان بە کەسی نەوتوە موچەتان دەدەمێ‌و بە ڕاستی ئێمە زۆر دژ نین لەگەرانەوەی ئەوانەی موچەیان نیە بۆ ناو یەکێتی، چونکە ئێمە ناتوانین موچەیان بدەینێ‌و ژیانیان بۆ دابینبکەین، کادیر هەبووە لەیەکێتیەوە هاتووەتە ناو گۆڕان‌و موچەکەی براوەو ناتوانێت بەبێ ئەو موچەیە بژیت، کاتێ دەگەرێتەوە پێمان ناخۆش نیە، بەلام ئەو ژمارەی کە پیشاندەدرێت لەتەلەفزیۆنەکانیان راست نین، بۆ نمونە ئێمە ئەو ژمارە زۆرەمان لە ئاکرێ‌و دهۆك نەبووە، تا ئەوان بەو شێوەیە پیشانیان بدەن‌و ئەوانە زیاتر ڕێکلامی هەلبژاردنەو پێموایە یەکێتی خۆی ئەوەندە ئەندامی نیە تا گۆڕان ئەوەندەی لەو شوێنانە هەبێت، نازانم بۆچی لە سنورەکان دەستیانپێکردوە بۆ لە خانەقینەوە دەچنە زاخۆو ئاکرێ بۆ نایەن لەهەولێرو کۆیەو سلێمانی ئەو کارە بکەن، هەرچەندە پێموانیە ئەوەی موچەی نەبێت، بگەرێتەوە ناو یەکێتی لەبەرئەوەی ئەوەندە زۆر نیە بونەتە گۆڕان‌و لەوەتەی بونەتە گۆڕانیش یەکێتی گۆڕانێکی وای بەسەردا نەهاتووە تا ئەوانە بەو شێوەیە پەشیمان ببنەوەو بچنەوە ناو یەکیتی‌و پارتی، لەبەرئەوەی پێموایە نە یەکێتی‌و نە پارتی ناتوانن تورەیی شەقامی کوردی لەدەسەڵات چاك بکەنەوەو ئەوانەیشی دەنگیان بە گۆڕان نەداوە پەشیمانن، لەبەرئەوە بارودۆخەکە خراپتر نەبوبێت، باشتر نەبووە، بە پێچەوانەوەشەوە بزووتنەوەی گۆڕان کارێکی وای نەکردوە تا خەلك بەو شێوەیە واز لە گۆڕان بهێنێت، باوەریش ناکەم خەلکی گۆڕانخواز بگەرێنەوە ناو یەکێتی.

**دەستوور:** سەرچاوەی دارایی بزووتنەوەی گۆڕان لە کوێوەیە؟ ئەو برە پارەی یەکێتی پێیدابوون تەواو نەبووە؟

**عوسمان بانیمارانی:** بەڕاستی ئێمە سەرچاوەی دیاریکراوی داراییمان نییە، ئەو پارەیەی کە کاتی خۆشی لەیەکێتی وەرگیرابوو، تەواو بوو تەنانەت هەلبژارنەکانیش لەسەر ئەو پارەیە نەبوو، ئەو پارەیە زیاتر بەشەکانی کۆمپانیای وشەی پێدامەزرێنراو دەمێکە تەواوبووە، ئێمە لەبزووتنەوەی گۆڕان دوو سەرچاوەی داراییمان هەیە، یەکەمیان خواپێداوو دەولەمەندەکانی ناوخۆو دەرەوەن‌و یارمەتی دووەمیشمان لەدەوەی ولات لەلایەن رەوەندی کوردیەوە بۆمان دێت‌و ئەویش هەندێك جار هەیەو هەندێك جار نیە، لەسەرەتایشەوە ئەوەمان راگەیاندووە کە وەك بزووتنەوەی گۆڕان کاری خۆبەخشی دەکەین تا بتوانین بە پێی یاسا ئەو سیستەمە بگۆڕین‌و بە نیازیش نین لەدەرەوەی یاسا هیچ پارەیەك بۆ بزووتنەوەکە پەیدابکەین.

**دەستوور:** بزووتنەوەی گۆڕان لەگەل کام ولاتی دراوسێ پەیوەندی هەیە؟

**عوسمان بانیمارانی:** وەك بزووتنەوەی گۆڕان دژی هیچ لایەنێکی دەرەکی‌و ناوخۆ نین‌و بەرەسمیش هیچ پەیوەندییەکانمان لەگەل کەس نییەو ئەوەی کردوومانە تەنیا وەك یەکتر ناسین بووە، سەردانی نوسینگەی هەموو بالیۆزخانەکانمان لەکوردستان کردووە، بەلام لەچوارچێوەی پەیوەندی فەرمی هیچمان نییەو ئامادەی پەیوەندیشین، لەگەل ئەو لایەنانەی بەچاوی دوژمن سەیرمان ناکەن.

**دەستوور:** ئەی پەیوەندیتان لەگەل لایەنەکانی ناو هەرێم بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان چۆنە؟

**عوسمان بانیمارانی:** نەخێر، هیچ پەیوەندییەکمان نییەو زۆر ئاساییە ئەوان سەردانی ئێمە بکەن وەك دوو حیزب، بەلام ناکرێت تۆ لەگەل حزبێك دۆست بیت‌و کەچی وەك دەسەلات نانی هاورێیانی ئێمە ببرێت.

**دەستوور:** ئەی پەیوەندیتان لەگەل لایەنەکانی بەغدا بەتایبەتی مالیکی، چۆنە؟

**عوسمان بانیمارانی:** تائێستا نەمانبوە، بەلام هیچشمان رەتنەکردووەتەوە.

**دەستوور:** پالێوراوانی لیستەکەتان لەلایەن نەوشیروان مستەفای سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕانەوە دەستنیشانکراون یان لیژنەتان هەیە بۆ دیاریکردنیان؟

**عوسمان بانیمارانی:** ئەنجومەنی پارێزگاکانی بزووتنەوەی گۆڕان، خۆیان نوێنەرو پالێوراوەکانیان لەسەر جەم چین‌و توێژەکانەوە دەستنیشاندەکەن‌ودواتر لەرێی لیژنەیەکەوە ئەو کەسانە هەلدەسەنگێنرێ، بۆیە کاك نەوشیروان پەیوەندی بە دانانی کاندیدەکانەوە نیە، چونکە ناوەکان لەلایەن لیژنەکانەوە بۆ ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕان بەرزدەکرێنەوە.

**دەستوور:** هیچ کێشەیەك هەیە لەنێوان تۆو سەفینی مەلا قەرە لەسەر دەسەلات لەسنووری هەولێر؟

**عوسمان بانیمارانی:** سەرەتا نە من نە کاك سەفین هیچ پۆستێکمان نییە، نە بودجەشمان هەیە، هەردووکمان تەنیا ئەو ژوورەمان هەیە کە ئێستا من‌و تۆ لێی دانیشتوین، بەلام دیارە بەهۆی بوونی نەیاری زۆر بۆ بزووتنەوەی گۆڕان ئەو جۆرە قسانە دەکرێت، خۆ رەنگە خەلك لەمالی خۆی تێبینی لەسەر یەکتر هەبێت، بەلام هیچ کێشەیەکمان نییەو بەپێچەوانەشەوە هەموو ئێوارانێك یان من لەمالی ئەو یان ئەو لەمالی من پێکەوە نان دەخۆین‌و زۆر هاورێی یەکترین.

**دەستوور:** تۆ تا چەند لەگەل بلاوکردنەوەی یاداشتەکانی نەوشیروان مستەفا بویت‌و تا چەند پێتوایە کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان هەیە؟

**عوسمان بانیمارانی:** بەراستی لە ئێستادا، وتارو لێدوانەکانی کاك نەوشیروان‌و کاك کۆسرەت بە باش نازانم، رەنگە کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان هەبێت لەروی ساردکردنەوەی خەلکەوە بەرامبەر بزووتنەوەکە، لەگەل ئەوەش ئەوەی کاك نەوشیروان بلاویکردووەتەوە، یاداشتی خۆیەتی‌و ئەمرۆش بلاویاننەکاتەوە رۆژێکی تر هەر بلاویاندەکاتەوە، بەلام من ئەمکاتەم پێباش نیە، کەکاك نەوشیروان یاداشتی تێدا بلاوبکاتەوە.

**دەستوور:** وەك ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕان، هیچ تێبینیەکتان لەو بارەوەیەوە نەداوەتە کاك نەوشیروان، تا ئەو یاداشتانە بلاونەکاتەوە یان رایبگرێت؟

**عوسمان بانیمارانی:** رەنگە بە کاك نەوشیروان وترابێت‌و خۆیشی رایگەیاند کە وەلامی کاك کۆسرەت نادەمەوە، بەلام کەسیش ناتوانێت رێگە لەکاك نەوشیروان بگرێت لەبەرئەوەی ئەو یاداشتەکانی خۆی نوسیوەو هەر بلاویاندەکاتەوە.

**دەستوور:** کەواتە تۆ لەگەل تێکچوونی پەیوەندی نێوان نەوشیروان‌و کۆسرەت نەبویت؟

**عوسمان بانیمارانی:** نەخێر لەگەل تێکچونی پەیوەندی نێوان کاك نەوشیروان‌و کاك کۆسرەت نیم‌و نامەوێت پەیوەنیان تێکبچێت.

**دەستوور:** بەو پێیەی کە پێشتر تۆ یەکێك بووی لەکەسە نزیکەکانی کۆسرەت، دواتر چویتە ناو بزووتنەوەی گۆڕان‌و ئەویش لە یەکێتی مایەوە؟ ئێستا پەیوەندیتان لە چ ئاستێکدایەو هیچ داوایەکی لەتۆ کردوە بگەرێیتەوە ناو یەکێتی؟

**عوسمان بانیمارانی:** بەلێ یەکێك بوم لەکەسە نزیکەکانی کاك کۆسرەت‌و نەك تەنیا کاك کۆسرەت بەشێکی زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئەو داوەیان لەمن کردوەو هاتونەتە لام تا بگەرێمەوە ناو یەکێتی، بەلام خۆ ئەوە بە داواکردن نیە.

**دەستوور:** ئێستا پەیوەندی تۆ لەگەل کاك کۆسرەت چۆنە؟

**عوسمان بانیمارنی:** تا ئێستا پەیوەندی من‌و کاك کۆسرەت هەر بەردەوامە.

**دەستوور:** لە ئێستادا بزووتنەوەی گۆڕان لەرێگەی پرۆژەیەکەوە داوای چاکردن‌و رێکخستنی بودجەی حیزبەکان دەکات‌و دەوترێت ئێوەش داوای هەمان ئەو بودجەیەی یەکێتی‌و پارتی دەکەن؟

**عوسمان بانیمارانی:** دەمانەوێت وەك قەوارەیەك دوو یاسا بچەسپێنی کە تا ئێستا لەپەرلەمانی کوردستان بونیان نیە، یەکەمیان پرۆژە یاسای بودجەیە بۆ ئەوەی ئەو بودجەیەی کە پێی دەلین لە١٧٪ و خەلك نازانێت چەندەو چۆن سەرفدەکرێت، دووەمیش: دەمانەوێت یاسای رێکخستنی بودجەی حیزبەکان هەبێت‌و ئێستا بە کام پێوەر یەکێتی‌و پارتی بودجە بۆ خۆیان دەبەن‌و بەو پێوەرەش بودجە بۆ بچوکترین حیزب تەرخان بکەن، ئەگەر کورسی پێوەر بێت ئەوا بەسەرچاو ئەگەریش خەبات‌و تێکۆشانە هەر بەسەرچاو، چونکە ئێمە نامانەوێت نە لەیەکێتی‌و نەلە پارتی بودجە وەربگرین، نە وەك لیست نە وەك بزووتنەوەش، دەمانەوێت لە پەرلەمانی کوردستان یاسای رێکخستنی بودجەی حیزبەکان هەبێت‌و دەرچوونی یاسایەکی لەو جۆرەش لەبەرژەوەندی یەکێتی‌و پارتیشە، چونکە رەنگە لەخولی داهاتودا گۆڕان بیباتەوە ئەوکات هەردوکیان دەبنە ئۆپۆزیسیۆن، بۆیە ئەو یاسایە لەم کاتەدا بەرگری لەپارتی‌و یەکێتیش دەکات، بەلام لە ئێستادا یەکێتی‌و پارتی بە بێ یاساو بەبێ پێوەر پارە لەحکومەتی هەرێم دەبەن‌و ئەمەش نابێت تا دونیا دونیایە، یەکێتی‌و پارتی لەبەشی ١٧٪ بودجەی هەرێم پارەی خۆیان ببەن.

**دەستوور:** چۆن دەروانیتە کابینەکەی دکتۆر بەرهەم ساڵح؟

**عوسمان بانیمارانی:** ئێمە وەك بزووتنەوەی گۆڕان تێبینیمان هەیە لەسەر چۆنیەتی بەرێوەبردنی ئیدارەی کوردی نەك لەسەر دەموچاوەکان، پێمانوایە هەموو کاکەکان کوری باشن، بەلام ئەو سیستەمەی ئێستای حکومەت، لێناگەرێت هیچ کاکێك سەرکەوتوو بێت، ئەمە جگە لەوەی پێموایە کاك بەرهەم پشتیوانی بەهێزی نیە بۆ سەرکەوتنی‌و پێم وانیە لەشارەکانی هەولێرو دهۆك هاوکاری بکرێت بۆ سەرکەوتنی، وەك دەبیینن لەئیدارەی سەوزیش کە گۆڕان سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، کەواتە دکتۆر بەرهەم هیچ خالێکی بەهێزی نیە بۆ پشتیوانی کابینەکەی، سەرباری ئەوەی دەبێت موراعاتی دوو حیزبی گەورە بکات کە لە نێویاندا چەندین بەرپرسی پلە بەرزو بەدەسەلات‌و گەورە هەن، پرسیار ئەوەیە ئایا کاك بەرهەم دەتوانێت خەلك رازی بکات یان ئەو کاکانە رازیبکات یان وەزیرەکان‌و حکومەتەکەی رازیبکات؟ کە بێگومان هەموانی پێ رازی ناکرێت.

> **لەگەڵ تێکچونی پەیوەندی نێوان کاک نەوشیروان‌و کاک کۆسرەت نیم‌و تا ئێستاش پەیوەندی من‌و کاک کۆسرەت هەر بەردەوامە**

> **دکتۆر بەرهەم هیچ خالێکی بەهێزی بۆ پشتیوانی کابینەکەی نیە ، جگە لەوەی دەبێت موراعاتی دوو حیزبی گەورە بکات، کە لە نێویاندا چەندین بەرپرسی پلە بەرزو بەدەسەڵات‌و گەورە هەن‌ودەبێت رازییان بکات**



عوسمان بانیمارانی

فۆتۆ: دەستوور

# بەهۆی سیاسەتەکەیانەوە لەکەرکوک، کورد ناتوانێت لەئێستادا کەرکوک بگەڕێنێتەوە

## سکرتێری پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان بۆ دەستوور

نەجات ئەحمەد لەهەولێر

دیار غەریب سکرتێری پارتی چارەسەری، پێیوایە پرۆژەی کرانەوەی تورکیا بەڕووی کورد، تەنیا تاکتیکێك بووەو لەبارەی کەرکوکو نوێنەرانی کوردەوە لەبەغداد، ئاماژە بەوەدەکات کەئەو سیاسەتەی کورد لەکەرکوك پەیڕەوی کرد لەچەند سالی رابردوودا، ناتوانێت کەرکوك لەئێستادا بگەڕێنێتەوە، هاوکات گلەیی لەنوێنەرانی کوردیش دەکات لەپەرلەمانی عێراق، لەوەی بەپێی پێویست نەبوون.

**دەستوور**: با لەوە دەستپێبکەین، چۆن دەڕوانیتە سیاسەتی ئێستای تورکیا کە بەناوی کرانەوەی دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ کورد کاری لەسەر دەکات؟

**دیار غەریب**: دەمەوێت ئەوە بۆ خەڵکی کوردستان روونبکەمەوە بەوەی ئەو بەرنامەیەی ئەمڕۆ دەوڵەتی تورکیا کاری لەسەر دەکات بەرامبەر بەکورد بریتی نییە لەکرانەوە بەڕووی کورددا، لەبەرئەوەی کاتێ لەهەڵبژاردنی شارەوانی سالی ٢٠٠٥دا پارتی دادو گەشەپێدان لەباکوری کوردستان ئەنجامێکی ئەوتۆی بەدەستنەهێنا، تووشی شکست هات، بۆیە ئەوان ویستیان بەخۆیاندا بچنەوە، هەر لەوکاتەش لەلایەن pkk تاك لایەنانە بڕیاری ئاگربەستو راوەستانی چالاکییان راگەیاندو بانگەوازی لەحکومەتی تورکیاش کرد کەسەرەڕای ئەوەی کورد لەهەڵبژاردندا سەرکەوتووە، بەڵام جارێکی تر ئامادەیە بەئاشتییانە کێشەکان چارەسەر بکات، بۆئەوەی حکومەتی تورکیاش وەڵامی داخوازییەکانی خەڵك بداتەوە، بەڵام لەگەڵ راگەیاندنی ئاگربەستیش بینیمان دەوڵەتی تورکیا هێرشی کردە سەر بارەگاکانی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیو چەندین ئەندامی پلەبەرزی سەرکردایەتی ئەو پارتەیان دەستگیرکرد، هەروەها رۆژی دواتر لەلایەن رێبەر ئاپۆوە لەزینداندا بانگەوازی ئەوەی کرد کە بۆ تەواوکردنی ئاگربەستی pkk ئەو ئامادەیە پرۆژەی نەخشەڕێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ئامادەبکاتو بیدات بەڕای گشتیو ناوخۆو جیهان، دواتر حکومەتی تورکیا جگەلەوەی بەخۆیدا چوویەوە دەستی بەگۆڕانکاری لەحکومەتکردو دواتر ئەو قۆناغەی کەخۆیان ناویان ناوە قۆناغی کرانەوە دەستیان پێکرد، پیادەکردنی ئەو قۆناغە کەوتنە کارکردن ئەویش بەدوو لایەنی یەکێکیان لەناوخۆ ئەوی تریشیان لەدەرەوە، لەناوخۆ لەگەڵ پارتیو کۆمەڵەمەدەنییەکانی نێو جەماوەردا باسیان لەچارەسەرکردنی پرسی کورد دەکرد، بەڵام هەردەم دوولایەنە کێشەکان دەبیندران لەلایەن خەڵکەوە، چونکە خەڵك هیوایان وابوو ئەو شتانەی کەقسەی لەسەر دەکرێت لەبانگەشەکان سوودی باشی هەیە بۆ کێشەی کورد، بەڵام بەداخەوە دواتر ئەو دەرکەوت کەتەنیا هەوڵدانێکی تاکتیکییە بۆ کورد، چونکە هەر ئەوکات لەلایەن pkk سێ جار قۆناغ درێژ دەکرایەوە هەم بۆ تەواوکردنی پرۆژەکەی عەبدوڵا ئۆجەلان هەم دەرفەتدان بوو بەتورکیا تا ئەو قۆناغەی کەباسی دەکات بیباتە سەر، بەڵام بینیمان لە مانگی ١٠ی ئەمساڵ هەنگاوەکانی دەوڵەتی تورکیا ئەوەبوو کەدەستیان بەسەر پرۆژەکەی رێبەر ئاپۆدا گرتو نەیانهێشت بڵاوبکرێتەوەو دواتر لەپەرلەمانی تورکیاوە کە سێ بەشی ئەندامانی سەر بەپارتی دادوگەشەپێدانە، مۆلەتیدا بەئارتەشی تورکیا کە هێرش بکاتە سەر باشووری کوردستان.



دیار غەریب

هاوکات لەهەمانکاتیشدا کەماوەی ساڵێك زیاتر بوو بەڵێنیان بەخەڵكو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندابوو کەشوێنی زیندانی رێبەر ئۆجەلان بگۆڕن، بەڵام ئەوان چوون بردیانە جێگەیەکی خراپتر کەئەمانە هەمووی راستی سیاسەتی دەوڵەتی تورکیایان ئاشکراکرد، بۆیە هەموو خەڵکی باکووری کوردستان هەموو ئەو گومانانەیان رەویەوە کاتێ وتم بەدوولایەنانە سەیریان دەکرد، بەڵام دەرکەوت کەئەمەی ئێستای تورکیا تەنیا بۆ تەسفیەکردنی بزووتنەوەی کوردە لەباکوور نەك کرانەوەی تورکیا بەرامبەر بەکورد.

**دەستوور**: پێتوایە ئەو کلیلەی تورکیا بەدوایدا دەگەڕێت تا لەگەڵ کورد دەرگاکانی پێبکاتەوە لەکوێیەو لای کێیە؟

**دیار غەریب**: ئەمە زۆر روونەو بەئاشکرا باسی ئەوە دەکرێت کەئەگەر تورکیا نیازی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی هەیە ئەوا دەبێت بۆ موخاتەبەی ئەو پرسە بگەڕێنەوە بۆ لای رێبەر ئۆجەلانو PKK.

**دەستوور**: چۆن دەڕوانیتە بارودۆخی داهاتووی عێراق کەتێیدا دەنگی کورد بەرەو کەمبوونەوە دەچێت؟

**دیار غەریب**: بەڕێوەچوونی ئەو سیاسەتەی ئێستا بەرامبەر بەکورد هەیە، ئێمە لەچوارچێوەی عێراق بەتەنیا نایبینین، لەبەرئەوەی کورد لەقۆناغێکی هەستیاردایە، ئەو بارودۆخەی کەکورد لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا هەیە، وابەستەی یەکترینو گۆڕانکاری بەڕێوەیەو کورد جگە لەباشووری کوردستان لەهەموو پارچەکانی تریش قورسایی خۆی هەیە، لەباشووری کوردستان بەشێوەیەکی زۆر شاراوەتر هەوڵدان هەیە بۆ کەمکردنەوەی قورسایی کورد لەگۆڕەپانی عێراقو ئەمەش لەو فشارانەی کەئەمریکا دەیانکاتو خستییە سەر بەرپرسانی کورد، تەنیا مەسەلەکە وابەستەی لایەنەکانی عێراق نییە، چونکە تائێستا ئەمریکا بەرامبەر بەکورد لەچوارچێوەی سیاسەتی نکۆڵیکردن هەڵسوکەوت دەکات، هەر لەبەرئەوەیە ئێستا دەبینین لەباکووری کوردستان پشتگیری تورکیا دەکات بەرانبەر بەکوردو لەباشووریش بەشێوەیەکی نهێنی فشار لەسەر کورد دەکات، بۆ ئەوە ئێمە پێویستمان بەهەڵوێستی هاوبەش هەیەو رەخنە لەو هەڵوێستەی ئەمریکا بگرین، نەك ئەوەی کەبەرپرسە کوردەکان ئەمریکا وەك دۆستی خۆیان وەسفدەکەن، وەك دەشبینین لەدوای رووخانی رژێمی عێراق، ئەمریکا گرنگی بەکورد نەداوەو هەمیشە پرۆژەکان لەبەرامبەر کورد پشتیوانی لایەنەکانی عێراق دەکات، پێویستە ئێمە ئەو هاوکێشەیە راستبکەینەوە، داوای ئەوەشمان لەلایەنە سیاسییەکانِ کردووە کەوەك جاران لەگەڵ ئەمریکا هەڵسوکەوت نەکەن، چونکە ئەو بانگەشەی کەدەکرێت ئەمریکا دۆستی کوردە، ئەو بانگێشەیە دوورە لەڕاستییەوە، لەواقعدا بوونی ئەمە دوورە لەراستییەوە، ئێمە لەدنیای دەرەوەی دەڵێین دۆستو لایەنگری دیموکراتینو داکۆکیکارین لەمافەکانی کورد ئەوکات دەبێت خۆمان زیاتر خەمخواری خۆمان بین، بەڵام بەداخەوە نوێنەرانی کورد هەستیارانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو بابەتانە ناکەن یا زۆرجار لەمەسەلەکان باش قولنابنەوە، بۆ نموونە لەهەنگاوی یەکەمی یاسای هەلبژارنەکاندا زۆر شت بەسەر کوردەکان تێپەڕی، لەبڕیاری دواییشدا دەبینین لەلایەك فشاری دەرەکی قبوڵدەکەین، یان ئەوەتا دەیانخەڵەتێین بەوەی کە ٤٣ کورسیو ٣ کورسی قەرەبوو دەبێت کەچی دواتر دەبێتە ٤١ کورسیو ٢ کورسی قەرەبوو، ئەمەش مانای کامڵ نەبوونە لەسیاسەت.

**دەستوور**: دوای ئەوەی وەك کیانێکی سیاسی رێگەتان پێنەدرا بەشداریی هەلبژارنەکانی هەرێمی کوردستانِ بکەنو دواتر بایکۆتی ئەو هەلبژارنەتان کرد، پێموایە تائێستا نەناوتان تۆمارکردووەتەوە، نەبەشداری هیچ لایەنێکیشتان کردووە، ئەی چ بڕیارێکتان داوە؟

**دیار غەریب**: راستە بەشداریمان لەهەڵبژاردنەکان نەکرد، لەبەرئەوەی پێمان خۆشبوو بەیەکەوە لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان بەشداربینو عەدالەت هەبێت، بەڵام بەداخەوە جێگەی رەخنەگرتن بوو، ئێمە لەپارتی چارەسەری چەند مەبدەئێکمان دیاریکردووەو وتومانە کراوەین لەگەڵ هەموو لایەنێكو دانیشتن لەگەڵ هەموو ئەو لیستانەش دەکەین، مەرجیشمان ئەوەیە کەئەو لیستانە خەباتێکی نەتەوەییو جدی بەڕێوەببەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لەسەر ئاستی عێراقیش بەو شێوەیەبنو لەباشووری کوردستانیش زۆرلایەن هەیە تێڕوانینێکی دروستی بۆ ئێمە نییە، بۆیە دەبێت تێڕوانینێکی دروستیان هەبێتو ئامادەبن لەگەڵماندا رێککەوتنێکی سیاسی بکەن.

**دەستوور**: لەئێستادا لەهەرێمی کوردستان ئێوە هیچ بارەگایەکی فەرمیتان نییە؟ ئایا بەنیازنین کەجارێکی تر لەرێگەی کابینەی شەشەمەوە داواکاری پێشکەش بکەن بۆ کردنەوەی بارەگاکانتان؟

**دیار غەریب**: لەکاتی پێکهێنانی کابینەی شەشەمدا نامەی پیرۆزباییمان بۆ دکتۆر بەرهەم ناردووەو پیرۆزباییشمان لەسەرۆکی هەرێم کردووە بەبۆنەی دووبارە هەڵبژاردنییەوە، لەبەرنامەشماندایە کەدانیشتن لەگەڵ سەرۆکی هەرێمو حکومەتو سەرۆکی پەرلەمانیش بکەین، بۆ ئەوەی کەئێمە قۆناغێکی تازە لەتێکۆشانو خەباتی هاوبەش دەستپێبکەینو ئەو هەڵەو کەموکورتییانەی کە لەرابردوودا روویانداوە پێمانوایە زیانی بۆ خەباتی نەتەوەییمان هەیە، هیواداریین کەسەرۆکایەتی هەرێم سەرۆکی حکومەتو پەرلەمانیش لەچوارچێوەی مافو ئازادییەکاندا هەڵسوکەوت لەگەڵ پارتی چارەسەریدا بکەن، داوا لەسەرۆکی هەرێمو حکومەتو پەرلەمانیش دەکەین کەوەڵاممان بدەنەوە، لەبەرئەوەی ئێمە بەیەکەوە جوانین.

# "ئێستا باشتر قسەدەکەین، چونکە لەحکومەت نین"

## سەلاحەدین بابەکر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ دەستوور

گۆران وەهاب لەسلێمانی

سەلاحەدین بابەکری ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو، پێیوایە کورد لەبەغدا دەیتوانی سازش نەکاتو ئاماژە بەوەشدەکات کە بەڵێنەکانی ئەمەریکا تازەنو لەدەستووردا چەسپاون، هەروەك باسی لەوەکرد کەدەسەڵات زۆرشتی گرنگی خستووەتە بەردەستیان بۆ بەشداریکردن لەحکومەت، بەڵام رەتیانکردووەتەوە.

**دەستوور**: یاسای هەڵبژاردنەکان پەسەندکرا، وەك یەکگرتوو بۆچونتان لەسەر ئەو یاسایە چیەو پێتانوایە کورد زەرەریکردووە؟

**سەلاحەدین بابەکر**: بێگومان کوردو هەرێمی کوردستان لەیاساکە زەرەریانکرد، لەبەرئەوەی رێژەی کورسییەکانی کەمبویەوە، هەر لەبەرئەوەشبوو ئێمە لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگمان بەیاساکە نەدا.

**دەستوور**: دەبوو کورد چی بکردایە؟ هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تر جگە لەپەسەندکردنی یاساکە لەبەردەم کورددا هەبوو تاپەنای بۆ ببات؟

**سەلاحەدین بابەکر**: دەبوو کورد وەك شیعەو سوننە تەنازولی نەکردایەو لەسەر داوا رەواکانی خۆی سور بووایە، چونکە ئەو رێژە کورسیەی بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دانراوە کەمترە لەو ژمارەیەی کەدەبوو بۆی دابنرێت، بۆچی هەر کورد پابەند بێت بەوەی ئەلتەرناتیڤ بدۆزێتەوە، کورد دەیتوانی پێداگری لەسەر داوا رەواکانی خۆی بکاتو سازشی نەکردایە، وەك چۆن شیعەو سوننە سازشیان نەکرد، ئەوکاتە هەرچی دروستببوایە وەك تەنگژەی سیاسی، هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق (کوردو شیعەو سوننە) پێکەوە ئەلتەرناتیڤێکیان بۆ دەدۆزییەوە، پرسیاری جەوهەریو گرنگ لێرەدا ئەوەیە، بۆچی تەنها کورد سازشەکەی کردووە؟ دەکرا کوردیش سور بوایەو پێداگری لەسەر داواکانی خۆی بکردایە.

**دەستوور**: یەکگرتوو دوابەداوی پەسەندکردنی یاساکە، رایگەیاند دژی یاساکەیە، بەڵام پێشتر لەهەموو خاڵەکاندا لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کۆکبوون، ئەم هەڵوێستە پێچەوانەیەتان لەچییەوە سەرچاوەی گرت؟

**سەلاحەدین بابەکر**: تەنسیقو هاوکاری کوتلەکانی هاوپەیمانی کوردستانو یەکگرتوو لەبەغدا بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی گەیشتبووە کاتی دەنگدان لەسەر یاساکە، کوتلەی هاوپەیمانی لەوێ پاشگەزبوویەوە بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە، لەوێوە ئەو بۆچونە جیاوازە دروستبوو، ئەگینا پێشتر ئەوان هاودەنگ بوون لەگەڵ ئێمەو ئێمەش هاودەنگبوین لەگەڵ ئەوان کە دەبێت کورد بەشە کورسی خۆی چەندی موستەحەقە پێیبدرێت، بەڵام دواتر کە سازشی لەسەرکراو کوتلەی هاوپەیمانی لەرێگەی تەوجیهی سەرکردایەتی کوتلەی هاوپەیمانی پێیانوترابوو دەنگ بدەنو رازیبن بەوەی کە هەیە، بەڵام کوتلەی یەکگرتوو هەرسوور بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی، لەوێوە جیاوازییەکە دروستبوو.

**دەستوور**: واتە سەرکردایەتی کورد لەم مەسەلەیەدا بێدەنگ بووەو سازشی لەمافەکانی خۆی کردووە، بەڵام یەکگرتوو لەم مەسەلەیەدا وەك لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن مامەڵەی کردووەو ئامادە نەبووە سازشبکات؟

**سەلاحەدین بابەکر**: ئێمە وایدەبینین، چونکە پێمانوایە لەیاسی هەڵبژاردندا کورد ئەو بەشەی کەپێویستە دەستیبکەوێت دەستینەکەوتووە، بەڵام لایەنی شیعەو سوننە ئەوەی ویستیان لەیاساکەدا دەستیانکەوت، ئینجا لەوەدا وەك یەکگرتوو لەناو یاساکەدا شتێك نەبووە دژی ئێمە بێت، یان لەبەرژەوەندیمان بێت، ئەوەی داکۆکیمان لەسەرکردووە بەشە کورسییەکان بۆ کوردو پارێزگاکانی هەرێم بەگوێرەی ئەوەی چەندی موستەحەقە ئەوەندەی پێبدرێ، لەبەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستانو بەشی کوردستان داکۆکیمانکرد تا یاساکە بەو شێوەیە نەبێت.

**دەستوور**: خەڵك وایدەبینی ئەوەی ئێوە کردوتانە، هەڵمەتێکی هەڵبژاردنەو پێشتر ئێوە لەپەرلەمانی عێراقدا لەسەر چەند مەسەلەیەك لەگەڵ لیستی هاوپەیمانیدا هاوڕابوونو بێدەنگیتان لێکردووە، لەوانە ناشەفافی مەسەلەی بودجەو داهاتو فرۆشتنی نەوت کە خەڵکی کوردستان لێیان ئاگادارنییە، بۆچی پێشتر ئەو مەسەلانەتان بۆ خەڵك ئاشکرا نەکرد؟



سەلاحەدین بابەکر

بۆل٢٣

# کاتی ئەوە هاتووە تورکیا ئەم نەنگییە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە



ئەحمەد تورك

**دوای تێپەڕینی دوو ساڵ بەسەر تۆمارکردنی سکاڵا لەدژی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (دەتەپە) بەمەبەستی داخستنی، سەرەنجام بریاری دادگای دەستوری و لە ماوەی چەند رۆژێکی زۆر کەمدا کێشەکە یەکلایی کرایەوە و دەتەپە وەك ٢٤ پارتی پێش خۆی بە نەخۆشی داخستن کۆچی دوایی کرد، سەرەتا هەوڵ دەدەین بزانین سەرۆکی دادگاکە لە بارەی داخستنی پارتەکەوە چۆن بیر دەکاتەوە و تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی کێ؟ دواتریش دوایین رووداوەکانی سەر گۆڕەپانەکە دەخەینە ڕوو.**

ئا: محەمەد عەلی

هاشم کڵچ سەرۆکی دادگای دەستوری لە بارەی دوا بریاریانەوە کە داخستنی دەتەپەیە ڕایگەیاند: دادگاکان باری قورسی یاساکان لەکۆلیاندایە، هەر بۆیە پێویستە سیاسییەکانیش باری سیاسەت هەڵبگرن، ئێمە هەمیشە باسمان لە گۆرانکاریی دەستوری لەبارەی یاسای داخستنی پارتەکانەوە کردووە، بەڵام لەوەدا سەرکەوتوو نەبووین کە ئەم بانگەوازانە بە سیاسییەکانمان بگەیەنین. یاساناسەکان کە تورکیا بە زبلدانی پارتی سیاسی ناودەبەن پێیان وایە پێویستە خۆی لەم نەنگییە قوتار بکات، لە لایەکی دیکەوە پرۆفیسۆری یاسایی فازل حوسنی ئەردەم پێیوایە کە سزای لەسێدارەدان و داخستنی پارتێکی سیاسی هەمان بەهایان هەیە و دەڵێت: هەروەك چۆن لەسێدارەدان سەندنەوەی ژیانە لە تاکێك ئاوهاش داخستنی پارتێکی سیاسی سەندنەوەی ئازادییە لە کۆمەڵە کەسانێك، پرۆفیسۆرێکی دیکەی یاسایی بە ناوی سەراپ یازجی رای وایە کە پێویستە مافی تۆمارکردنی سکالا بدرێتە پەرلەمان یان ئەنجومەنی وەزیران وەك لەزۆرێك لە ولاتانی ئەوروپیدا هەیە، بۆیە پێویستە ئەو مافە لە دەستی داواکاری گشتی کۆماری دەربهێنرێت یاخود چاکسازی لە یاساکەیدا بکرێت، پرۆفیسۆر مستەفا کامالاکیش پێیوایە دادگای دەستوری دەستوری پێشێل کردووە، چونکە تاوانبار بوونی پارتێك دەبێت لەلایەن دادگاوە سەلمێنرابێت، پێویستە ئەو کەسانەی تاوانێك ئەنجام دەدەن پەیوەندییان بە پارتەکانیانەوە بپچڕێنرێت، ئەگەر نا ئەو کات پارتەکە دەبێتە لانەی تاوانبارن. ئەو داخستنانەی ئێستا سوکایەتی کردنە بە رۆحی دەستور.

**ئەحمەد تورك: تورکیا بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەر دەبێت**

ئەحمەد سەرۆکی پێشووی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات ( دەتەپە) رایگەیاند تورکیا بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێپەر دەبێت دەرەنجامی ئەوەش داخستنی پارتەکەیانە، سەبارەت بەوەش کە ئەوان داوایان لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکەیان لە پارلەمان کردبێت کە دەست لە کار بکێشنەوە وتی: کارێکی نا ئەخلاقییە کەسێك مافی پەرلەمانتاری لێسەندرابێتەوە بەلام داوا لە هاورێکانی بکات لە پەرلەمان بکشێنەوە، پاش ئەوەی ئەحمەد تورك و ئایسەل توغلوك مافی پەرلەمانتارییان بە بریاری دادگای دەستوری لی زەوتکرا، پەرلەمانتارانی دیکەی پارتەکەش دەست لەکارکێشانەوەکانی خۆیان لە پەرلەمان پێشکەشی ئەحمەد تورك کرد و ئەویش لە یەکەم کاردانەوەدا رایگەیاند: دەبێت بە بریارەکانیاندا بچێتەوە و دواتریش لە دووەم لێدوانی رۆژنامەوانیدا لەو بارەیەوە ئاشکرایکرد کە پێویستە سیاسەتێکی عەقلانی پەیرەو بکەن و بەو جۆرەش سەرکردایەتی پارتەکەی بەوە قایل سزای لەسێدارەدان و داخستنی پارتێکی

> **سزای لەسێدارەدان و داخستنی پارتێکی سیاسی هەمان بەهایان هەیە،چۆن لەسێدارەدان سەندنەوەی ژیانە لە تاکێک ئاوهاش داخستنی پارتێکی سیاسی سەندنەوەی ئازادییە لە کۆمەڵە کەسانێک**

سیاسی هەمان بەهایان هەیەکرد کە پەرلەمانتارەکان بایکۆتی دانیشتنەکانی پەرلەمان بکەن نەك دەست لە کارەکانیان بکێشنەوە.

**پارتێکی نوێ لە جێگەی دەتەپە دەست بەکار دەبێت**

دوای داخستنی دەتەپە و یاساغ کردنی کاری سیاسی لە ئەحمەد تورکی سەرۆکی پێشووی پارتەکە، هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی پارتێکی نوێ دەستیپێکرد، رۆژنامەی تەرەفی تورکی بلاویکردەوە لە حالی حازردا پارتی ئاشتی و دیموکراتی ( بەدەپە) وەك پارتی یەدەك تەماشا دەکرێت و ناوەندی سەرەکی دەتەپە لە ئەنقەرە کە بینایەکە پارتەکە بەکرێ گرتوویەتی و ناچێتە چوارچێوەی ئەو سەروەتانەی دەگەرێنەوە بۆ خەزێنەی دەولەت، دەتەپەی داخراو بیناکەش رادەستی خاوەنەکەی دەکاتەوە و بە پێی رێککەوتنێکیش دەدرێتەوە بە کرێ بە پارتی ئاشتی و دیموکراتی (بەدەپە)، چاوەروانیش دەکرێت لە دوای تەواو بوونی کاروباری گرێبەستی بەکرێ گرتنی بیناکە لە شوێنی تابلۆکەی دەتەپە تابلۆی بەدەپە دابنرێت.

**کێ دەچێتە جێگەکەی ئەحمەد تورك؟**

داوی ئەوەی بەهۆی بریارەکەی دادگای دەستورییەوە ژمارەی پەرلەمانتارانی دەتەپە لە پەرلەمان بۆ (١٩) دابەزی، (ئوفوك ئوراس) پەرلەمانتاری سەربەخۆ ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ پەیوەندیکردن بەو نۆزدە ئەندامەی دەتەپەوە تاوەکو فراکسیۆنێکی نوێ بەناوی (بەدەپە)وە لە نێو پەرلەماندا دروست بکەن، چونکە بەپێی یاسا فراکسیۆنی هیچ پارتێك نابێت ژمارەکەی لە (٢٠) پەرلەمانتار کەمتر بێت، ئوراس تەنها چاوەروانی بریاری سەرکردایەتی پێشووی دەتەپەیە بۆ چوونە پالیان، چاوەروانیش دەکرێت یەکێك لەم ناوانە بکرێتە سەرۆکی پارتە نوێیەکە: عوسمان بایدەمیر، سەلاحەددین دەمیرتاش، ئاکن بیردال، فرات ئانل، یان ئوفوك ئوراس. هەروەك پێشبینی ئەوەش دەکرێت بۆ ئەوەی رێگە لە لەدەستدانی دەنگی جەماوەر بگرن هاوسەرۆکێکی بەرەگەز تورك بۆ پارتە نوێیەکە دەست نیشان بکەن کە پێدەچێت ئاکن بیردال یان ئوفوك ئوراس بێت.

**هیومان رایتس وۆچ: تورکیا پێویستە رێگە لە داخستنی پارتەکان بگرێت**

داوی ئەو زنجیرە کاردانەوەیەی لەلایەن یەکێتی ئەوروپا و چەندین رێکخراوی نێو دەولەتییەوە لەبەرامبەر کاردانەوەی دەتەپە هاتنە ئاراوە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ (هیومان رایتس وۆچ) لە راپۆرتێکدا باسی لەوە کردووە کە تورکیا بەزووترین کات پێویستە گۆرانکاری لە دەستوردا ئەنجام بدات و رێگە لە داخستنی لەمەودوای پارتەکان بگرێت، لە بەشێکی راپۆرتەکەدا هاتووە: داخستنی دەتەپە، پیشانی دەدات کە لە رووی گرەنتی بەشداری سیاسییەوە تورکیا تا چ ئاستێك پێویستی بە ئەنجامدانی ریفۆرمە لە دەستوردا، راشیگەیاندووە: دەتەپە ٢٥هەمین پارتە کە تا ئێستا لە تورکیا رووبەرووی داخستن بۆتەوە و دوا قوربانی ئەو یاسایانەیە لەگەل ستانداردە نێودەولەتییەکانی مافەکانی مرۆڤدا ناگونجێت، لە بەشێکیی دیکەی راپۆرتەکەشدا رێخراوەکە دەلێت: داخستنی پارتەکە بەتۆمەتی پەیوەندییان لەگەڵ پەکەکە و هاندان بۆ کاری تێرۆریستی لەکاتێکدایە کە وتەی هەریەکێك لەو کەسانەی سزادراون بە شێوەیەکی ئاشکرا هاندەر نین بۆ توندوتیژی.

**ئاکەپە یان دەبێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکات یاخود...**

پرۆفیسۆر ئەحمەد ئۆزەرسۆسیۆلیۆژی سیاسی و مامۆستای زانکۆی سلێمان دەمیرەل پێیوایە بەداخستنی دەتەپە پرۆسەی کرانەوە گورزێکی گەورەی بەرکەوتووە و دەشلێت سیستمی دادوەری ولاتەکەی لەدژی هەر جۆرە پرۆژەیەکی ئاکەپە دەوەستنەوە و رێگە لە بەرەوپێشەوەچوونی دەگرن، ئۆزەر راشی وایە کە داخستنی ئەو پارتە لەگەل دیموکراسیدا نایەتەوە یەك، ئەوەشی رەت کردەوە کە پرۆسەی کرانەوە پرۆژەی دەولەت بووبێت و رایگەیاند ئەگەر پرۆژەی ئاکەپە نەبوایە دوو کەسی میانرەوی وەك ئەحمەد تورك و ئایسەل توغلوکیان لە سیاسەت بێبەش نەدەکرد، وتیشی ئەم بریارە ئەوە دەگەیەنێت کە هێشتا لە نێو دامەزراوەکاندا چەند لایەنێکی دیاریکراو هەن کە بەرەنگاری دەبنەوە، راشیگەیاند: پێویستە ئاکەپە کێشەی کورد چارەسەر بکات ئەگەر کێشەکە دەبێتە هۆی هەلوەشانەوەی ئەو پارتە.

**رەخنەی کۆمسیۆنی ئەوروپا لە دەتەپە**

کۆمسیۆنی یەکێتی ئەوروپا نیگەرانی خۆی نیشاندا لەوە کە پارتی کۆمەلگەی دیموکرات سوور بووە لەسەر ئەوەی ئیدانەی توندوتیژییەکان بکات و ماوەی نێوان پارتەکەو پەکەکە بە کراوەیی بهێلێتەوە، وتەبێژ بەناوی ئۆلی راین بەرپرسی فراوان بوونی کۆمسیۆنەکە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: سەرەتای مەترسییەکانی سەر کرانەوە لە هێرشە خوێناوییەکەی پەکەکەوە دەستیپێکرد کە هەفتەی رابردوو ئەنجامیدا، وتیشی بۆ سەرخستنی کرانەوە پێویستە هەموو لایەنەکان و پارتە جیاوازەکان پالپشتی پرۆژەکە بکەن، کۆمسیۆنی ئەوروپا داوا لە تورکیا دەکات کە یاساکانی تایبەت بە پارتەکان بەرز بکاتەوە بۆ ئاستی یاسا نێو دەولتییە ستانداردەکان.

# بڕوخێ کرانەوە

تەها ئاکیۆل، رۆژنامەی میللیەت
و/لەتورکیەوە، کامەران ئەحمەد حەمەد

نوسەرانیش وەك کۆمەڵگە بەسەر دوو کامپدا دابەشبوون، بەشێکیان پشتیوانی لە کرانەوە دەکەن و هەندێکیشیان لێی بەقینن و دەلێن " ئەوەندە باس لە دیموکراسی و کرانەوە کرا تا پوێری دا بە پەکەکە، بروخێ کرانەوە"، تەنانەت هەندێك "بەلگەی بەرجەستەیان " لەبەر دەستدایە و دەلێن" کاتێك (ئاکەپە) دەسەلاتی گرتە دەست تیرۆر نەمابوو، لەم حەوت سالەی دەسەلاتی (ئاکەپە)دا تیرۆر گەیشتوە بەم حالە کە رۆژانە سەرباز شەهید دەکرێت و شەری ناوکۆمەلگا بەرپابووە و پەکەکە لە ناوپەرلەماندایە، گوێ لە (بایکال و باخچەلی)ش دەگرم داکۆکی لەهەمان هزر دەکەن، بێگومان راستیەك هەیە ئەویش ئەوەیە کە تورکیا بەرەو ناوەندێکی زۆر جێگەی نیگەرانی راپێچ دەکرێت.

**وتەکانی عیسمەت پاشا**

ئێستا با ئەو مەسەلەکانی حیزب و دەسەلات وەلاوەنێین و هەولبدەین رەهەندەکانی کێشەکە ببینین، ئەگەر پەکەکە جورئەتی لە دیموکراتیزەکردن و کرانەوە وەرگرتبێت، ئەی شێخ سەعید جورئەتی لە کێوە وەرگرت؟! ئایا کە پەکەکە کلك رادەوەشێنێت شەقامەکانی باشوری خۆرهەلات بە نیوەشەو دەبێتە ئاپۆرەی خەلك، ئەویش جورئەتی لە رژێمە سەربازیەکەی ١٢ی ئەیلولەوە وەرگرتووە؟! ئایا بزوتنەوەیەکی تیرۆریستی لەم چەشنە کە ٣٠ هەزار چەکدار تیادا کوژراوە و تا ئێستاش بەردەوامە، ئەوەندە سادەیە کە بە (چەمکی جورئەت) شرۆڤەی بۆ بکرێت؟! لە شوباتی ١٩٢٦ دا (لیندسێی) بالیۆزی بەریتانیا گرنتی ئەوەیدا بە عیسمەت پاشا کە باکوری عێراق نابێتە هەرەشەیەك بۆسەر تورکیا، عیسمەت پاشاش لەوەلامدا ووتی" بەوپێیەی ئەوەندە کوردە لە خاکی عێراقدا هەیە، ئەگەر ئێوە نیازیشتان باش بێت، بۆ هەتا هەتایە ناوچەی خۆرهەلاتی تورکیا کێشەی تیا دەبێت... ئایا ئەوانەی رەخنەیان لە رێکەوتننامەی لۆزان دەگرت نەیاندەووت کە کێشانی سنوری عێراق بەو جۆرە لە ئایندەدا خۆرهەلاتی ئەنادۆل دەخاتە مەترسیەوە؟! ئایا ئەتاتورك "دوای چەند نەوەیەك" پێشبینی لەخەو هەستانی ناسیۆنالیزمی کوردی نەکردبوو؟! هەرلەبەر ئەو ترسانەبوو رێوشوێنی زۆر توندی وەك نمونەکەی دەرسیمیان گرتەبەر، دەرکەوتنی پەکەکە لە ١٩٨٤ درێژەی ئەو کێشەیەیە، لەو کاتەوە چەند حکومەت و سوپا و یەك پارتی و فرە پارتی هاتوو رۆیشت؟! بچوککردنەوەی مەسەلەکە لە چەمکی دەسەلاتدا کارێکی هەلەیە.

**تیرۆر و دەسەلات**

ئۆجەلان دوای دەستگیرکردنی لە شوباتی ١٩٩٩ لە دادگا بەشانوبالی ئەتاتورکدا هەلیدا و رەخنەی لە شێخ سەعیدگرت، بەنزیکبونەوە لە دەولەت دەیویست ئەنجامی سیاسی بەدەست بێنێت، لەم پێناوەشدا تیرۆری راگرت، بەلام هەرەسی پێنەهێنا، بۆ ماوەی پێنج سال پەکەکە هیچ چالاکیەکی نەبوو، کاتێك دەنگی تەقە نەما وامانزانی کێشەکە چارەسەربوو، لە حوزەیرانی ٢٠٠٤دا کاتێك لە قەندیل زوبەیر ئایدار رایگەیاند کە کۆتاییان بە ئاگربر هێناوە، جارێکی دیکە تیرۆر جموجۆلی تێکەوتەوە، دەشێ بەچەك وەلامی شەری چەکداری بدرێتەوە، بەلام بۆ راکێشانی جەماوەر پێویستە کێشەی ناسنامەیان لەرێگەی کرانەوەی دیموکراسیەوە چارەسەر بکرێت، دەشێت ئەوەش رێگەیەکی درێژو باریك و پر کێشە بێت، بەلام ئەوە تاکە رێگەیەکی راستە لەبەردەم تورکیا.

# ئایا دەکرێت سیاسەت لە کورد قەدەغە بکرێ؟

وەدا ئیلبەیۆغلو، رۆژنامەی (ئەڤرەنسەل)ی تورکی

بریاری داخستنی پارتی کۆمەلگەی دێموکرات (دەتەپە) لەلایەن دادگای دەستوری تورکیاوە.

١٥ سال بەسەر ئەو کۆدەتایەدا تێپەری کە بەسەر پارتی دیموکراسی (دەپ) دا لە پەرلەمانی تورکیا ئەنجامدرا. گەلی کورد وەلامێکی بەهێزی ئەوانەی دایەوە کە دژ بە ئیرادەی گەلی کورد ئەو بریارەیاندا و پارتێکی دیکەیان رەوانەی پەرلەمان کرد کە توانی گروپێکی بەهێز دروستبکات. جگە لەوەش لە هەلبژاردنەکاندا سەرباری بەگەرخستنی هەموو توانا و هەولێکی کۆمەلە ئاینیەکان و سوپا و حکومەت لە پێناوی پارتی دادو گەشەسەندن (ئاکەپە)، کاریگەری پارتی دەسەلاتداری لە ناوچەکە (کوردستانی تورکیا) بەرتەسك کرد و تەنانەت ئەگەر هەر بە قسەشبێت ناچاری کرد (کرانەوە ) رابگەیەنێت.

ئەوانەی کە دەزانن رۆلی گەل لەناو سیاسەتدا زۆر بالاترە لە (دادگا بالاکان)، باش دەزانن گەلی کورد هەروا بێ وەلام نابێت بەرامبەر ئەم "دیاریەی" دادگای دەستوری. کاتێك داوایەك دژ بە ئاکەپە لە دادگا تۆمارکرا یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا و (کۆمەلەی سەرمایەگوزاران و پیشەوەرانی تورکیا) هەولیاندا بەکاردانەوەی ئاشکرا کارلە بریاری دادگا بکەن، هێزە دیموکراتیەکان و رێکخراوەکانیان و پارتەکان و رۆشنبیرانیان کە هەتە سەر باسی داوای داخستنی دەتەپە، ئایا نەدەبوو هەمان کاردانەوە نیشان بدەن؟

ئەوانەی ئاگاداری نەخشەی سیاسەتی ئەم وولاتەن ئەزانن کە دوا نەتەوەی کۆمەلگە کە لە سیاسەت دورخرابێتەوە کوردە. ئایا دەشێت سیاسیترین و رێکخراوەیترین کۆمەل سیاسەت و رێکخستنی لێ قەدەغە بکرێت؟

پاشەکشەی ئەندامانی دەتەپەش لە پەرلەمانی تورکیا مانای پاشەکشە لە "سیاسەتی دیموکراتیانە" نابەخشێت. تەواو بە پێچەوانەوە، هۆشیارکردنەوەیەکی دیموکراتیانەیە بەوەی پەرلەمانێك کۆدەتای دژە دیموکراتی لە ئامێز بگرێت نابێتە مەلبەندی سیاسەتێکی دیموکراتیانە. هەربۆیە پەنابردن بۆ ئامێزی گەل لەبری پەرلەمانێك کە کۆدەتای لە ئامێزگرتبێت هەم دیموکراتیتر و هەم ئەخلاقیترە. هەروەك ئەحمەد تورك پەرستگای خەباتی ئاشتی و دیموکراسی ئاماژەی بۆکرد، سەرباری داخستنی دەتەپە هەلی چارەسەری دیموکراتی ئاشتی لە دەستی گەلانی ئەم ولاتەدایە. لەپێناوی بردنەوەی ئایندە بەرپرسیارێتی هەموولایەکمانە ئەو هەلە لە دوێنێ باشتر بەگەربخەینەوە، چونکە ئەو داخستنە تەنیا دژ بە دەتەپە نیە، بەلکو دژ بە هەرکەسێکە کە بەدلسۆزانە هەولدەدات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد کە لەبەرژەوەندی خەلکدابێت.

### وتوێژی دەستوور لەگەڵ یاساناس هیدایەتوڵڵا مەتین دەفتەری

# چاوەڕوانی ئەوە لە مام جەلال دەکرێت وەک دو زیندانیەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ موجاهدینیش دەستپێشخەری بکات

سازدانی: هیوا سەلیمی

**دەستوور:** هەروەك خۆشتان ئاگاداران حکومەتی عێراقی ڕایگەیاندووە کە دەیەوێ ئەندامانی موجاهیدینی خەڵقی ئێران لە عێراق دەربکاتو لەیەکەم هەنگاوی نوێدا بڕیارە کە ئەوان بۆ شوێنێکی دیکەی عێراق ڕابگوێزێت، خودی ڕێکخراوی موجاهیدینو زۆر ڕێکخراوی ماف مرۆڤ لە جیهانیش پێیانوایە کە ئەم بڕیارەی عێراق نایاساییە. ئێوە وەك کەسێکی شارەزا لە بواری یاسا نێودەوڵەتیەکان، ئایا دەتوانن مافەکانی ئەوان پێناسە بکەن؟

**هیدایەتوڵڵا مەتین:** بەدەر لەهەموو ئەگەرەکانو ئەوەی کە ئەوان لە ڕابردوو لە عێراقدا چیان کردووەو چۆن بوون، ئێستا کۆمەڵێك مرۆڤ لە عێراقدا بەناوی موجاهیدین تووشی کێشەو گرفت بوونو ئەوان بەپێی هەموو یاساکان، پەنابەری سیاسین. بوونی ئەوان لە عێراقدا لەبنەڕەتەوە بەهۆی چالاکی سیاسی بووەو گێڕاندنەوەی ئەوان بۆ ئێران مەترسیەکی گەورەی گیانی لێدەکەوێتەوەو لەهەمانکاتدا ئەگەری کردەوەی لەوشێوە پێشێلکردنی ئاشکرای هەموو یاساو ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانە، چ ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدینو چ هەر تاکێکی دیکە لە جیهاندا، لەوەها حاڵەتێك دەبێ لەلایەن کومیسارىاى باڵای پەنابەرانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پشتیوانیان لێبکرێتو سەرجەمی حکوومەتەکانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، چ ئەوانەی ئەندامن لە ڕێکەوتننامەی سەبارەت بە پەنابەری کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە پەسندکراوەو چ ئەوانەی کە ئەندام نین دەبێ پابەند بەم ڕێکەوتننامەیە بن، حکوومەتی عێراقی بەرپرسیارە لە بەرامبەر گیانی ئەوانو دەبێ ئەوان وەك پەنابەرێك مامەڵە لەگەڵ مافەکانیاندا بکات، ئەگەر لە عێراقدا ئیمکانی نێشتەجێبوونیان هەبێت، دەبێ ئەوان نیشتەجێ بکرێنو پارێزگاری لەسەرجەمی مافەکانیان بکرێت، ئەگەر ئەو ئیمکانەش بۆ دەوڵەتی عێراق نەبێت، پێویستە بە پەیوەندیگرتن بە کومیساریاری باڵای پەنابەرانو بەیارمەتی هەردوو لایەن ئەوان بۆ وڵاتێکی دیکە ڕابگوێزرێن، ئەمە ئەرکی نەك عێراق بەڵکوو سەرجەمی دەوڵەتەکانی جیهان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ وەها حاڵەتێکدایە.

**دەستوور:** باستان لە کومیسارىاى باڵای پەنابەران کرد، وەك ئێوە ئاگادارین تا ئێستا کاردانەوەیەك لە لایەن ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەوە ڕووی داوە؟

**هیدایەتوڵڵا مەتین:** تا ئێستا شتێکی وام نەدیوەو نەبیستووە، تا ئەو شوێنەی لەبیرم بێت لە عێراقدا ئۆفیسێکی کومیسارىاى باڵای پەنابەران لە ڕابردوودا هەبووو بەڵام ئێستا نازانم کە ماوە یا نا، بوون یا نەبوونی ئەو ئۆفیسە یا بێدەنگبوونی کومیسارىاى باڵای پەنابەران ناتوانێ چیتر پرسەکە بخاتە ژێر پرسیارو ئەوە ئەرکی دەوڵەتی عێراقە کە داوای یارمەتی لە کومیسارىاى باڵای پەنابەران بکات.

**دەستوور:** لە ئەگەری توندوتیژی زیاتری دەوڵەتی عێراقی لەبەرامبەر دانیشتوانی کەمپی ئەشرەف یا ئەگەری گێڕاندنەوەی زۆرەملێی ئەوان بۆ ئێران، ئایا کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو بەتایبەت ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەو مەشرووعییەتەی هەیە کە لێپرسینەوە لە دەوڵەتی عێراق بکات؟

**هیدایەتوڵڵا مەتین:** ڕێکخراوی



موجاهیدین ڕێکخراوێکی نەیاری کۆماری ئیسلامییەوەو ترسی ئەوان لە ئەگەری ڕادەستکردنیان بە ئێران ئاساییە، ڕابردووی ئێران لەم بووارەدا زۆر ڕەشەو ئەگەر دەوڵەتی عێراق هەنگاوێکی لەمشێوەیە هەڵبگرێت، دەستدرێژیو لەڕاستیدا سەرپێچیکردنی ئاشکرا لە بنەماو پێوەرە نێودەوڵەتییەکانە، ڕەفتاری لەمشێوەیە بۆ هەر دەوڵەتێك لە جیهان، ڕەفتارێکی ناتەندروستو نامرۆڤانەیە، ئەڵبەت نابێ ئەو ڕاستیەش لەبیربکەین کە خودی ڕێکخراوی موجاهیدینیش بەداخەوە لەم چەند ساڵە هیچ هەنگاوێکی بۆ ڕاگواستنی ئەندامەکانی هەڵنەگرتووەو ئەمەش جێگەی ڕەخنەی جیدییە، ئەوان لەم چەند ساڵە دەرفەتی ئەو شتەیان بووە بەڵام یا نەیانتوانیوەو یا نەیانویستووە، کە ئەمەش جێگەی مشتومڕە، بۆ هەر دەوڵەتێك سەرپێچیکردن لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان تاوانەو حکوومەتی عێراقیش لەمە بەدەر نییە، بۆیە نابێ حکوومەتی عێراق تاوانی لەمشێوەیە بکاتو چاوپۆشی بکات لەوەی کە تا چ ئاستێك بەرپرسیارە لەبەرامبەر کومیسارىاى باڵای پەنابەران، بە شێوەیەکی فەرمی دەبێ پارێزگاری لە گیانی ئەوان بکاتو ئاسانکارییان بۆ بکات، چەند مانگێك لەمەوپێش دەوڵەتی عێراق بە شێوەیەکی توند مامەڵەی لەگەڵ ئەوان کردو هیوادارم ئەم ڕەفتارە دووبارە نەبێتەوە، جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ ماوەیەك لەمەوپێش هەنگاوێکی ئینسانیو پۆزەتیڤی بۆ دوو بەندکراوی سیاسی کورد لە ئێران هەڵگرتو هەموو ڕێکخراوەکانی ماف مرۆڤی خۆشحاڵ کرد، بۆیە ئێستاو لەم بارودۆخەدا چاوەڕوانی لە بەڕێزیان دەکرێت، چ لەلایەن بنەماڵەی ئەندامانی موجاهیدین لە ئێرانو چ لەلایەن ڕێکخراوە جیهانییەکانی ماف مرۆڤ کە بەکەڵك وەرگرتنی لە نفوزی خۆی لە ناو دەوڵەتی عێراقی، ڕێگە چارەیەکی گونجاو بۆ ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدین بدۆزێتەوەو شانازییەکی دیکە بە کارنامەی شانازییە مێژووییەکانی خۆی زیاد بکات، ئەمە چاوەڕوانییەکی گەورە نییەو بۆ هەتا هەتایە لە لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤپارێزی لە جیهاندا دەمێنێتەوە.

دوکتور هیدایەتوڵڵا مەتین دەفتەری: کوڕی ئەحمەد مەتین دەفتەری سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی ڕەزاخان لە ئێرانو نەوەی دوکتور موسەدیق-دامەزرێنەری بەرەی دیموکراتیکی نەتەوەیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٨ _دوکتۆرا لە یاساناسی و نیشتەجێی وڵاتی فەرەنسایە.

---

### سوتاندنی وێنەی خومەینی ناکۆکییەکان پەرەپێدەدات

# "ئەگەری شەڕی ناوخۆیی لە ئێراندا زۆر بەهێزە"

هیوا سەلیمی

زۆربەی شارە گەورەکانی ئێرانو بەتایبەت تارانی پایتەخت، بارودۆخێکی تەواو نائاسایی بەخۆیەوە گرتووە، لەلایەکەوە خوێندکارانی نارازی بە درێژایی ئەم چەند ڕۆژە، گۆڕەپانی زانکۆکانو تەنانەت شەقامەکانی نزیك بە زانکۆکانیان کردۆتە جێگەی خۆپیشاندانو لەلایەکیترەوە سەرجەمی هێزە چەکدارەکانی ئێران لەئامادە باشی تەواودان، ماڵپەرە سەرەکیەکانی بزووتنەوەی سەوزی ئێران، هۆشداری ئەگەرەکانی لەئارادابوونی دەستگیرکردنی میرحسێن مووسەوی‌و مەهدی کەڕوبی دوو پاڵێوراو بۆ پۆستی سەرۆك کۆمارییان بڵاوکردووەتەوەو لاپەڕەی زەهرا ڕەهنەوەرد، هاوسەری میرحسێن مووسەوی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووك، بانگهێشتی خەڵکی ئێران بۆ دروستکردنی شۆڕش لە ئەگەری گرتنی ڕێبەرانی بزووتنەوەی بڵاوکردووەتەوە، هەواڵنێرییەکان باس لە بەهێزبوونی ئەگەری بەرپابوونی کودەتایەکی سەربازی لە ڕۆژەکانی داهاتوو دەکەنو چەندین بەرپرسی وەزارەتی ئیتلاعاتیش داوایان لە هاشمی ڕەفسەنجانی بەرپرسی کۆمەڵەی دیاریکردنی بەرژەوەندیەکانی ئێران کردووە کە سەردانی خامنەیی بکاتو ڕێگە چارەیەکی خێرا بۆ ئەم بارودۆخە تازەیە بدۆزنەوە.

**خۆپیشاندانی بەربڵاوی ڕۆژی خوێندکارانو سوتاندنی وێنەی خومەینی سارتی ئەم ڕووداوە تازانەی لێدا**

خومەینی مەرجەعی ڕۆحی سەرجەمی ڕێبەرە ناکۆکەکانی ناو دەسەڵاتەو هەریەك لە لایەنەکانی بەشدار لەم زۆرانبازییە سیاسییەی ناو باڵەکانی سیستەمی سیاسی ئێران، بەردەوام پابەندبوون بە بەهاکانی خومینیان دووبارەکردۆتەوە، هەرچەندە بەدرێژایی ئەم شەش مانگەی کردەی بەکۆمەڵی نارازیان لە شەقامەکانی ئێران، وێنەی خامنەیی بەدەیان جار سوتێندراوەو ژێر پێخراوە، کەچی بۆ یەکەم جار لە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی خوێندکار، وێنەی خومەینی سوتێندراو بە دەیان جار لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ئێرانەوە بڵاوکراوەتەوە، ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوز، خودی لایەنگرانی دەوڵەت بەم ڕەفتارە تۆمەتباردەکەنو هەموو لایەکیان ئاگادارکردووەتەوە کە ئەم بابەتە سیناریۆیەو دەیانەوێ زەمینەکانی گرتنو توندوتیژی زیاتر بە تایبەت لە نزیکبوونەوە لە مانگی موحەرەمو ئەگەرەکانی بەرپابوونی تۆفانێکی گەورەی جەماوەری لە دژی کۆماری ئیسلامی، بە بیانووی بێڕێزی بە خومەینی بەکردەوە دەربێنن. هەروەها چەندین ماڵپەری گرنگی ناوخۆی ئێرانو بەتایبەت ماڵپەڕی "سۆهرابستان" باس لە پەسەندکردنی گرتنی ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوزو بەکردەوە دەرهێنانی کودەتایەکی سەربازی لە لایەن سوپای پاسدارانو بەپاڵپشتی ئەرتەشی ئێران دەکات، ماڵپەری ئاماژە پێکراو، بەپشتبەستن بە کۆمەڵێك زانیاری باس لە ئامادەباشی سەداسەدی سەرجەمی هێزە چەکدارەکانی ئێران دەکاتو ڕاگەیاندنی کۆمەڵێك لە فەرمەندەکانی ئەرتەش بۆ پشتیوانی لە خەڵكو بەگژادا چوونەوەی سوپای پاسداران، بۆ ئەم بابەتە دەگێڕێتەوە، سەبارەت بە سوتاندنی وێنەی خومەینیو ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژەی دوای ڕۆژی خوێندکار، فەروخ نێعمەت پوور بەرپرسی ئەنجوومەنی قەڵەمی کوردستانی ئێرانو چالاکوانی سیاسی باس لە نەمانی ئۆتۆریتەی حکومەت لە ناو کۆمەڵگاو تەنانەت لەناو ڕیزەکانی خۆیدا دەکاتو لەمبارەوە بە دەستوور دەڵێت" لە نەمانی ئۆتۆریتەو هێزی دەسەڵات پەنا بۆ کاریگەری ڕۆحیو مەعنەوی خومەینی لە بەشێك لە کۆمەڵگا دەبرێتو لە ئەگەری سەرکەوتنی ئەم واتایە، سەرکوتێك ڕەها دێتە ئاراوە." زاگرۆس خوسرەوی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە ڕووداوی سوتاندنی وێنەی خومەینی بە سوتاندنی سینەما ڕێکسی ئەبادان لە سەردەمی شۆڕشی ئیسلامی دەشوبهێنێتو لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت:" ئێمە ئەزموونی سەرەتاکانی شۆڕشی ئێرانمان هەیەو ئەم ڕووداوە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە سوتاندنی سینەما ڕێکسی ئابادان لە لایەن خودی دەسەڵاتی پێشووەوە دەچێت، دەسەڵات دەیەوێ بەم ڕەفتارانە کۆمەڵگا بەرەو ڕادیکالیزمێکی درۆینە بەرێت تا لە یاریەکەدا بیباتەوە."

**زەمینەکانی دروستبوونی شەڕێکی ناوخۆیی لەئارادایە**

ململانێی نێوان بەرپرسانی سەرەکی ئێرانو باڵەکانی سیستەم مێژوویێکی درێژی هەیە، بەڵام هیچ کات ئەم هێزو گرووپانە هێڵە سوورەکانیان نەبەزاند، لەدوای خولی دەیەمی سەرۆك کۆماری ئێرانو بەرپابوونی ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە، هەموو گرێبەستەکانی ڕابردوو هەڵوەشایەوەو کێشەی باڵو لایەنەکانی کۆماری ئیسلامی بەشێوەیەکی بێوێنە پەرەی سەند، هەرچەندە خودی خرۆشانی جەماوەری لە ئێران لە شەش مانگ لەمەوپێش، بەرهەمی ئەم ناکۆکیو کێشمەکێشانە بوو، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەم خرۆشانە جەماوەرییە زیاترین کاریگەری لەسەر ناکۆکییەکان داناو بەکردەوە سێ ڕەوتو سێ بەرەکانی شەڕی بەناوەکانی کۆنسێرڤاتەکان، ریفۆرمیستەکانو خەڵکی نارازی لە ئێراندا درووستکرد، لە نەبوونی ئەلترناتیڤ، ڕێبەرانی ریفۆرمیستی وەك ڕێبەرانی ڕەمزی خەڵکی نارازی قبولکراون ، قایل نەبوونی هەریەك لە باڵەکانی دەسەڵات بە پاشەکشەو هەروەها نەبوونی زەمینەکانی دانووستانی ئەم دوولایەنە، لایەنی سێهەم، واتا بزووتنەوەی جەماوەری بەهێزکردووەو بەکردەوە سیستەمی سیاسی ئێرانی لە ئەنجامی لێکدادانی بەرژەوەندییەکانی ئەم لایەنانە، بەرەو هەڵوەشاندنەوەو لێکترازان نزیك بۆتەوە، فەروخ نێعمەت پوور لەوبارەوە دەڵێ :"پاشەکشەی خامنەیی خواستی سوپای پاسداران نییەو ئەگەر خامنەیی وابکات ئانارشیزمو پشێوی زیاتر لە لایەن سوپای پاسدارانەوە درووست دەبێت، لەلایەکیترەوە درێژەی ئەم بارودۆخە دەتوانێ شەڕی ناوخۆیی درووست بکاتو لەم نێوەدا پاشەکشەنەکردنی هەریەك لەم لایەنانە، لەیەکتێگەیشتنو ڕێککەوتنی بزر کردووەو هەر بۆیە ئەگەری شەڕی ناوخۆیی لە ئێراندا زۆر بەهێزە".

زاگرۆس خوسرەویش ئەو ئەگەرە بە بەهێز دەزانێتو دەڵێ:"ریفۆرمیستەکان لەناو هێزە چەکدارەکاندا پێگەیان هەیەو هەر بۆیە قایل نەبوونی بەشێك لە چەکدارەکان بە سەرکوتی خەڵك دەتوانێ شەڕی ناوخۆیی، بەتایبەت لەناو هێزە چەکدارەکانی لێبکەوێتەوە".

---

### موجاهدین کارتێکی سووتاوە بۆ ئەمریکا

# پێشبینی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان موجاهدینو حکومەتی عێراق دەکرێت

ئا: شاهۆ کرماشانی

ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێرانی کە لە ئێران لەسەر زاری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە(موناڤیق) ناسراون، ئەم ڕێکخراوە لەساڵی پەنجاکانەوە لەسەر دەستی کۆمەڵێك نوخبەی سیاسی ئەو دەمەی ئێران دامەزراو لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووشدا بەهۆی ناکۆکییان لەگەڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران هاتنە ناو خاکی عێراق، هاوکات ئەوکاتە شەڕی نێوان عێراقو ئێران سەریهەڵدا، بەوهۆیەشەوە ئەم ڕێکخراوە کەوتنە ژێر کاریگەری حزبی بەعس بەسەرۆکایەتی سەدام حسێن، بەو هۆیەشەوە لەلایەن سەدامەوە بەهەموو شێوەیەك لەباری سەربازیی‌و مادی پشتیوانییان لێدەکرا، بەو هۆیەشەوە لەلایەن سەدام حسێنەوە لەچەندین بۆنەدا بەشدارییانکردووە لەداپڵۆسینی خەڵکی عێراق بەگشتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی.

سەرباری ئەوە ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵقی ئێران یەکێکە لەو ڕێکخراوە سیاسییانەی کە بیری ئیسلامی چەپڕەو لەدیارترینو بەناوبانگترین نەیاری کۆماری ئیسلامی ئێران دێتە ئەژمار کە لەباری چەکداری توانی زۆر کێشە بۆ کۆماری ئیسلامی بنێتەوە، بەڵام لەدوای گۆرانکارییەکانی ساڵی ٢٠٠٣و ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن، ئەو ڕێکخراوە تووشی قەیرانێکی گەورە بووەوە، چونکە لەلایەن ئەمریکاوە چەك کرانو هاوکات لەلایەن حکومەتی ئێستای عێراقیش داوای چوونە دەرەوەیان لەعێراق لێدەکرێت، هاوکات کەمپی ئەشرەفیش ئەو شوێنەی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی لێنیشتەجێیە، خرایە ژێر چاودێری زۆر ووردەوە.

حکومەتی ئەمریکا لەکۆتایی نەوەدەکانەوە ناوی ئەو ڕێکخراوەی خستە ناو لیستی تیرۆرەوە، هەرچەندە کاربەدەستانی عێراقی بەردەوام قبولکردنی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵقی لەناوخاکی عێراقدا بەتوندی ڕەتکردووەتەوە، خوازیاری گواستنەوەیانن بۆ شوێنکی دیکە، هاوکات دەنگۆی ئەوەش هەیە کە ئەو کەمپە بگوازنەوە بۆ وڵاتی میسر، هەرچەندە تائێستاش چارەنووسی ئەو ڕێکخراوە دیار نییە، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە حکومەتی عێراق سوورە لەسەر دەرکردنی ئەو ڕێکخراوە.

بەبڕوای چاودێران، سووربوونی عێراق لەسەر وەدەرنانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران. ئەگەر باس لەڕێکخراوێکی تیرۆریستی بکرێت، ئەوا بوونی پەیوەندییەکانی ئێستای کۆماری عێراق لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا فاکتەرێکی بەهێزی سووربوونی عێراقە لەسەر داواکەی.

سەرچاوەیەك لەپەیوەندییەکانی دەرەوەی کەمپی ئەشرەف بەدەستووری ڕاگەیاند، لەدوایین سەردانی مەنوچەهر موتەکی وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ عێراق، زۆر بەراشکاوی داوای لەبەرپرسانی عێراق کردووە کە سەرانی ئەو ڕێکخراوە ڕادەستی ئێران بکرێتەوە، "بەڵام حکومەتی عێراق ڕادەستکردنەوەی قبوڵ نەبووەو بەڵێنی ئەوەی بەئێران داوە کە لەخاکی وڵاتەکەی خۆی دوورمان بخاتەوە".

بەپێی وتەی سەرچاوەکەی موجاهیدینی خەڵقی ئێران، زانیارییان پێگەیشتووە کە لەم هەفتەیدا جارێکی دیکە هێزەکانی عێراق بڕیاریانداوە هەڵبکوتنەوە سەر کەمپی ئەشرەف.

لەدووەمانگی ڕابردوودا، هێزکانی سوپای عێراق هەڵیانکوتایە سەر کەمپی ئەشرەفو نزیکەی یانزە کەس کوژرانو ٥٠٠ کەسی تریش بریندارببوونو ژمارەیەکیشیان لێ دەستگیرکرا.

بەپێی قسەکانی سەرچاوەکەی کەمپی ئەشرەف، ئەوان ئامادەنین بەهیچ شێوەیەك ئەو کەمپە چۆڵبکەن، "حکومەتی عێراق دەیەوێت بەزۆر کەمپەکەمان پێ چۆڵبکات، بەڵام ئێمە ئەو داوایەی حکومەتی عێراق ڕەتدەکەینەوەو ڕووبەڕوویان دەبینەوە ئەگەر بەخوێنرشتنیش بێت".

لەلایکی دیکەوە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر زاری (ئایان کیلی) وتەبێژی وەزارەتی ناوبراوەوە، داوای لەکاربەدەستانی حکومەتی عێراق کرد لەکاتی گواستنەوەی ئەو کەمپەدا ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر، بەڵام دوور لەتوندوتیژی، هاوکات عەلی دەباغ وتەبێژی فەرمی حکومەتی عێراق ڕایگەیاند، ئەوان ڕێگە نادەن ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێرانی لەناو خاکی عێراقدا بمێننەوە".

دەباغ ئاماژە بەوەشدەکات، سەرەتای دەرکردنیشان لەناو خاکی عێراقدا بەچەند قۆناغێکدا تێپەر دەبێت، سەرەتا دوورخستنەوەیان بۆ نوگرە سەلمان لەپارێزگای موسەننا دواتریش دەرکردنیان لەناو خاکی عێراق.

بەبڕوای شارەزایەکی سیاسی لەکاروباری سیاسەتی ئێران کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بۆ دەستووری ڕوونکردەوە، چارەنووسی ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق بەهەمان شێوەی چارەنووسی دەیان گروپ سیاسیی تر، دەکەوێتە نێو گەمەیەکی سیاسی نێودەوڵەتییەوە.

ئەو شارەزایە لەسیاسەتی ئێران پێیوایە، پێناچێت جارێکی تر ئەو ڕێکخراوە چانسی هەبێت بتوانێت درێژە بەگەمەی سیاسی بدات، "بەحکومی ئەوەی ئێستا ئەو ڕێکخراوە تووشی قەیرانێکی گەورە بووەتەوە، هەتا لەناو خاکی عێراقیشدا بن، ناتوانن هیچ ڕۆڵێکیان هەبێت، چونکە یاسایەك نییە لەعێراق پشتیوانی لەموجاهیدینی خەڵق بکات".

سەبارەت بەهەڵوێستی ئەمریکا سەبارەت بەو ڕێکخراوە، ئەو شارەزایە ئاشکرایکرد، دیارە ئەمریکا بەدوای بەرژەوەندی خۆیدا دەگەڕێت، "بەڵام پێموایە ئەو ڕێکخراوە لەنێو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا جێگەی خۆی هەیە، چونکە ئەگەر وەك کارتێکیش لەبەرامبەر تاران بەکاری بێنێت، ئەوا بەلای ئەمریکاوە گرنگە، بەڵام لەهەمووی گرنگتر خاڵێکە کە پێویستە هەموومانو موجاهیدینی خەڵقیش بیزانن ئەوەیە ئەمریکا پشت لەحکومەتی عێراق ناکات لەبەر ڕێکخراوی موجاهیدین".

ئێستا لەنێو کەمپی ئەشرەفدا، نزیکەی ٣٥٠٠ ئەندامی موجاهیدین نیشتەجێن کە بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵی ئێرانی، نزیکەی ١٠٠٠ کەس داوای گەڕانەوەیان بۆ ئێران کردووە، بەڵام ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق ئەو هەواڵە ڕەتدەکەنەوەو بەشەڕی دەروونی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەسیفدەکەن.

# گۆڕانکاریی کەشوهەواو گەمەی رۆڵێتی روسیا

میخایل گۆرباچۆڤ و ئەلیکسەندەر لیکهۆتال

جنێڤ:

بەردەوامبوونی گومانەکانو بەبنبەستگەیشتنی دانوستانەکان گەیشتە لوتکە لەکاتی راگەیاندنێکدا کەناوەرۆکەکەی ئەوەیە کۆنگرەی کەشوهەوای کۆپنهاگن رێککەوتننامەیەکی گشتگیریی لەبارەی کەشوهەوای جیهانەوە لێناکەوێتەوە، بێگومان ئەوە کارێکی تا سەر نائومێدییە، هەرچەندە هەمیشە مەبەست لەلوتکەی کەشوهەوای کۆپنهاگن ئەوەبوو کەببێتە هەنگاوێکی گواستنەوەو لەهەموویشی گرنگتر دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین دوای کۆنگرەکە بەرەو کوێ دەچین؟

دەستەواژەی (رۆژی دواتر) زۆر جار پەیوەندی بەشوێنەواری قێزەونی زیادەرۆییکردنەوە هەیە لەخواردنەوە کحولییەکان، نەگەیشتن بە رێککەوتننامەیەکی مولزیم کاریگەریی قێزەونی لەسەرئاستی جیهان لێدەکەوێتەوە نەك تەنیا بۆ رۆژێك، خەڵك لەپێشبینییەکانی فەوتان بێزارنو خەو بە روودانی موعجیزە لەکۆپنهاگن دەبینن. بۆیە شکست دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانە بەسیاسەتمەدارانی جیهان لەسەر ئاستێکی فراوان بەجۆرێك کە وەکو جاری جارانی لێنایەتەوە، جێی سەرسورمانیش نییە کە حکومەتەکان هەوڵبدەن بۆ ئیدارەکردنی پێشبینییەکانی خەڵك بەهەموو پەرۆشییەکەوە.

ئەوەی رووبەرووی دروستکەرانی بریار لەئێستادا دەبێتەوە تەنیا نزیکبوونەوەی جیهان لە"خاڵی کودەتا" نییە، لەکاتێکدا کەشوهەوایەکی گۆرراو مەترسییەکی گەورەیە، پێشتر سیاسەتێکی ناجێگیر بوەتە شتێکی راستەقینە، دانوستانە رەسمییەکان پەیوەندییان بەواقیعەوە نییە، بەگوێرەی نوێترین توێژینەوە زانستییەکان ئەو پێشنیازانەی ئێستا لەدانوستانەکاندا دەخرێنەروو دەبنە مایەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەوی بە بڕی ٤ پلەی سەدی لەماوەی ئەم سەدەیەدا–واتە نیوەی لانیکەمی ئەوەی کەسەرانی گروپی هەشتو سەرانی تری جیهان تەبەنیان کردوە کەبڕی دوو پلەی سەدییە، ئەمەش وامان لێدەکات رووبەرووی پتر لە٥٠٪ی ئەگەرەکانی تێپەڕاندنی کەشوهەوای جیهانی لەخاڵی کودەتا ببینەوە.

بەم شێوەیە گەیشتن بەرێککەوتننامەیەك کەپشت بەو پێوەرانە ببەستێت کە لەسەر مێزی دانوستانەکان خراونەتەروو لەئێستادا رەنگە بمانخاتە هەڵوێستێکی زۆر مەترسیدارتر لە گەمەی رۆڵێتی روسی (گەمەیەکی کوشندەیەو بریتییە لەدانانی فیشەکێك لەمەخزەنی دەمانچەیەکداو تەقاندنی بەئاڕاستەی سەری کەسێك بەشێوەیەکی هەرەمەکی)، بۆئەوەی جیهان لەشوێنەواری قێزەونی نەگەیشتن بە رێککەوتنێك بەدووربگرینو بگەین بە رێککەوتننامەیەك، دەبێت پێشکەوتنی راستەقینە بەدەستبهێنینو تائێستاش لەتواناماندایە لەکۆپنهاگن ئەو ئامانجە بەدیبهێنین.

لەئێستادا باشترین ئەگەر لەبەردەمان خۆ رزگارکردنە لەپرۆسەیەکی دوو قۆناغیی، یەکەم پێویستە لەسەر وڵاتانی جیهان بەلێنێکی سیاسی بدەن بەوەی پابەند دەبن بەچوارچێوەیەکی کار کەکۆی ئامانجەکان لەخۆبگرێتو چوارچێوەیەکی کاری دامەزراوەیی لەخۆبگرێتو بەڵێننامە بدەن بەکاری زوو لەئەستۆگرتنی بودجەکەی. پێویستە راگەیاندنی کۆنگرەکە ئیمزاکردنی رێککەوتننامەیەکی مولزیم بەلوتکەی کۆپنهاگنی دووبارە (COP١٥–bis) لەساڵی ٢٠١٠ لەخۆبگرێت، ئەوەش بوار دەدات بەئەمەریکاو وڵاتەکانی تر کەیاسای پێویست بۆ ئەو مەبەستە گەڵاڵە بکەنو بواریش دەدات بە دانوستاندکارەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆئەوەی راگەیاندنی لوتکەی کۆپنهاگن (COP١٥) بکەنە جەستەیەکی یاسایی شیاو کە گونجاوبێت بۆئەوەی بخرێتە بواری جێبەجێکردنو کارپێکردنەوە، ئەگەر ئەوە مانای سەرلەنوێ دارشتنەوەی پەیماننامەکەی ئێستایە بەتەواوی باوابێت، جگە لەوەش پێویستە کۆنگرەی پێداچوونەوە لەساڵی ٢٠١٥ ببەسترێت بەئامانجی گۆڕینی ئامانجەکانمانو پلانەکانمان بەگوێرەی داتا نوێیەکان، بەم شێوەیە لەئێستاداو زۆر لەهەر کاتێکی تر پێویستە کە سەرانی وڵاتانی بەشدار لەکۆنگرەکەی کۆپنهاگن خۆیان ئامادەبن، لەبەرئەوەی چارەسەرێك کە لەدوو قۆناغ پێکهاتبێت سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر راستەوخۆ لەلایەن سەرکردەکانەوە کاری بۆ نەکرێت.

لەساڵی ١٩٨٥، لەکاتی گەرمبوونی جەنگی سارددا، کاتێك دانوستانەکانی نێوان ئەمەریکاو یەکێتیی سۆڤیەت لەلوتکەی جنێڤ پەکیانکەوت، رێنمایی درایە دانوستاندکارەکان لەلایەن سەرانی بێزاریان لەبەدەستنەهێنانی هیچ پێشکەوتنێك "هیچ بیانوویەکمان ناوێت بۆ تەواونەکردنی ئەو ئەرکە، پێویستە لەسەرتان ئەرکەکە تەواوبکەن". بۆ بەیانی دواتر هەروولا رێککەوتن، دەبێت سەرانی ئەمڕۆی جیهانیش بچنە کۆپنهاگنو بڵێن: "دەمانەوێت ئەم کارە تەواوببێت".

بۆئەوەی کۆنگرەی کۆپنهاگن بەرەوپێش بچێت، دەبێت سەهۆڵبەندانی سیاسیی نێوان وڵاتانی پیشەسازیو وڵاتانی تازەگەشەسەندوو بشکێنرێت، دەبێت ستەمەکانی پەیوەست بەمەسەلەی کەشوهەوا چارەسەربکرێت، وڵاتانی تازەگەشەسەندوو زۆربەی باجی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا دەدەنو خەرجییەکی زۆریان کەوتووەتە ئەستۆ، دەبێت وڵاتانی دەوڵەمەند لەسەر مێزی دانوستانەکان بڕی پارەی پێویست بۆ هاوکاریکردنی وڵاتە تازەگەشەسەندووەکان لەکەمکردنەوەی ئەو تێچوونە دابنێن. پەڵپوبیانووی نەبوونی پارەی پێویست، بیانوویەکی بەتاڵە، وڵاتانی دەوڵەمەند توانیویانە چەندین تریلیۆن دۆلار بۆ رزگارکردنی بانکەکان لەکاتی قەیرانە داراییەکەدا دابین بکەن.

وڵاتانی هەژار درکیان بەوەکردوە کەناتوانن پێشکەوتنەکان پەکبخەن، ئێستا بونەتە هێزی مافی ڤیتۆی راستەقینە بۆ گروپی ٧٧ زائید چین لەئەنجومەنی ئاسایشی سەربەنەتەوەیەکگرتووەکان، لەخۆرئاوا بەر لەدە ساڵ لەمەوبەر کێ بەخەیاڵیدا دەهات، کە خۆشگوزەرانی رۆڵەکانی پەیوەستە بەو بڕیارانەی لەپەکینو دەلهیو ئەدیس ئابابا دەدرێن؟

کەواتە پێویستە لەسەر وڵاتانی پیشەسازی کەپێشنیازێکی راستەقینە بۆ تەرخانکردنی ئەو پارەیە لەسەر مێزی دانوستانەکان لەنزیکترین دەرفەتدا بخەنەروو، بۆئەوەی بوار بدرێتە وڵاتانی گەشەسەندوو کە کاردانەوەیان ئیجابی بێتو پابەندبن، زۆر گرنگە لەنزیکترین کاتدا راگەیاندنێك بەتەرخانکردنی پارەیەکی سەرەتایی کە لە ١٠ملیار دۆلار کەمتر نەبێت بۆ پێشکەشکردنی هاوکاریی دەستبەجێ بە وڵاتانی گەشەسەندو رابگەیەنرێت، ئەمەش رێگە خۆشکەر دەبێت بۆ دروستکردنی ئەو متمانەیەی لەئێستادا نیمانەو بەدەستییەوە دەناڵێنین، جگە لەدروستکردنی هەل ومەرجێکی گونجاو بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستاندنی بەرهەمدار.

دەبێت سەرانی جیهان راستگۆو نەزیە بن لەمامەڵەکردنیان لەگەڵ ئاستەنگەکانو بزانن کەمەسەلەکە پێویستی بەگۆڕانکاریی گشتگیرە نەك تەنیا چەند ئاماژەیەك، پێویستە چاو بەپێوەری وەڵامدانەوە رەسمییەکانی گۆڕانکاریی کەشوهەوادا بخشێنرێتەوە بەجۆرێك لەگەڵ ئاستی هەڕەشەکاندا بگونجێت، دەبێت هەر رێککەوتننامەیەکی نوێی جیهان لەسەر بنەمای زانستی بێت نەك لەسەر بنەمای تەوافوقسازی لەسەر کەمترین خاڵی هاوبەش کەبەرژەوەندییە هاوبەشەکان دەیجولێنێت.

ئیدارەدانی سەرکێشییە عاقڵانەکان ئەمرۆ ناچارمان دەکات بەپێویستی چەسپاندنی ئاستی کاربۆن لەبەرگی ئاسماندا لە ٣٥٠ بەش لەملیۆنێك بارستەی دوەم ئۆکسیدی کاربۆن نەك ئەو ئاستەی ئێستا کەگەیشتوەتە ٤٥٠ بۆ ٥٠٠ بەش لەملیۆنێك، ئەوەش پێویستی بەکەمکردنەوەی گازە دەرپەڕیوەکان بۆ لانیکەمی ٤٥–٥٠٪ لەوڵاتانە پیشەسازییەکان تاساڵی ٢٠٢٠و دواتر رزگاربوونی تەواوەتی لەکاربۆن بەهاتنی ٢٠٥٠ هەیە، نەك ئاستەکانی ١٥٪ بۆ ٢٥٪ تا ساڵی ٢٠٢٠و دواتر ٦٠٪ بۆ ٨٠٪ بەهاتنی ساڵی ٢٠٥٠، کەئەم ئاستانە ئێستا لەسەر مێزی دانوستانەکان باسیان لێوەدەکرێت. پێویستە لەسەر وڵاتانی تازە گەشەسەندووی سەرەکی کەپابەندبن بەپلانێکی کاری نیشتمانی گونجاو بۆ کەمکردنەوەی شوێنەواری گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، بەڵام دەبێت وڵاتانی دەوڵەمەند یەکەمجار بجوڵێنو تەمبەڵیکردنی ئەو وڵاتانە لەکارکردن لەماوەی ٢٠ ساڵی رابوردودا مافی ئاڕاستەکردنی پەنجەی تۆمەتبارێکردنیان پێنادات.

نابێت حکومەتەکان راستییەکان لەهاووڵاتییەکانیان بشارنەوە، لەبەرئەوەی هەمووان دەبێت قوربانیی بدەین، ئایا دەتەوێت خانووەکەت پیسو پۆخڵو مەترسیدار بێت، یان پاکوخاوێنو گونجاوو ئارام؟ ئایا دەتەوێت بەمنداڵەکانت بڵێیت: "رۆڵەکانم، ئەم خانووەم بەمیرات بۆ ماوەتەوە، بەڵام هیچ دەستکاریم نەکردووەو ئەگەر هەیە لەهەر کاتێکدا سەقفەکەی بەسەرتاندا بروخێتو دەبێت هەمیشە بترسن"؟ بێگومان هیچ کام لەئێمە نایەوێت ئەو میراتییە بۆ رۆڵەکانی بەجێبهێڵێت.



زەوی دەسوتێت

# گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا گەورەترین مەترسییە لەسەر تەندروستی دانیشتوانی گۆی زەوی

ئا: نەوزاد سدیق

کێشەی قەتیسبوونی گەرما بووەتە قسەوباسی ئێستای نێوەندە زانستییەکانو جێی گفتوگۆی نێوان نوێنەرانی وڵاتانی پیشەسازی، لەبەرئەوەی هەمووان لەئاستی مەترسییەکانی بۆ سەر دانیشتوانی گۆی زەوی تێگەیشتوونو بەگوێرەی راپۆرتی لیژنەیەکی گۆڤاری لانسێتی پزیشکی بەریتانیا، گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر تەندروستی جیهان لەسەدەی بیستو یەکەمدا.

لە راپۆرتەکەدا هاتووە "بەرزبوونەوەی پلەی گەرماو کارەساتە سروشتییەکانی وەکو وشکەساڵیو لافاوو گۆڕانکارییەکانی تری کەشوهەوا کاریگەریی دروستدەکات لەسەر ئاسایشی خۆراکو ئاو کەکاردەکاتە سەر تەندروستی دانیشتوانی گۆی زەوی".

ئامادەکارانی راپۆرتەکە کە بەناونیشانی (ئیدارەدانی کاریگەرییە تەندروستییەکانی گۆڕانکاریی کەشوهەوایە) تیشکیان خستوەتە سەر شەش بواری سەرەکی کەبریتین لە: شێوازی نەخۆشییەکانو گیانلەدەستدان، ئاسایشی خۆراك، ئاوو ئاوەڕۆ، لانەو نشینگە مرۆییەکان، دیاردەو رووداوە زۆر مەترسیدارەکان، کۆچی دانیشتوان.

هەر لەو چوارچێوەیەو بەگوێرەی توێژینەوەیەکی رێکخراوی تەندروستی جیهان، بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماوە لەحەفتاکانی سەدەی رابوردووەوە تا ساڵی ٢٠٠٠، ساڵانە ١٥٠هەزار کەس گیانیان لەدەستداوە.

راپۆرتەکەی گۆڤاری لانسێت باس لەوەدەکات کە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا کاردەکاتە سەر تەندروستی ملیۆنان مرۆڤو تەنیا پەیوەندی بە ورچەکانی هەردوو جەمسەری باکوورو باشوورەو نەمانی دارستانەکانەوە نییە.

لەلایەکی ترەوە، بەگوێرەی کۆمەڵەی پاراستنی ژیان لەوشکانی، ١٢ نەخۆشی کوشندە کە خۆی لەئەنفلۆنزای باڵندە تا تای زەردا دەبینێتەوەو مەترسیدارترینیان کۆلێراو تاعونە بەهۆی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواوە خێراتر بڵاودەبنەوە.

ستیڤن ساندەرسۆن سەرۆکی کۆمەڵەکە دەڵێت: "دەستەواژەی گۆڕانکاریی کەشوهەوا دیمەنی توانەوەی شاخە سەهۆڵینەکانو بەرزبوونەوەی ئاستی دەریاکانمان دێنێتە بەرچاو کەهەرەشەن لەسەر شارە کەنارییەکانو وڵاتەکان، بەڵام ئەوەی کەمتر جێی بایەخە ئەوەیە کە چۆن بەرزبوونەوەی پلەی گەرماو ئاستی جۆراوجۆری چڕبوونەوەی هەڵم فاکتەرە ترسناکەکانی نەخۆشییەکان دەگۆڕێت".

لیژنەی کەشوهەوای سەر بەنەتەوە یەککگرتوەکانیش باس لەوەدەکات کە زۆربوونی رێژەی ئەو گازانەی دەبنەمایەی دیاردەی قەتیسبوونی گەرما پلەی گەرمای گۆی زەوی بەرزدەکەنەوە.

بەگوێرەی نوێترین راپۆرتی رێکخراوی تەندروستی جیهانیش، دەبێت وڵاتانی ئاسیا بەهەمان ئاستی ئامادەکارییان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بڵاوبونەوەی پەتاو نەخۆشییەکان، خۆیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کارەساتە سروشتییەکان ئامادە بکەن.

شجیرۆ ئومی بەرێوەبەری رێکخراوەکە لە خۆرئاوای زەریای ئارام دەڵێت: "بەرزبوونەوەی پلەی گەرما کاریکردووەتە لەسەر سەرهەڵدانەوەی نەخۆشی مەلاریاو تووشبوون بەو پەتایە لەچەند شوێنێکدا تۆمارکراوە کەپێشتر نەبوە".

وتیشی: "بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، بووەتە هۆی زیادبوونی حاڵەتەکانی توشبوون بە تای دنج لەئاسیا، بۆ نموونە لەسەنگافورە پلەی گەرما لە ٢٦,٩ لەساڵی ١٩٧٨ گەیشتووەتە ٢٨,٤ پلە لەساڵی ١٩٩٨و بەهۆیەوە ژمارەی توشبووان بەو پەتایە دە هێند زیادیکردوە".

لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەنووسان لەشاری کوالالامپوری پایەختی مالیزیا، ئومی بە رۆژنامەنووسانی وت: "هەمووان بایەخ بەگەشەپێدانی ئابووری دەدەین بەڵام دەبێت بەشێوەیەك لە شێوەکان هاوسەنگی لەنێوان گەشەپێدانو پاراستنی ژینگەدا بکەین، ئەگەر وانەکەین دەبێت خۆمان بۆ رووبەڕوونەوەی ئاکامی ترسناك ئامادە بکەین".

لەو رووەوە زانایان باس لەوەدەکەن، قەتیسبوونی گەرما تەنیا نەبووەتە مایەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماو توانەوەی ناوچە سەهۆڵبەندانەکان، بەڵکو بووەتە مایەی لەناوچوونی چەندین جۆر باڵندەو رووەك.

پسپۆرەکان دووپاتیدەکەنەوە کە نزیکەی ٧٠ جۆر بۆق بەهۆی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواوە لەناوچوونو ژیانی ١٠٠ بۆ ٢٠٠ جۆری تری گیانلەبەرانی ناوچە ساردەکان لەمەترسیدایە.

کامیل بارمیسان سەرۆکی یەکێك لەو تیمانەی لەو دیاردەیە دەکۆڵنەوە دەڵێت: "کۆچی بەکۆمەڵی باڵندەو گیانلەبەرەکان لەپاکورەوە بۆ باشوور، هەوڵەکانی خۆگونجاندنیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان دەردەخات لەپاڵ گۆڕانکارییە بەرچاوەکان لەجیهانی رووەکەکانداو زیادبوونی ژمارەی مێرولەکانو کەروەکان".

کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا هەڕەشەیە بۆ سەر هەژارەکانو بەگوێرەی راپۆرتێکی رێکخراوی خۆراکو کشتوکاڵی سەر بەنەتەوە یەککگرتوەکان، گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لەخۆرهەڵاتی ناوەراست بوەتەهۆی کەمبوونەوەی بەروبوومی کشتوکاڵیو ئاڵۆزبوونی کێشەی کەمئاوی.

راپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە ژمارەیەك لە وڵاتانی ناوچەکە بەدەست کەمبوونەوەی زەوی کشتوکاڵیو کەمئاوییەوە دەناڵێنن لەبەرئەوەی بەهۆی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواوە پلەی گەرما زیاتر بەرزدەبێتەوەو دەبێتەهۆی وشکەساڵی زیاترو لافاوو بەبیابانی بوون.

لەبەشێکی راپۆرتەکەیدا رێکخراوەکە دەڵێت: "مەترسی ململانێ لەسەر ئاو زیاددەکات، جگە لەوەش برسیەتیو بەدخۆراکی بەهۆی گۆڕانکارییەکانی کەش وهەواوە زیاتر دەبێتو کاریگەریی گەورەتری دەبێت لەسەر هەژارەکان".

### دۆستو دوژمنانی ژینگە

کۆمەڵەی پاراستنی ژینگەی ئەڵمانی کە بەجێرمان وۆچ ناسراوە لیستێکی بەناوی ئەو وڵاتانەوە ئامادەکردووە کەکار بۆ پاراستنی کەشوهەوا ناکەن.

لیستەکە ٦٥ دەوڵەتی لەخۆگرتوە کەبەگوێرەی پلەی بایەخدانیان بەپاراستنی ژینگەو کەشوهەوا ریزبەند کراونو ئەمەریکا یەکەم دەوڵەتە لە روی قەبارەی گازە دەرپەڕیوەکان. دوای ئەمەریکا چین دێت، ئەمە لەکاتێکدا خانەی سێ یەکەم دەوڵەتی پارێزەری ژینگە خاڵییە هەرچەندە سویدو بریتانیاو دانیمارك لەپێشەنگی ئەو وڵاتانەدان کەکاردەکەن بۆ پاراستنی ژینگەو کەشوهەوا بەڵام بەگوێرەی کۆمەڵەکە تائێستا رێوشوێنی پێویست بۆ کەمکردنەوەی بڕی گازەکان نەگیراوەتە بەر.

لە ریزبەندییەکەدا ئەڵمانیا بەپلەی پێنجەم دێت، لەبەر بەرزی رێژەی بەکارهێنانی خەڵوز لەبواری کارەباو دەستکەوتنی وزەدا.

### چارەسەر چییە؟

لەکاتێکدا بەگوێرەی راپۆرتێکی لیژنەی زانستی توێژینەوەی جەمسەری باشور، ئەگەر بەتێکڕای ئێستا بەرزبونەوەی پلەی گەرمای گۆی زەوی بەردەوام بێت، ئەوا ئاستی دەریا لەماوەی دەیەی داهاتودا بەشێوەیەك بەرزدەبێتەوە کە هەڕەشە لەهەندێك وڵاتو دورگەو شاری گەورە دەکاتو لەسەر نەخشەی جیهان دەیانسرێتەوە، لیژنەی گۆڕانکاریی کەشوهەوای نێودەوڵەتی پێشنیازدەکات، تەکنەلۆژیای ئەندازەیی ژینگە لەوانە بڵاوکردنەوەی هەوری دەستکرد لەسەر زەریاکان کەتیشکی گەرما بەئاڕاستەی بۆشایی ئاسمان بداتەوە، جگە لەوەش ئەو درەختانە بروێنرێت کە لەتوانایاندایە گازە زیانبەخشەکان هەڵبمژنو لەلایەکی دیکەشەوە روو لەدروستکردنی ئەو تەلارانە بکرێت کەبەمادەی هەڵمژەری گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن نەخشێنراون یان لەتوانایاندایە تیشکی گەرما بدەنەوە.

لەگەڵ جیاوازی پێشنیازەکانو ناکۆکیو مشتومڕی کۆمەڵەو رێکخراوەکان، هەموو دیدگاکان لەسەر لوتکەی کۆپنهاگنە بەئومێدی ئەوەی گۆی زەوی لەکاریگەرییە خراپەکانی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بپارێزێت.

سەرچاوە: ئاژانسەکان

### وەزیری پێشوی ژینگەی عێراق:

# کۆچی دانیشتوان لەلادێکانەوە گەورەترین گرفتی ژینگەییە لەهەرێمی کوردستان



عەبدولڕەحمان سدیق وەزیری پێشوی ژینگەی عێراق

دیمانە: دەستوور

**لەمیانی دیمانەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی دەستوور، عەبدولڕەحمان سدیق وەزیری پێشوی ژینگەی عێراق رایدەگەیەنێت کە کۆچی دانیشتوان لەلادێکانەوە بۆ ناو شارەکانو کەمبوونەوەی رووبەری سەوزاییو زۆربوونی ژمارەی هۆکارەکانی گواستنەوە، گەورەترین ئەو کێشانەن کە رووبەڕووی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە لە رووی پاراستنی ژینگەوە.**

**ئاماژە بەوەشدەکات کەپێشکەوتنەکان لەبواری ئاوەدانکردنەوەو خانووبەرە لەسەر حسابی ژینگەیە. ئەمەش دەقی دیمانەکەیە:**

**دەستوور:** با لەکۆنگرەکەی کۆپنهاگنەوە دەستپێبکەین، ئایا تا چەند کاریگەریی دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی ئەو مەترسییانەی بەهۆی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواوە لەسەر ژینگەی جیهان دروستبووە؟

**عەبدولڕەحمان سدیق:** مەسەلەی گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەریی دەبێت لەسەر بوارەکانی سیاسیو ئابووریی بۆیە سەرانی وڵاتان لەسەر زۆربەی رێککەوتننامەکان سەبارەت بە ژینگە رێکدەکەون، بەڵام تائێستا لەسەر رێککەوتننامەکانی تایبەت بەکەشوهەوا رێکناکەون، لەبەرئەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا پەیوەستە بەزیادبوونی بری گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنو گازە کاربۆنییەکان بەشێوەیەکی گشتی لەهەوادا کە ئەم گازانە رێگەنادەن ئەو گەرمایەی لەئەنجامی تیشکی خۆر پەیدادەبێت جارێکی تر بچێتە دەرەوەی گۆی زەوی، سەرەنجام پلەی گەرمای زەوی بەرزدەبێتەوە، ئەمەش بووەتەهۆی دروستبوونی کۆمەڵێک گۆڕان لەگەردونداو بەئاشکرا دەردەکەون، بەرزبوونەوەی گەرمای زەوی بووەتەهۆی توانەوەی بەستەڵەکەکانی باشوورو باکوور، سەرەنجام ئاستی ئاو لەزەریاو دەریاو رووبارەکاندا بەرزدەبێتەوە کەبەهۆیەوە لافاو چەند وڵاتێکی گرتوەتەوەو ژمارەیەك وڵاتی تریش بەدەست وشکەساڵییەوە دەناڵێننو لەهەندێك شوێندا دارستانەکان دەسووتێنو مەترسی کەمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی هاتووەتە ئاراوەو دیاردەیەك پەیدابووە بەناوی پەناهەندەی ژینگەیی واتە خەڵکانێك لەبەر هۆکاری سیاسیو ئابووری ناچار نەبوون وڵاتەکەی خۆیان بەجێبهێڵن، بەڵکو بەهۆی کارەساتە سروشتییەکانەوە ناچارن شوێنەکەی خۆیان بەجێبهێڵنو ئاوارەی وڵاتانی ترین کەئەوەش کێشەی سیاسیو سنوریی لەنێوان وڵاتەکاندا دروست دەکات.

توانەوەی بەستەڵەکی باکوور گۆڕانکاریی سیاسی یەکجار گەورەی دروستکردووە، چونکە ئەو بەستەڵەکانە کەدەتوێنەوە زەوییەکەی ژێریان دەردەکەوێتو ئەو زەوییانە سەر بەهیچ وڵاتێك نین بۆیە فرۆکەکانی روسیا دەفرنو دەچن ئاڵای وڵاتەکەیان لەو شوێنانە دەچەقێنن، ئەمە لەکاتێکدا نەرویجو وڵاتانی ئیسکەندەنافی خۆیان بەخاوەنی ئەو زەوییانە دەزانن، ئەمەریکاش

> دیاردەیەک پەیدابووە بەناوی پەناهەندەی ژینگەیی واتە خەڵکانێک لەبەر هۆکاری سیاسیو ئابووری ناچار نەبوون وڵاتەکەی خۆیان بەجێبهێڵن، بەڵکو بەهۆی کارەساتە سروشتییەکانەوە ناچارن شوێنەکەی خۆیان بەجێبهێڵن

لەو دیوی گۆی زەویو لەسنووری ئالاسکاوە ئەو زەوییانە بەهی خۆی دەزانێت، ئەمەش رەنگە نەتەوەیەکگرتووەکان پەلکێش بکات بۆ مەسەلەی دابەشکردنی زەوی ژێر بەستەڵەکە تواوەکان لەنێوان ئەو وڵاتانەدا.

دەوڵەتان ئەمجارەش لەکۆنگرەی کۆپنهاگن کە پانزەمین کۆنگرەی تایبەتە بەکەشوهەوا بۆیە پێی دەوترێت کۆنگرەی کۆپنهاگنی ١٥ کۆبونەتەوەو پێشتر نەتەوەیەکگرتوەکان لەڕێی بەرنامەی پاراستنی ژینگەوە لە رۆژی ٥ی حوزەیرانی ئەمساڵ کە ساڵرۆژی جیهانی ژینگەیە، بریاریدا مانگی کانونی یەکەم ئەم کۆنگرەیە لەشاری کۆپنهاگنی دانیمارك ببەسترێتو رۆژانی ٧-١٨ی ئەم مانگە بخایەنێتو نوێنەرانی ١٩٨ دەوڵەتەکەی جیهان بەشداریی تێدا بکەنو لە رۆژانی ١٧و ١٨شدا، سەرانی وڵاتەکانو کەسی یەکەمی ئەو وڵاتانە دەبێت ئامادە بنو رێکخراوەکە جەختدەکاتەوە لەسەر واژۆکردنی پرۆتۆکۆڵێك لەبارەی گۆرنکارییەکانی کەشوهەواوە لەجێی پرۆتۆکۆلەکانی تر کەپرۆتۆکۆلەکانی پێشو لەکۆنگرەی ریۆ دی جانیرۆی بەرازیلو کۆنگرەی زەوییەوە دەستپێدەکات، دواتر پرۆتۆکۆلی کیۆتۆیە لە ژاپۆن لەساڵی ١٩٩٧ کەبڕیاردرا تا ساڵی ٢٠١٢ کار بە راسپاردەکانی کۆنگرەکە بکرێت، بەڵام ئەمەریکا کەبەیەکەم پیسکەری ژینگە دادەنرێت بەهۆی قەبارەی ئەو ئابوورییەی هەیەتی واژۆی نەکردو بەوپێیە بەشێوەیەکی تەواو کار بەناوەڕۆکی پرۆتۆکۆڵەکە نەکرا، لەئێستادا نەتەوەیەکگرتووەکان داوادەکات پرۆتۆکۆلێکی نوێ واژۆبکرێتو تاساڵی ٢٠٢٠ رێژەی گازەکان لەهەوادا بە رێژەی ٢٥٪ کەمبکرێتەوە بۆئەوەی سنورێك بۆ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی زەوی دابنرێت.

**دەستوور:** ئەو کۆنگرەیە چ کاریگەرییەکی لەسەر کەشوهەوای کوردستانو هەرێم دەبێت؟

**عەبدولڕەحمان سدیق:** پاراستنی ژینگە سنووری سیاسی ناخوێنێتەوە، دەکرێت بڵێین ١٩٨ دەوڵەت هەیە لەرووی سنووری سیاسیو ئیدارییەوە، بەڵام لە رووی ژینگەوە یەك زەویمان هەیە بۆیە ئەوانەی خۆپیشاندان دەکەن لەدژی پیسبونی ژینگە، ئەو دروشمە بەرزدەکەنەوە کە زەوییەکی تر شك نابەن ئەگەر ئەم زەوییە بارودۆخی تێکبچێت، تەنانەت کار گەیشتوەتە ئەوەی بەشێك لەسینەماکارانیش فیلمی ٢٠١٢ بەرهەم بهێنن کەتیایدا باس لەوەدەکەن جارێکی تر وەکو لافاوەکەی نوح، لافاوێکی تر دروستدەبێتو دانیشتوانی تەواوی گۆی زەوی دەکەونە بەر هەرەشەی لافاوو بورکانەکانەوە، بۆیە هەرێمی کوردستانو عێراقیش وەکو وڵاتانی دیکەی ناوچەکە پابەنددەبن بەو پرۆتۆکۆلەی لەکۆنگرەکەدا واژۆدەکرێت، چونکە عێراقیش وڵاتێکی بەرهەمهێنەری نەوتەو برێك گازی کاربۆن بەرهەمدەهێنێت.

**دەستوور:** ئایا بەشداریکردنی نوێنەرانی عێراق لەو کۆنگرە پرۆتۆکۆلییە، تاچەند لێپرسراوانی عێراق کاریان کردوە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی ژینگە؟

**عەبدولڕەحمان سدیق:** دیارە کە دەوترێت تەواوی وڵاتانی جیهان بەشداری تێدادەکەن، مانای وایە تەواوی وڵاتانی جیهان بەشدارن، بەڵام گرنگ ئەوەیە چەند وڵاتیان پابەند دەبێت بەبڕیارەکانەوەو ئەوەش باجی دەوێت، لەکۆنگرەکەدا تائێستا دوو رەشنووس گەڵاڵەکراوە کەتیایاندا جەختکراوەتەوە لەسەر سێ خاڵ، خاڵی یەکەمیان ئەوەیە کەپێویستە وڵاتانی بەرهەمهێنو زلهێز لەبواری ئابووریدا بەجۆرێك بەرهەمهێنان رێکبخەن کە پلەی گەرمای زەوی بەرزنەبێتەوەو رێژەی کاربۆن لەوە زیاتر نەبێت لەهەواداو تاساڵی ٢٠٢٠ بەرێژەی ٢٥٪ کەمی بکەنەوەو تاساڵی ٢٠٥٠ بەرێژەی ٥٠-٩٠٪، خاڵی دووەم ئەوەیە ئەو وڵاتانەی تر کەوڵاتانی باشووریان پێدەوترێتو دەستیان نییە لەبەرهەمهێنانی پیشەسازیدا، بەڵام باجی گۆڕانی کەشوهەوا دەدەنو دووچاوی وشکەساڵیو لافاودەبنەوە، دەبێت لەلایەن وڵاتانی زلهێزەوەو لەرێی دانانی سندوقی قەرەبوکردنەوەوە، قەرەبوو بکرێنەوە، لەخاڵی سێیەمیشدا هاتووە دەبێت شێوازی ژیانی خەڵك گۆڕانکاریی بەسەردابێتو ئەم شێوازی ژیانەی ئێستا بگۆرێت لەبەرئەوەی یەکێك لەهۆکارەکانی زیادبوونی کاربۆن لەهەوادا هۆکارەکانی گواستنەوەن، وەك دەبینین ئەم هۆکارانە رۆژ بەرۆژ زیاد دەکەنو لای خۆشمان خێزانی وا هەیە پێنج کەس یان ٤ کەسیان مۆڵەتی لێخورینی ئۆتۆمبیلیان هەیە، بەڵام لەئێستادا وڵاتانی ئەوروپا بیریان لەوەکردووەتەوە لەمەودوا هەر خێزانێك یەك کەس بن یان ١٠ کەس یەك مۆڵەتی لێخورینی ئۆتۆمبێلیان پێبدرێتو پێویستە یەك ئۆتۆمبێلیان هەبێت، بۆئەوەی نەبنە مایەی زیاتری پیسبونی ژینگە.

عێراق لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە چەند پرۆتۆکۆلێکی لەبارەی پاراستنی ژینگەوە واژۆکردووەو دەبێت پابەندبێت پێوەیانەوەو بودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان تەرخان بکات.

**دەستوور:** پیسبوونی ژینگەی کوردستان وەکو ئێوە ئاگادارین لەچ ئاستێکدایە؟

**عەبدولڕەحمان سدیق:** ئێمە کارگەی زەبەلاحی ئەوتۆمان نییە کەژینگەکەمان پیس بکات، ئێمە لەبواری ژینگەدا گرفتەکانمان لەچەند روویەکەوە دەردەکەوێت کەگرفتی هەرە گەورەمان بریتییە لەچۆڵکردنی گوندەکان، بەو مانایەی ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ٤٠-٥٠ ساڵ لەمەوبەر بەتایبەتی بۆ ساڵی ١٩٦٤ رێژەی دانیشتوانی گوندەکان ٨٠٪ بووەو رێژەی دانیشتوانی شارەکانی هەرێمی کوردستان ٢٠٪ بووە، بەڵام ئێستا بەگوێرەی دوایین ئامارەکان، رێژەکان پێچەوانە بونەتەوە، ٨٠٪ی دانیشتوان لەشارەکانو رێژەی ٢٠٪ لەگوندەکان دەژین، ئەمەش وایکردوە ئەو زەوییانەی جاران سەوزبوونو کشتوکالیان تێدادەکرا ئێستا جێهێڵراونو کاریگەریی وشکەساڵیان بەسەرەوەیە، سەرەنجام گرفتی لاسەنگبوونی دانیشتوانی شارو گوند گرفتی گەورەی ژینگەییو کشتوکاڵی بۆ هەرێم دروستکردووە، نەمانی دارستانەکانو کەمبوونەوەی رووبەرەکانیان گرفتێکی تری ژینگەیە هەرچەندە ساڵانە هەڵمەتی سەوزکردنەوە سازدەکرێت، بەڵام نەمامەکان ناپارێزرێن، جگەلەوەش کەمی رووبەری سەوزایی شارەکان گرفتێکی تری ژینگەییە لەهەرێم، لەکاتێکدا دەبێت رووبەری سەوزایی شارەکان بەپێی پێوەری نێودەوڵەتی ٢٥٪ بێت، بەڵام لەسلێمانیو هەولێرو دهۆك ١٪ تێپەرناکەن، لەکاتێکدا رووبەری سەوزایی بۆ نموونە لەتارانی پایتەختی ئێران گەیشتووەتە ٣٠٪و لەپەکینی پایتەختی چین ٥٠٪یە، کەواتە ئەو وڵاتانە توانیویانە رووبەری سەوزایی بپارێزن، بەڵام لای ئێمە هەر خانوویەك کە دروستدەکرێت حساب بۆ رووبەری سەوزایی ناکرێت، ئەمەش مەسەلەیەکی ترەو گرفتی لەنێو شارەکاندا دروستکردوە، هەروەها زیادبوونی ژمارەی هۆکارەکانی گواستنەوە بۆ نموونە ئەگەر بەراوردی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابوردوو بکەین لەگەڵ ئێستا لەشارێکی وەکو هەولێر، لەساڵی ١٩٧٥، ٢٥٠٠ ئۆتۆمبێلی تێدابووە، بەڵام ئێستا نزیکەی ٣٠٠ هەزار ئۆتۆمبێلی تێدایە، جگە لەنەبوونی هۆشیارییەکی ژینگەیی، هەروەها بەکارهێنانی ئەو هەموو مادە پلاستیکیانەی کە بەسەدان ساڵیش لەناو خاکدا شی نابێتەوە.

**دەستوور:** بەرێزت بەو پێیەی ماوەیەك وەزیری ژینگەی عێراق بوویت، لەهەرێمی کوردستانو عێراق چی کراوە بۆ پاراستنی ژینگە؟

**عەبدولڕەحمان سدیق:** دیارە وەزارەتی ژینگە لەعێراقدا نوێیەو لەساڵی ٢٠٠٣ یەکەم وەزارەتی ژینگە پێکهێنراوە، یەکەم یارمەتیدەرێك بۆ پاراستنی ژینگە نەتەوەیەکگرتووەکانە لەرێی پرۆگرامی پاراستنی ژینگەو هەروەها هاوپەیمانان لەسەردەمی مەجلیسی حوکمدا یارمەتیدەربوون لەگەڵاڵەکردنی یاسای پاراستنی ژینگەو دواتر پەسەندکردنی لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە کەئەوەش هەنگاوێکی گرنگ بوو، لەهەرێمی کوردستانیشدا پەرلەمان یاسای ژمارە ٨ی پاراستنی ژینگەی دەرکرد، لەئێستادا وەزارەتێك بەناوی ژینگە لەعێراقو دەستەیەکی تایبەتمەند بەپاراستنی ژینگە لەهەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام لەبەرنەبوونی هۆشیاری ژینگەیی لەهەرێمو لەبەر باری ناهەمواری ناسەقامگیریی ئەمنی لەعێراقدا هەوڵەکانی پاراستنی ژینگە زۆر لەدواوەیە.

**دەستوور:** رەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لەسەر هەرێمی کوردستان چین؟

**عەبدولڕەحمان سدیق:** ئەو دیاردانەی پێشتر نەبووەو ئێستا دەیبینین وەکو دیاردەی خۆڵبارین لە کاریگەرییەکانی گۆڕانکاریی کەشوهەوایە، جگەلەوەش مەسەلەی وشکەساڵی رەنگدانەوەیەکی ترەو پارساڵیش بودجەیەکی تایبەت بۆ وشکەساڵی لەهەرێمی کوردستان تەرخانکراوە، گۆڕانکارییەکان زۆربوون بەجۆرێك فەرمانگەکانی کەشناسیش ناتوانن پێشبینی کەشوهەوا بکەن، جۆرێك لەفەرامۆشکردنی ژینگەیی هەیە لەهەرێمی کوردستانو عێراق کە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کەدرك نەکردنێك هەیە لە رۆڵی ژینگە لەبواری پەرەپێدان، ئەو کارانەی لەبەرگی پێشکەوتن لەکۆمەڵگای کوردستان دەکرێت لەسەر حسابی ژینگەیە، بۆ نموونە ئەوەی لەبەرنامەی حکومەتدا هەیە کەبایەخ بەلادێکان بدرێتو بۆئەوەی خەڵك بگەڕێنەوە جێبەجێنەکراوە، کاتێك دەڵێین لەنێو شارەکاندا ئەندەرپاسو ئۆڤەرپاسو فرۆکەخانەوتێرمیناڵو خانووبەرەی زۆرو کشانی ئاسۆی خانووبەرە ئەگەر بەشێوازێك نەبێت کەهاوکاری پاراستنی ژینگە بکات، زیادکردنی رووبەری چیمەنتۆو قیرو بەردە لەسەر حسابی رووبەری سەوزایی، ئەگەر حساب بۆ پێوەری نێودەوڵەتی رووبەرە سەوزاییەکان نەکرێت، لەلایەکی ترەوە ئەگەر حکومەت رێنەگرێت لەهاوردەکردنی مادەی پلاستیکی ئەوا ژێرخانی ژێرزەویمان فشەڵ دەکاتو دواجاریش خانووبەرەکان ناتوانن لەسەری بنیاتبنرێنو تێکەڵ بەزەوی کشتوکاڵی بکرێن زیان بە رەگی درەختەکان دەگەیەنرێت ئەمە لەکاتێکدا مادەی پلاستیکی بۆ ١٠٠ ساڵ شی نابنەوە، بەجۆرێك لەجۆرەکان لەپێشکەوتنەکانی بواری بازرگانیو خانووبەرەو ئاوەدانکردنەوە رەچاوی پاراستنی بواری ژینگە نەکراوە، لەکاتێکدا لەزۆربەی وڵاتانی جیهان بەبێ رەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار بەپاراستنی ژینگە بوارنادرێت بەجێبەجێکردنی هیچ پرۆژەیەك، بەڵام لەکوردستان یاسای وەبەرهێنان پێش یاسای پاراستنی ژینگە پەسەندکراو کاتێك کۆمپانیاکان دەستبەکاربوون هیچ رێنماییەکیان لەبەردەستدا نەبوو لەبارەی پاراستنی ژینگەوە.

**دەستوور:** ئەرکی هاووڵاتیان لەپاراستنی ژینگەدا چییە؟

**عەبدولڕەحمان سدیق:** ئەم پرسیارە دەمانباتەوە بۆ ئەو پرسیارەی ئایا یاسا هۆشیاری دروست دەکات یان هۆشیاریی هاووڵاتییە یاسا گەڵاڵە دەکات، ئەزمونی وڵاتان دەریدەخات دەبێت یاساهەبێت بۆ پاراستنی ژینگەو لەبەر رۆشنایی ئەو یاسایە چەند رێنماییەك دەردەکرێنو دەزگا پەیوەندیدارەکان دەبێت جێبەجێی بکەن، ئەوکات هاووڵاتیان هۆشیاردەبنەوە لەبارەی پاراستنی ژینگە، بۆ نموونە بۆچی هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردستان هیچ شتێك لەبارەی هۆشیاری ژینگەیی نازانێت، زۆربەئاسانی لەناو ئۆتۆمبێلەکەیەوە شت فڕێدەداتە سەر جادە، بەڵام شاریی بێت یان لادێیی بچێتە ئەوروپا ئەو کارە ناکات، بۆ نموونە ئەگەر بچێتە کوێت لەسەر کارێکی لەو جۆرە ١٠ دینار غەرامە دەکرێت، بەڵام لای خۆمان لەبەر نەبوونی هۆشیاریی ژینگەییو نەبوونی یاسای سزادان پابەند نابێت بەپاراستنی ژینگەوە.

> کەمی رووبەری سەوزایی شارەکان گرفتێکی تری ژینگەییە لەهەرێم، لەکاتێکدا دەبێت رووبەری سەوزایی شارەکان بەپێی پێوەری نێودەوڵەتی ٢٥٪ بێت، بەڵام لەسلێمانیو هەولێرو دهۆک ١٪ تێپەرناکەن، لەکاتێکدا رووبەری سەوزایی بۆ نموونە لەتارانی پایتەختی ئێران گەیشتووەتە ٣٠٪و لەپەکینی پایتەختی چین ٥٠٪یە

www.kurdipedia.org

# ئۆباما شانزە لەبیست بۆ خۆی دادەنێت



دەستوور:

لەمیانی دیمانەیەکیدا لەبەرنامەی بەناوبانگی ئەمریکی ئۆپرا وینفری، باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمەریکا نیشانەی B+ بۆ ئاستی راپەراندنی کارەکانی لەماوەی یانزە مانگی رابوردو دانا کە دەکاتە شانزە لەبیست.

ئاژانسی فرانس پرێس بڵاویکردەوە "لەو بەرنامەیەدا کە ماوەی سەعاتێکی خایاندووەو لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی تایبەت بەجەژنی لەدایکبوونی لەکۆشکی سپی بەرێوەچوو، ئۆباما وتویەتی "نیشانەی B+ بۆ خۆم دادەنێم و وەرنەگرتنی نمرەی تەواویشی لەکارەکانیدا بۆ ئەوەگێراوەتەوە کە ئیدارەکەی زۆرترین ئاستەنگی بەمیرات بۆماوەتەوە کە پێویستی بەکارکردنی زیاترە".

وتیشی: "تائێستا چەند کارێکمان نەکردوە لەوانە پرۆژەی دڵنیایی تەندروستیمان واژۆنەکردوە بۆیە نمرەی تەواوەتی نادەم بەخۆم و کاتێک ئەو کارەم کرد ئەوا نیشانەی A دەدەم بەخۆم".

# ژن بهێنەو شووبکە بۆئەوەی لەخەمۆکیو دوودڵی رزگارت ببێت



دەستوور:

بەگوێرەی توێژینەوەیەک کە لەنیوزلەندا سازدراوە، ژنهێنان و شووکردن دەبێتەمایەی تووش نەبوون بەخەمۆکی و دوودڵی.

ئاژانسی رۆیتەرز بڵاویکردەوە "لەو توێژینەوەیەدا کە ٣٤٤٩٣ی کەسی لە ١٥ وڵاتدا گرتوەتەوەو گیت سکوت لەزانکۆی ئۆتاجۆی نیوزلەندی سەرپەرشتیکردوە، دەرکەوتوە کە ژنهێنان و شووکردن مرۆڤ لەخەمۆکی و دوودڵ رزگاردەکات، بەپێچەوانەوە تەڵاق و جیابوونەوە دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەگەرەکانی تووشبون بەنەخۆشییە دەروونیەکان و ژنان زیاتر تووشی ئالودەبوون بەمادە زیانبەخشەکان دەبن و پیاوانیش زیاتر دووچاری خەمۆکی دەبنەوە.

ئاژانسی رۆیتەرز بڵاویکردەوە، ئەو توێژینەوەیە کە بەهاوکاری رێکخراوی تەندروستی جیهانی و زانکۆی هارڤاردی ئەمەریکی و ژمارەیەک رێکخراوی نێودەوڵەتی تر ئەنجامدراوە، بەم دواییانە لەگۆڤاری خولی پزیشکی دەروونیی بەریتانیدا بڵاوکراوەتەوە.

# بەهۆی بورکانەوە ٢٠ هەزار کەس لەفلیپین ئاوارە دەبن

بەهۆی بورکانەوە لەنزیک ناوچە بورکانییەکەی ئەو وڵاتە، ٢٠ هەزار کەس لەفلیپین ئاوارەبوون.

ئاژانسی ئەسۆشیێتد پرێس بڵاویکردەوە "دوای چالاکبوونی کانە بورکانەکانی ناوچەی مایۆن، دەستەی بورکاناسی ئەو وڵاتە ئاستی ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیانی زیادکردووەو بەو هۆیەشەوە ٢٠ هەزار لەکۆی ٥٠ هەزار کەس کە لەنزیک شاخەکانی نزیک بورکانەکە دەژین، شەوی سێشەممەی رابوردوو ناوچەکانیان چۆڵکردوە".

تائێستا بەهۆی تەقینەوەی بورکانەکانی مایۆنەوە ساڵی ١٨١٤، ١٢٠٠ کەس و ساڵی ١٩٩٣، ٧٩ کەس گیانیان لەدەستداوە.

جێی ئاماژەیە فلیپین دەکەوێتە سەر پشتێنەی ئاگرین کە بومەلەرزەو بورکان لەو ناوچانەدا ئاساییەو نزیکەی ٢٢ لەکۆی ٣٧ چاڵ بورکان چالاکن.



# کاترینا کایف سێکسیترین ژنە لەئاسیا




دەستوور:

ژنە هیندی کاترینا کایف بۆ ساڵی دووەم لەسەریەک بەسێکسیترین ژن لەئاسیادا هەڵبژێردرایەوەو لەسەرنجراکێشیدا پێش حەوت ژنە ئەکتەری وڵاتەکەی کەوت.

بەگوێرەی سایتی هیندوستان تایمز، کاترینا پێش حەوت ژنە ئەکتەری وڵاتەکەی کەبریتین لە پریانکا چۆپرا، فریدا پینتۆ، کارینا کاپور، بیپاشا باسو، لارا دوتا، ئەیشواریا رای باچچان و دیپکا پادوکون کەوتووەو نازناوی سێکسیترین ژنی ئاسیای پێبڕاوە.

کاترینا کە بە دەموچاوە گەشەکەی دەناسرێتەوە، ساڵی رابوردووش لە راپرسییەکی گۆڤاری چاوی خۆرهەڵاتی بەریتانی، هەمان نازناوی بەدەستهێناو شکستی بەژمارەیەکی زۆر شاجوان و ژنە ئەکتەری هۆلیود هێنا.





www.arsivakurd.org

# "تاوەکو ئێستا وەزارەتی پەروەردەی بەغدا نازانێ خوێندنی کوردی هەیە لەکەرکوک"

## بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لەکەرکوك بۆ دەستوور

سازدانی: سەمیرە حسێن

یوسف سەعید بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لەکەرکوك ئاماژە بەوەدەکات خوێندنی کوردی لەلایەن بەغداوە پەراوێزخراوەو گرنگی پێنادرێت. جەخت لەوەشدەکاتەوە کەژمارەیەك لەبەرپرسە کوردەکانو خێزانەکانی کەرکوك مندالّەکانیان دەبەنە قوتابخانە عەرەبیەکان.

**دەستوور:** یەکێك لەو بەلّگانەی دەهێنرێتەوە لەسەر شکستهێنانی خوێندنی کوردی گرنگینەدانە بەزمانی کوردی، نمونەیەکی سادە کارتی نمرەی خوێندکاران بەزمانی عەرەبی چاپ دەکەن، بەڕێوەبەری قوتابخانە کوردییەکان سالاّنە لەبودجەی قوتابخانەکەیان کارت چاپ دەکەنەوە بەزمانی کوردی؟

**یوسف سەعید:** تاوەکو ئێستا وەزارەتی پەروەردەی بەغدا نازانێ خوێندنی کوردی لەکەرکوك هەیە، کە لەپۆلی یەکی سەرەتایی تاوەکو شەشی ئامادەییمان هەیە، تائێستا ئەو وەزارەتە وا ئەزانێ خوێندنی کوردی تەنها لەپۆلی چواری ئامادەیی هەیە وەك تەنها وانەیەك، ئەگەر وەزارەت دووربین بونایە ئەوا سالاّنە دەبوایە نووسراوی فەرمی بنێرن کەچەند پەرتووكو کەرەستەمان پێویستەو ژمارەی خوێندکارانمان چەندەو چەند خویندنگەمان هەیە بەزمانی کوردیو عەرەبی تاوەکو بزانن پێویستی راستەقینەمان چیە، کارتی نمرەی قوتابیانیش هەر بەهەمان شێوە، هەرچەندە حکومەتی هەرێم هیچکات نەیهێشتووە پێویستمان بەهیچ شتێکی حکومەتی بەغدا بێتو تەنانەت کارتەکانی قوتابیانیشمان هەر لەکوردستانەوە بۆمان دێت، بەلاّم ئەمە ئەرکی وەزارەتی پەروەردەی بەغدایە کەمتەرخەمی لەوانەوەیە، ئیتر نازانین ئەمە مەبەستدارە یان نا، پارسال کارتی نمرەی قوتابیان هەموو زمانەکانی ئینگلیزیو تورکومانیو عەرەبیو فەرەنسی تێدابوو تەنها زمانی کوردی نەبێ .



کارتی نمرەی قوتابیان هەموو زمانەکانی ئینگلیزیو تورکمانیو عەرەبیو فەرەنسی تێدابوو، تەنها زمانی کوردی نەبێ

**دەستوور:** ژمارەیەك لەبەرپرسە کوردەکانی شارەکەو کەسوکاری قوتابیان مندالاّنیان دەردەکەن لەخوێندنی کوردیو دەینێرنە بەر خوێندنی عەرەبی، هۆکاری ئەمە چیە؟

**یوسف سەعید:** هەڵبەت ئەم کێشەیە ئەم ساڵ کەمتر بووەتەوە، بەلاّم بوونی هەر ماوەو ئەمەش بۆکۆمەلّی هۆکار دەگەڕێتەوە لەوانە کە ئەوکەسانە دووربین نینو پێیانوایە خوێندنی کوردی ئایندەی نیە، دۆخی ئەم شارە هەروا دەمێنێو زانکۆی لێناکرێتەوە کەبەزمانی کوردی خوێنکار تیایدا پەرە بەخوێندنی بدات، ئەو چەند ساڵەی پێشوو هەرێم خوێنکارانی کەرکوکی وەرنەدەگرت سەرەرای ئەوەی ٦٨ زانکۆو پەیمانگای تیاّیدا هەیە کەئەمەش دەبووە هۆکارێکی بێئومێدی لەبەردەوامبوون لەخوێندن بەکوردی، بەلاّم ئێستا خوێنکارانمان وەردەگیرێن، هەندێك عەقلاّنی بۆخوێندنەوەی دۆخەکە ناچنو دەلّێن ماموّستا مندالاّنمان فێری زمانی قورئان نابێ لەکاتێکدا ئێمە وانەی ئایینمان هەر بەزمانی عەرەبیەو ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بەوە نیە کەمندالاّنیان بەرنە بەر خوێندنی عەرەبیو عێراقچێتی بکات، لەکاتێکدا دەبێ کەسوکاری قوتابیان هاندەرین کە مندالّەکانیان بەزمانی شیرینی دایك بخوێنن.

**دەستوور:** پارێزگای کەرکوك ئوتومبێلێکیان بەخشیە تۆ وەك بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی، بەلاّم لەم ماوەیەدا لێیان سەندیتەوە هۆکاری ئەمە چی بوو؟

**یوسف سەعید:** ئەنجومەنی پارێزگا بەنووسراوێك، بەواژووی بەرێز رزگار عەلی داوای ئوتومبیلەکەیان لێکردمەوە، ئەو ئوتومبیلە بۆ کاروباری پەروەردەکەمان، لەساڵی ٢٠٠٦دا وەرمگرت، بەلاّم زۆر سەرسام بووم بەو بڕیارەیان لەبەرئەوەی من هێشتا لەم پۆستەمو هۆی وەرگرتنەوەی لێم تاوەکو ئێستا روون نیە، من ئامادەنیم داوای ئەو ئوتومبێلە بکەمەوە لێیان، کاتی خۆی وەزیری پەروەردە د.دلّشاد پێی راگەیاندم ئەگەر پەروەردەکەمان ئوتومبێلی نیە ئەوە دانەیەکمان بۆ رەوانە بکات، بەلاّم ئەوسا ئۆتۆمبێلێکمان هەبوو پێویستیم بەئوتومبێلی دیکە نەبوو بۆیە وەرمنەگرت، ئەم ئوتومبێلە هیچ کات بۆبەرژەوەندی خۆم بەکارم نەهێناوەو نەشمتوانیوە زۆر بۆ کاری پەروەردە بەکاری بهێنم، لەبەرئەوەی ژمارەی کاتی دەۆکە تەنها بەکەمی بۆ شارۆچکەکانی دەوروبەری کەرکوك لەکاتی سەردانی قوتابخانەکانی ئەو ناوچانە بەکارمان دەهێنا.

---

# وەرزش بۆ هەمووان نییە!

## قوتابخانەکان کێشەی پێداویستییە وەرزشییەکانیان هەیە

ئاکۆ محەمەد لەسلێمانی

بواری وەرزشی لەقوتابخانەو خوێندنگاکاندا گرنگی پێنادرێتو قوتابخانەو خوێندنگاکان کێشەی کەمی پێداویستی وەرزشییان هەیە، زۆربەی وانە وەرزشییەکانیش بۆ وانەکانیتر بەکاردەهێنرێن.

وەحیدە یوسف محەمەد بەڕێوەبەری ئامادەیی فریشتەی کچان سەبارەت بەکەموکوری پێداویستییەکانی وەرزش لە خوێندگاکەیدا وتی "ئەمسال تاوەکو ئێستا ئێمە هیچ پێداویستیەکی وەرزیشیمان وەرنەگرتوە". قوتابخانەکەی وەحیدە ماوەی دووساڵە ماموّستای وەرزشیان نەبووەو ئەمسال بۆیان دابینکراوە، وتی "ئێستاش هەرپێداویستیە وەرزشیەکانی سالاّنی رابردوو بەکاردەهێنین".

بەڕێوەبەری خوێندنگەی فریشتە ئاماژە بۆئەوە دەکات "کچان زۆریان حەز لەوانەی وەرزشە، یاریزانی باشی تێدایە هەیانە لەیانەی وەرزشی یاری دەکات".

نورە ئەحمەد خوێندکاری ئامادەیی فریشتەی کچان سەبارەت بەلاوازی وانەی وەرزش لەخوێندنگاکەیاندا وتی "ئێمە حەزمان لەوانەی وەرزشەو دووساڵە ماموّستامان نیەو ماوەی بیست رۆژە ماموّستامان بۆ هاتووە، بەلاّم هیچ وانەیەکمان نەخوێندوە" وتیشی "بەراستی لەخوێندگاکاندا گرنگی بەوەرزش نادرێت".

نورە باسلەوە دەکات ماموّستاکان دەلّێن "ئێوە لەپۆلی شەشنو پێویست ناکات وانەی وەرزش بخوێنن".

لەگەل ئەوە پێداویستیە وەرزشییەکان لەقوتابخانەو خوێندنگاکاندا کەمە، وانەی وەرزش وەك وانەیەکی لاوەکی لێهاتووەو زۆرکات ئەو وانەیە بۆ وانەکانیتر بەکاردەهێنرێتو قوتابیانو خوێندکاران بێبەش دەبن لەوەرزش.

دابان عوسمان خوێندکار لەئامادەیی هەلّکەوتی کوران سەبارەت بەوانەی وەرزشو رادەی گرینگیدان بەو وانەیە وتی "وەرزش بۆتە وانەیەکی زۆر لاوەکیو ئەگەر حەزیشت لە وەرزش بێت دەبێت لە(١٠)خولەکی پشوودا دووشەق لە دەبەی ئاو بدەی لەگەل ئەوەی زۆر لەبەڕێوەبەرەکانو بەڕێوەبەری پەروەردەش جەخت لەسەر گرینگیدان بەوانەی وەرزش دەکەنەوە".

ئازاد وەهاب لێپرسراوی یەکەی چالاکی وەرزشی سلێمانی وتی "لەبەرئەوەی ئەو رێژەیەی کە لەتەندەرەکەدا بوو ٧٥٠ ملیۆن بوو ٦٣٠ ملیۆن وەرگیراوە ئەم پارەیەش بۆ ١٠پەروەردەی مەلبەندیە کە سەر بە پەروەردەی سلێمانین لەناو ئەم رێژەیەشدا بزانە چەندی بەر ئێمە دەکەوێت، لەگەل ئەوەی زۆرترین خوێندکار لەناو سلێمانیو دەوروبەری هەیە".

لەگەلّ ئەوەی ماموّستایانو خوێندکاران باس لەکەمی پێداویستیە وەرزشیەکان دەکەن لێپرسراوی یەکەی چالاکی وەرزشی دەلێت "ئەو پێداویستیە سەرەکیانەی کەخوێنکار بەکاری دەهێنێت هەمووی دابەش کراوە". هەروەها ئاماژەی بەوەشدا "رۆژانی سێشەمەو چوارشەمە پێداویستی وەرزشی دابەشدەکەن "هەرکەسێك بێت چی پێداویستی لەکۆگاکاندایە دابەشیدەکەین". هەروەها وتیشی پێویستە ٢٠٪ پارەی حانوتی خوێندنگاکان بۆ پێداویستی وەرزشی تەرخان بکرێت.

لێپرسراوی یەکەی چالاکی وەرزشی هەروەها وتی "هەلە لەتەغتیەکاندا هەیە پێویستە لەرێگەی زانستیو داتایەکی دروست بەپێی ژمارەی خوێندکار پێداویستی بۆ بکرێت".

هەرچەندە قەبارەی چالاکیەکانی ناو شاری سلێمانی لەتەواوی پەروەردەکان گەورەترە، بۆیە پێداویستیو کەرەستەی زیاتری دەوێت، خراپی دابەشکردن هۆکارێکی سەرەکی ئەم کەمی پێداویستیەیە لەشاری سلێمانی بۆ نموونە پێداویستی تۆپی پێ نەدراوە بەسلێمانی لەگەل ئەوەی بۆ سلێمانی پێویستە، بۆیە تەخمینو دابەشکردن دووشتی سەرەکین لەسەرخستنی دابەشکردنی پێداویستەکان بەشێوەیەکی دادپەروەری.



خراپی دابەشکردنی پێویستیە وەرزشیەکان کەمی پێداویستیەکانی لیێدەکەوێتەوە. فۆتۆ: ئاکۆ محەمەد

---





هەفتانە فایەق سەعید دەینووسێ

## جیهانبینی پەروەردە

# قوتابخانە بێنازکەوتووەکانی کەرکوک

سەرەتا لەوێوە دەستی پێکرد کەدوو پیاوی ئازامان ناردە بەغدا بۆ ئەوەی گرفتی کەرکوك چارەسەر بکەن، بەلاّم ئەنجامەکە ئەوە بوو خاکی کەرکوك خرایە دەنگدانەوەو تاوەکو ئێستاش لەبری پۆزش هێنانەوە، ئەو دوو پیاوە ئازایە ئەو مەزادخانەیە بەسەرکەوتن لەقەلّەم دەدەن. دواتر دەستیان کرد بەزۆر ناردنەوەی کەرکوکیەکان بۆ کەرکوكو لەدامو دەزگاکانی هەرێمی کوردستان دەریانکردنو موچەکانیان برین. ئەمە لەکاتێکدا نەیانتوانی عەرەبەکان لەکەرکوك دەربکەن. خوێندکارانی کەرکوك لەزانکۆکانی کوردستان وەرناگرن، بەلاّم عەرەبەکان وەردەگرن، مندالّی ئەو مالّە ئاوارانەی نێردرانەوە یا گەرانەوە بۆ کەرکوك لەبارودۆخێکی زۆر خراپدا دەژین کەبەهیچ شێوەیەك لەژیانی هاولاّتیانی کوردستان ناچن. ئەوەی بەناو قوتابخانەکانی کەرکوکدا بگەرێت ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کەچەند بێنازو بێ خاوەنن.

مندالّەکانمان لەناو رەشمالّو گەرەکە زۆر خراپەکاندا دەخوێنن. لەناو قوتابخانەکاندا مندالّە کەرکوکیەکان لەو نازەی مندالّەکانی هەرێمی کورستان هەیانە بێبەشنو زۆر بەئاسانی بەو بچوکیەی خۆیانەوە هەست بەوە دەکەن. نەکتێبخانەو نەکەرەسەکانی خوێندنو نە پیادەکردنی سیستمێکی تازەیان پێوە دیار نیە، نەرۆژێك لەرۆژان وەزیری پەروەردە لوتف دەکاتو سەردانێکیان دەکاتو نەبەڕێوبەرە گشتیەکانیش هەست بەوە دەکەن ئەو قوتابخانانە بەفیعلی سەر بەهەرێمن.

کۆمەلّێك بەڕێوەبەری گشتیمان هەیە کەخاوەنی هیچ جۆرە جیهانبینیەك نین لەپەروەردەدا، جیهانبینی ئەوان لەجیهانبینی سەرۆکی حیزبەکانیانەوە هەلّدەقولێت کە لەراستیدا پرە لەکەموکورتیو خۆی لەدواخستنی پەروەردەدا دەبینێتەوە. دوای راپەرین بەحوکمی واقیع کۆمەلّێك قوتابخانەی کوردی زۆر کرانەوە. دەبێ ئەوەش یاداشت بکەین کەهەرێمی کوردستان یارمەتی ئەو قوتابخانانەی کردووەو پارەشی بۆ تەرخان کردوون، بەلاّم ئەمە لەچوارچێوەی یەکێتیو پارتی ئەنجامدراو لەگیرفانی حیزبەکانەوە دەرچوون نەك لەچوارچێوەی حکومەتو وەزارەتی پەروەردە. ئەوەی لەم چەند سالّەی رابردوودا کرا بەشێکی بۆ پتەوکردنی گیانی حیزبایەتیو راکێشانی توێژی ماموّستایان بوو بەلای خۆیاندا. وەکو نەریتی هەمیشەیی یەکێتیو پارتیش دوو ئاسایش، دوو هێز، دوو یەکێتی ژنان، دوو یەکێتی ماموّستایان، دوو یەکێتی خوێندکاران، دوو پەروەردە ... هتد دامەزرا، بەشێوەیەکی دی گەشەسەندنی بواری پەروەردە بەتەواوی رەوتێکی زۆر جودای لەو رەوتە هەبوو کە لەهەرێمی کوردستاندا هەبوو. شەری یەکێتیو پارتی لەسەر کورسیو پۆست لەکەرکوکدا بەشێوەیەکی زۆر خراپ کاری لەرەوشی پەروەردە کردو لەئەنجامی شەرە دەسەلاّتو شەرە بەڕێوبەرانەوە پۆستی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەیان دۆراند کەبەر بەرەی تورکمانی کەوتو بەهەموو شێوەیەك دژایەتی خوێندنی کوردی دەکرد بەبێ ئەوەی یەکێتیو پارتی بەهەموو ئەو سیاسەتمەدارانەی خۆیانەوە بتوانن شتێك لەو واقیعە بگۆرن. دەرئەنجام قوتابخانە کوردییەکان لەقوتابخانە ناچن: چەندین ماموّستاو بەڕێوبەر بەواستە دامەزرانو تاقە پێوەریش ئەوەبوو تاچەند بۆ یەکێتیو پارتی دلسۆزن، مندالەکان بێنازو بێ کتێبو بێخزمەتن، لەناو رەشمالّدا دەخوێننو بەزستانان سەرمایان دەبێتو هاوینانیش گەرما تەنگیان پێ هەلّدەچنێت، کاتێ بەهەندێ قوتابخانەدا دەگەرام بەزەیپم پیایاندا دەهاتەوەو وام دەزانی بەناو قوتابخانەکانی سۆمالدا دەگەرێم.

لەیەکێك لەقوتابخانەکانی کەرکوودا کەلەگەرەکی شەهیداندا جێگیر بووبوو، کچێکی نازدارو جوانکیلەی زۆر زرینگو زیرەکم بینی کەنمایەندەگی هەموو ئەو مندالّە نازدارانەی کەرکوکی دەکرد. رووبار کە لەپۆلی سێیەمی بنەرەتی بوو رۆژانە رێگایەکی دووری دەبری تەنها بۆ ئەوەی لەقوتابخانەیەکی کوردی بخوێنێت. ئەم هاتووچۆیە بۆ ئەو زۆر نارەحەت بوو، بەلاّم خۆی گوتەنی گرنگ نیە، چونکە پێی خۆشە بەکوردی بخوێنێت نەك بەعەرەبی. زرنگیو وریایەکەی زۆر سەرنجی راکێشام. ئەو پێی راگەیاندم زۆر حەزی لەکتێب خوێندنەوە هەیە، بەلاّم نە لەقوتابخانە کتێبی چیرۆكو شیعر هەیەو نەکەسیش بۆی دەکرێت. بەڕێوبەرەکەیان تا بلّێی پیاوێکی میهرەبان بوو، بەلاّم ئەم مەسەلەیە بودجەو یارمەتی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی دەوێت. من پەیمانی ئەوەم دایە کەکتێبی بۆ بکرم. دوای هەفتەیەك دە کتێبی کوردیم لەسلێمانی بۆ کریو پێشکەشم کردن. دوای هەفتەیەکی دیکە بینیمەوەو پێم خۆش بوو بزانم چی لەو کتێبانە کردووە. پێی راگەیاندم هەمووی تەواو کردووەو پێی خۆشە کتێبی دیکەی بۆ ببەم، بەلاّم ئایا ئەمە ئەرکی منە؟ بەراستی رووبار خەمێکی گەورەیەو من پێم باشە وەزارەتی پەروەردە ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی. وەزیری پەروەردە دەتوانێت کۆمەلّێك کتێبی کوردی بۆ قوتابخانەکەی رووبارو ئەوانی دیکە بنێرێت، چونکە ئالێرەوە مندالّ فێری خۆشەویستی کتێب دەکەین. من پێم وایە ئەمە کارەساتێکی گەورەیە کەخودی مندالّ هەست بەو لایەنە مەعریفیە بکات، بەلاّم وەزارەتی پەروەردە هەستی پێنەکات. پێمخۆشە وەزارەت لەجۆری ئەو هاوکارییانەی بۆ کەرکوکی دەنێرێت بکۆلێتەوەو کتێبخانەی قوتابخانەکان ئاوەدان بکاتەوە.

# گوزەرانی جولەکە کوردەکانی ئیسرائیل

## ئەو هونەرمەندەی بەردەوام لەگەشتدایە بۆ ئیسرائیل چیرۆکی ژیانی جولەکە کوردەکان دەگێڕێتەوە

دەستوور لەدهۆك

جولەکە کوردەکانی ئیسرائیل کەزیاتر لە ٢١٠ هەزار کەسن، شانازی بەکوردایەتی خۆیانەوە دەکەن لەئیسرائیل، هەروەها بەردەوام بەپێی وتەی هونەرمەندی کورد بەشیر بۆتانی هەوڵدەدەن کە رەوشتو کلتوری کوردەواری لەو وڵاتە ساغبکەنەوە.

هونەرمەندی کورد، بەشیر بۆتانی، کە لەسوید ژیانی خۆی دەباتەسەرو بەبەردەوامی سەردانی دەوڵەتی ئیسرائیل دەکات، ئاهەنگی هونەری بۆ کوردو عەرەبە جوولەکەکان سازدەکات، ئەو هونەرمەندە کە لەئەسڵدا خەڵکی زاخۆیە، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ جولەکە کوردەکانی ئیسرائیلدا هەیە، هەروەها پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ فەلەستینییەکاندا هەیە.

بەشیر بۆتانی ئێستا کار لەسەر کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی دەکاتو چەندین بابەتی جیاجیای لەگۆڤارو رۆژنامەکاندا لەسەر جوولەکەکانی کورد لەئیسرائیل بڵاوکردووەتەوە.

بۆتانی بۆ دەستوور دەڵێت "پەیوەندی من لەگەڵ جوولەکاندا تەنها پەیوەندییەکی هونەرییە، زۆربەی ئەو جوولەکانەی دەچمە لایان خەڵکی کوردستانو لەپەنجاکانی سەدەی رابردوو روویانکردووەتە ئیسرائیل".

هەروەها وتی "پەیوەندییەکانی من لەگەڵ جولەکە عەرەبەکانیش زۆر باشە کەزۆربەیان خەڵکی عێراقن، هەروەها لەگەڵ فەلەستینییەکانیش پەیوەندیم هەیە، بەبەردەوامی ئاهەنگ بۆ جولەکە کوردەکانو عەرەبەکانو فەلەستینیەکان ساز دەکەم".

جوولەکەکان زۆر حەزیان لەهونەری کوردی هەیەو گرنگییەکی باش دەدەنە سترانو ئاوازی کوردیو دەیپارێزن.

بەشیر بۆتانی وتی "جولەکە کوردەکان شانازی بەکوردایەتی خۆیانەوە دەکەن، هەروەها هەوڵی بەردەوام دەدەن کەرەوشتو کلتوری کوردەواری ساغبکەنەوە، هەروەها جولەکە عەرەبەکانی عیراقیش بەو شێوەیە گرنگی بەهونەرو کلتوری جڤاکی عیراق دەدەن".

هونەرمەند، بەشیر بۆتانی ئاماژەی بەوەکرد کە ئێستا هەوڵدەدات بۆ دامەزراندنی گروپێکی هونەری کە لەهونەرمەندانی کوردو ئیسرائیلیو فەڵەستینی پێکبێت، هەروەها هەوڵی ئەوەدەدات کەدوو تیپی موزیك یەکێك لەهەرێمی کوردستانو یەکێك لەعێراق، بباتە ئیسرائیل بۆ ئاهەنگ سازکردنو وتی "ئەگەر سیاسییەکان رێگای ئەو هەوڵە لەمن نەگرن".

بۆتانی پێیوایە زور ئاساییە کوردو عێراقییەکان پەیوندییان لەگەڵ ئیسرائیل هەبێت، چونکە چەندین وڵاتی عەرەب بەئاشکرا پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە وەك (ئوردن، میسر، مەغریب، قەتەر، "بۆچی بۆ ئەوان حەڵاڵەو بۆ ئێمە حەرامە!".

ئەو وتی "دەبێت ئێمەش سود لەتاقیکردنەوەی ئیسرائیل وەربگرین، چونکە لەئیسرائیل گەندەڵی نییە، یەك دۆلار لەو وڵاتەدا بزر نابێت، هەروەها زۆر شارەزاییان هەیە لەبوارە جیاجیاکانی زانستیو جڤاکیو ئیداریو سیاسیدا".

بۆتانی، ئاماژە بەوەدەدات کە رەوشی ژیانی جولەکەکانی کورد زۆر باشەو زۆربەیان کاری پیشەیی وەك ئەندازیار، پزیشك، فەرمانبەر، بازرگان، جوتیاری دەکەن. هەروەها رایگەیاند کەهەندێك لەکوردە جولەکەکان رۆڵی بەرچاویان لەناو جڤاکی ئیسرائیلدا بینیوە، بۆ نمونە (یوتام بارزانی، نوسەری هەواڵەکان لەرادیۆی "رێشەت بێت"و ژەنەراڵ "شموئیل زەکای" کە بەبەردەوامی لێدوان بۆ میدیاکانی ئیسرائیلو جیهان دەدات.

بۆتانی وتی "ئیسرائیل ئیسحاق-سەرۆکی هێزی پاسەوانانی سنووری ئیسرائیلو حەداسە یەشوورون کە گۆرانیبێژێکی ناودارە، لەگەڵ چەندین کەسایەتی تر رۆڵیان بینیوە".

بەگوێرەی زانیارییەکانی بەشیر بۆتانی، ژمارەی کوردە جولەکەکان لەئیسرائیل دەگاتە، ٢١٠ هەزار کەس، کەرێژەی ٢٠٪ ئەو جولەکانە خەڵکی شاری زاخۆن.

ئەوەشی ئاشکراکرد کە کوردە جولەکەکانی تر لەئیسرائیل خەڵکی ناوچەکانی بادینانو سۆرانو گەرمیانو سلێمانیو موکریانو ئوورمێو کرمانشاهن.

بۆتانی وتی "شارێکی کوردنشینیش هەیە کە پێی دەڵێن (کەستەل-مەعوز تسییون) ئەو شارە دەکەوێتە سەر چیای (سەهیونی-ئوورشلیم)و دانیشتووانی ئەو شارە لەئەسڵدا خەڵکی زاخۆو دهۆکن، هەروەها جولەکە کوردەکان لەئیسرائیلدا، ٣٥ گوندیان هەیە، کەدەکەونە ناوچەکانی (تەبەریە، حەیفا، ئوورشەلیم، بیرشیڤا)".

ئاماژەی بەوەشدا لەبیابانی (نیگڤێ) کە دەکەوێتە باشووری ئیسرائیل (١٠) گوند هەیە، کە زۆربەیان کوردن، وەك (بەتتیش، ئیشبول، پەعمەی تەشاز، نوگە، مێڤتاحیم، شیبولیم، تەلمێدیلوو، مێلیلوت، گیڤعولیم، مەسلوول) هەروەها کورد لەشارەکانی وەك (ئورشلیم، حەیفا، یافا، کەستینا، نیتیڤیوت، ئووفەکیم، موبەعیم) چەند چەند شارێکی دیکەش هەیە.

بۆتانی ئاشکرای کرد کەزۆربەی ئەو جولەکە کوردانە، حەزیان هەیە هەرێمی کوردستان ببینەنو لەجێگەی خۆیان، نیشتەجێ ببن، بەڵام "رەوشی ئابوریو سیاسیی ئێستای عێراقو هەرێمی کوردستان نەگونجاوە بۆ گەڕانەوەیان، بەیەکجاری".

دەربارەی کێشەی فەلەستین-ئیسرائیل، هونەرمەند بۆتانی وتی "من لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەڵەستینم، ئەگەر دەوڵەتی فەڵەستین دامەزرا چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەناوچەکەدا ئاسانتر دەبێت، هەروەها ئیسرائیلو فە لە ستینیش، لەگەڵ مافی کوردن، ئەو

کاتەی کە مەحمود عەباس سەرۆکی فەڵەستین سەردانی هەرێمی کوردستانی کردو سەرۆك مەسعود بارزانی پێشوازی لێکرد، ئیسرائیلیپیەکانو فەلەستینیەکانیش خۆشحاڵبوون.



ئەو کاتەی مەحمود عەباس سەردانی هەرێمی کوردستانی کردو بارزانی پێشوازی لێکرد، ئیسرائیلییەکانو فەڵەستینییەکانیش خۆشحاڵ بوون

# سەرەی ماڵی کێیە (پێوەی بچێت)؟

## "هیچ مانگێك نەبووە لەپێنج دیاری کەمترم کڕیبێت بۆ هاوڕێو خزمەکانم"

فەرمان چۆمانی لەڕانیە

فاتیمە خدری تەمەن ٣٣ ساڵ دوو بەتانی بەدەستەوەبوو، بەڵام هیچی بۆ خۆی نەبوو، بەنیازە یەکێك لەبەتانییەکان بۆ دراوسێیەکیان ببات کەتازە خانووی کردووەو بەتانییەکەی تریشی بۆ ماڵێکی هاوڕێیانە کەتازە ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە.

فاتیمە وتی "ئەو دوو بەتانییەم بۆ دیاری کڕیوە".

فاتیمە ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد "ماوەی ساڵێکە هیچ مانگێك نەبووە لەپێنج دیاریم کەمتری کڕیبێت بۆ پێوەچوونە بەهاوڕێو خزمەکانم".

دیاردەی پێوەچوونەوەو بردنی دیاری بۆ خزمو کەسو کارو هاوڕێیان رای جیاوازی لەناو هاووڵاتیاندا دروستکردووەو هەندێ کەس بەدیاردەیەکی باشو هەندێکی تریش بەدیاردەیەکی خراپی دادەنێنو لەناچاریداو لەبەر لۆمەی خەڵکی پەیڕەوی لێدەکەن.

پێوەچوونەوە بریتییە لەبردنی شتێك بەدیاری لەکاتی سەردانکردنی ماڵێکی تازە یاخود لەکاتی منداڵ لەدایکبوون یا چوونە ناو خانوییەکی تازە ...هتد، لەسەردەمی کۆندا بەو دیاردەیە گوتراوە "جائیز".

دیاردەی پێوەچوون دیاردەیەکی کۆنی کۆمەڵگای کوردستانە، لەجیهانیشدا بەشێوەی جۆراوجۆر پەیڕەوی لێدەکرێت، بەپێی سەردەم دیاردەکە فراوان بووەو گۆڕانی بەسەر داهاتووە، ئەو دیاردەیە ئێستا لەکوردستاندا روو لەزیادبوونەو گەیشتۆتە ئاستێك




پێوەچوون کاریگەری لەسەر بودجەی خێزانەکان دادەنێت

فۆتۆ: فەرمان چۆمانی

کە کێشەی مادی بۆ خێزانەکان دروستکردووە.

م.ئەمین سەعید تەمەن ٢٥ ساڵ ئەو دیاردەیە بەشتێکی چاولێکەری وەسف دەکاتو دەڵێت "ئەوە چاولێکەرییەو دیاردەکەش بەردەوام بەرەو تەشەنە چوون دەڕوات، چونکە ساڵانی پێشوتر کەمتر ئەو دیاردەیە بەدیدەکرا، بەڵام ئێستا دەبێ خێزانەکان ساڵانە بودجەیەکی تایبەت بۆ پێوەچوونەوەی خزمو هاوڕێیانیان دیاری بکەن".

م.ئەمین ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە کورد زۆربەی دیاردەکان لەوڵاتانی بیانی وەردەگرێت، بەڵام بەشێوەیەکی سەیرتر لەوان پیادەی دەکات، بۆ نمونە جوانترین دیاری لای خەڵکی بیانی گوڵێکی زۆر سادەو جوانە کە بۆ نزیکترین کەسیشیان بێت، "بەڵام گەر لای خۆمان گوڵێك بەدیاری بۆکەسێك ببەیت، رەنگە بەشێوەیەکی کۆمیدی سەیری بکات".

فاتیمە پێیوابوو دیاردەی پێوەچوون "زۆر باشە، چونکە ئەو خێزانەی کەدیارییەکەی بۆ دەچێت لەلایەك پێی دلخۆش دەبێتو لەلایەکی دیکەشەوە جێگایەکی بۆ دەگرێت".

رۆژێك چەند میوانێك بەبۆنەی دروستکردنی خانووەکەیانەوە سەردانی محەمەدی تەمەن ٢٣ ساڵان دەکەن، تەنها سەعاتێکی بۆ دەبەن، بەڵام محەمەد وتی "بایی چوار سەعات مەسرەفم لێکردن"، هەروەها وتی "ئەو دیاردەیە چەندە باشە، دوو ئەوەندەش زیانی هەیە".

عومەر رەسوڵ تەمەنی ٢٨ ساڵەو فەرمانبەرە لەیەکێك لەفەرمانگەکان وتی "بەهۆی زۆری پێوەچوونەوەی خێزانەکەم بەو هەموو هاوڕێو خزمانە زۆربەی مانگەکان لەسەر موچەکەم قەرزدار دەبمەوە" کەبڕی موچەکەی ٤٠٠ هەزار دینارە.

ئەگەر ئەو دیاردەیە لایەنی خراپی هەبێت ئەوا بێ گومان لایەنی باشیشی هەیە بۆ هەریەکە لەو ماڵەی کەدیارییەکەیان بۆ دەچێت بەشێك لەپێداویستییەکانیان بۆ پڕدەکاتەوەو لەلایەکیش دوکاندارەکان سودمەندی سەرەکی ئەو دیاردەیەن بەهۆی زیادبوونی کڕینی دیارییەکانەوە.

تاراو زانیار تازە ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە، بردنی دیاری بۆ ئەوان خەرجییەکی زۆری بۆ گێڕاونەتەوە.

تارا وتی "چونکە هاوڕێو خزمەکانمان کۆمەڵێك دیاری زۆریان بۆ هێناوین".

رێزان عەبدوڵڵا توێژەری کۆمەڵایەتی پێیوایە هۆکاری تەشەنەسەندنی ئەو دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ چاولێکەری هاووڵاتییان، چونکە هاووڵاتیان ئارەزووی دووبارە کردنەوەی دیاردەکان دەکەن.

ئەو توێژەرە باسی لەوەشکرد کە ئەو دیاردەیە لە ئێستادا رووی لەزیادبوون کردووەو رۆژ بەرۆژیش باری قورسایی ژیانی هاووڵاتیان زیاتر دەکات، چونکە لەساڵانی رابردوو لە کاتی پێوەچوونەوە ئاسایی بوو دیارییەکی سادەت بردبا، بەڵام ئێستا دەبێ ئەو دیارییەی دەیبەی بە نرخ بێت ئەگەرنا تووشی شەرمو رەخنە لێگرتن دەبیو زۆرجاریش روودەدات لەولاو ئەملا باسی دیارییەکەت دەکرێت کە کەسەکە بە دڵی نەبێت.

رێزان وتیشی "هەرچەندە ئەو دیاردەیە ژیانی هاووڵاتیانی قورس کردووە، بەڵام هەندێ لایەنی ئیجابیشی هەیەو تارادەیەك شوێنێك بۆ ئەو کەسە دەگرێت کە دیارییەکەی بۆ دەبرێت، بەڵام بەبڕوای من دەبێ هەوڵ بدەین بە هەموو لایەك ئەو دیاردەیە کەم بکەینەوە یا گۆڕانکاری تێدا بکەینو دەکرێت دیارییە سادەکان بە گەورە وەربگرینو قورسایی ژیانی هاووڵاتیان کەم بکەینەوە کە ئەوە لە بەرژەوەندی هەردوولادایە، چونکە دەتوانن هەردوولایان دیارییەکان بۆ یەکتر بکڕنەوە".

# ئەنفلۆنزای بەرازو بەرنامە ڕاستەوخۆکان



لەدەرەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هاووڵاتیان ڕێوشوێنی تەندروستی دەگیرێتەبەر

فۆتۆ: ئاکۆ محەمەد

فەرمان چۆمانی

وەك هەموو لایەكمان دەزانین پەتای وەرزیو ئەنفلۆنزای بەراز مەترسی لای سەرجەم تاكەكانی كۆمەڵگا لەجیهان دروست كردووە، كۆمەڵگای كوردیش بەدەر نییە لەو مەترسیە، هەرچەندە رۆژانە بەشێوەیەكی بەردەوام لە كەناڵەكانی راگەیاندن هۆشیاری دەدرێت بە تاكەكان بە مەبەستی خۆپاراستنیان لەو پەتایەو چەندین رێنمایمان بیستوە لەو كەناڵانە، كە یەكێك لەو رێنمایانە دوركەوتنەوەیە لە یەكتر بە شێوەیەك كە پێویستە دوری نێوان تاكەكان نزیكەی مەترێك بێت، لە شوێنە قەرەباڵغەكاندا پێویستە دەمامك بەكاربهێنن، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا تا چەند خودی كەناڵە فەزاییەكان پابەندن بەو رێنماییانەوە؟ گەر رونتر بێمە سەر باسەكە، دەبینین لەو ماوەیە بەهۆی جەژنی قوربانو هەروەها رۆژانە چەندین بەرنامەی راستەوخۆ لەكەناڵە فەزایەكان پێشكەش دەكرێن، كە لەو بەرنامانەدا چەندین هاوڵاتی وەك میوان لەو بەرنامانەدا بەشداری پێدەكرێنو دوری نێوان هە ریە كە شیا ن لە چەند سانتیمەترێك تێناپەرێتو هیچیشیا ن دەمامك نا بە ستن كە ئەمەش لەگەڵ ئەو رێنمایانە ناگونجێت، هەروەها لە هەفتەی رابردوو لە كەناڵ چوار لەگەڵ رێزم بۆ ئەڤین ئاسۆ كە پێشكەشكارێكی زۆر سەركەوتوە، بەرنامەیەكی ئەڤین ژنو ژیانی تایبەت كردبوو بەو پەتایەو باسی لە خۆپاراستنی هاوڵاتیان دەكرد، كە ئەوەش زۆر گرنگو باشە، بەڵام ئەوەی جێگای داخە ئەو بەرنامە راستەوخۆ بوو چەندین هاوڵاتی بەشداربوونو زۆر لەیەكتر نزیكبوون، ئەمە جگەلەوەی كە زۆربەی رۆژەكان لە كەناڵەكانیتر بەرنامەی راستەوخۆ هەیە، بۆیە من دەپرسم لە كەناڵە فەزایەكانو لە خوێنەران ئایا بڵاوكردنەوەی هۆشیاریو بەرنامە راستەوخۆكانی سەرجەم كەناڵەكان كە هاوڵاتیان بەشداری پێدەكەن دوو فاقی نییە؟ ئایا پێویست نییە هەمووما‌ن پابەندبین بەو رێنمایانە كە بڵاویان دەكەینەوە؟ وەكاتی ئەوە نەهاتووە راستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ خۆمان بكەینو ئەوەی بروامان پێ نەبێتو پابەندی نەبین ریكلامی بۆ نەكەین، چونكە دڵنیام چەند رۆژێكیتر جەژنی سەری ساڵەو هەمان ئەو دیمەنانەی جەژنی قوربان دوبارە دەبنەوە لە كەناڵە فەزایەكان، بۆیە دەخوازم كەناڵە فەزایەكان بیرێك لە بەرنامەكانیان بكەنەوە یا ریكلامی خۆپاراستن بڵاوبكەنەوە یا درێژە بەبەرنامە راستەوخۆكانیان بدەن، چونكە دەمێكە كورد گوتویەتی "مانگا دۆشینو قەزوان خواردن پێكەوە ناكرێت".

# حانوتی قوتابخانەکان مەرجی تەندروستیان تێدانیە

## "حانوتی خوێندنگەیەکمان داخستووەو دووانیتریشمان ئاگادارکردووەتەوە کەمەرجی تەندروستیان تێدا نییە"

كامەران كەریم لەشارەزوور

لێپرسراوی لیژنەی تەندروستی قوتابخانەكانی شارەزوور ئاماژە بەوەدەكات حانوتی قوتابخانەو خوێندنگاكان مەرجی تەندروستییان تێدا نیەو بەرپرسانی پەروەردەش بێئاگایی خۆیان لەو كێشەیە دەردەبڕن.

لەسنوری پەروەردەی شارەزوور، حانوتی قوتابخانەو خوێندنگاكان، جگە لەوەی مەرجی تەندروستییان تێدانیە، نزیكن لەئاودەستەكانەوەو قوتابیانو مامۆستایانیش بێزاری خۆیان لەو دیاردەیە دەردەبڕن.

ئاری سابیر تەمەن ١٤ساڵ خوێندكاری پۆلی حەوتی بنەرەتییە لەقوتابخانەی سروود وتی "ئەوشتەی كە ئەهێنریت بۆ حانوتی قووتابخانە دوایی پێمان ئەڵێن ئەمە ماوەكەی بەسەرچووە".

ئاری ئاماژە بەوەدەكات حانووتەكەیان دیوارەكەی لكاوە بەدیواری ئاودەستەكانەوەو رێگاشیان لەسەریەكەو تەنها "چەند مەترێك فەرقیان هەیە".

عەتا عەلی خوێندكاری دواناوەندی كوردۆ باس لەوەدەكات كەخوێندنگاكان "ئەوەندەی لەخەمی بەكرێدانی حانووتەكەدان، ئەوەندە خەمی شوێن یاخود ئەو خواردنانەیان نییە كەتیایدا دەفرۆشرێت".

مامۆستا تارا ساڵح لەقووتابخانەی سروەی بنەرەتی ئاماژەی بەوەكرد كە لە "هیچ قوتابخانەیەكدا مەرجی تەندرووستی نییە"، وتی "گوومانی زۆرم لەوشتانەیە كەتیایاندا دەفرۆشرێت زۆر خواردن ماوەی ساختەی بەسەرچووی دراوە لەسەر میژووە كۆنەكەی، چونكە ماوەكۆنەكەی تەواو بووە".

مامۆستایان بێزاری خۆیان بەرامبەر بەم كێشانە دەردەبڕنو ئەوە بەشتێكی نەشیاو وەسفدەكەن.

مامۆستا تارا وتی "مەعقوولە دەرگای حانوت بەرامبەر ئاودەست بێت؟".

كەریم حسێن یارپدەدەری پزیشكییە، مندالەكانی ئاگاداركردووەتەوە لەوەی شتی ناو قووتابخانە نەكڕنو خۆیان خواردن دروست بكەن.

ئەو یاریدەدەری پزیشكە وتی "بەڕاستی ئەم تاوانە لەئەستۆی پەروەردایە، راستە لەرووی مادییەوە سوودی لێدەبینن، بەڵام باچاوێكیشیان لەخەڵك بێتو لەهەر نەخۆشیو تووشبوونی مندالێك بەهۆی خواردنی پیسەوە یان نەگونجانی شوێن بەرپرسی سەرەكی بەڕێوەبەرە دواتر پەروەردە".

حەكیم عومەر لێپرسراوی بەشی فرۆشگاكان لەپەروەردەی شارەزوور بێئاگایی خۆی دەربڕی لەهەموو ئەو گرفتانەی كە لەحانووتو ئەو شوێنانەدا هەیە، بەڵام دوای ئەوەی لەسەر داوای خۆی سەردانیمانكرد، وتی "قسە ناكەم كاری زۆرم هەیەو مەشغوڵم".

لێپرسراوی لیژنەی تەندروستی حانووتەكان لەشارەزوور وتی "لە راستیدا هیچ حانووتی قووتابخانەیەك مەرجی تەندرووستی تیدانییە"

بەپێی ئەو ستانداردەی لیژنەی تەندروستی قوتابخانەكان دایناوە دەبێت ژووری حانووت (١٠ بە١٠م) بێتو دیوارەكەی مەترو نیوێك كاشی كرابێت لەگەڵ كاشی زەوییەكەدا.

دكتۆر سەروەر تەحسین لێپرسراوی لیژنەی تەندروستی قوتابخانەكانی شارەزوور وتی "ئێمە هەفتانە سەردانی قووتابخانەكان دەكەین ئەوشتەی كە ئەیفرۆشن ئەبێت بەوەسڵ بێتو شوێنەكەی ئەبێت گوونجاو بێت".

د. سەروەر ئاماژەی بەوەدا حانوتی "ئامادەیی ئالانی كوڕانمان لەهەڵەبجەی تازە داخستو بەمەبلەغێك پارە غەرامەمان كردووەو بەڕێوەبەرایەتی دوو خوێندنگەی تریشمان ئاگاداركردووەتەوە كە حانوتەكانیان مەرجی تەندروستیان تێدا نیە".

**زۆر خواردن ماوەی ساختەی بەسەرچووی دراوە لەسەر میژووە کۆنەکەی، چونکە ماوەکۆنەکەی تەواو بووە**



كێ بەرپرسە لەحانوتی قوتابخانەكان، پەروەردە؟ تەندروستی؟ بەڕێوەبەری قوتابخانە؟

فۆتۆ: كامەران

# "تاژمارەی بەشداربووانی ژنان زیاتر بێت هەلی بەشداری نەوعی زیاتر دەبێت"

## جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی جیهانی بۆ زانایانی ژنانی ئیسلامی بۆ دەستوور

سازدانی: ئەمیر رەسوڵ

د.عالیە فەرەج کوردی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی جیهانی بۆ زانایانی ژنانی ئیسلامی ئاماژە بەوەدەکات کە لەکوردستاندا گۆڕانکارییەکی کلتوری بەو ئاستە بەرجەستە نەبووە کەپاڵپشتی ئافرەت بێت، هەروەها دەڵێت"لەبواری ئابووریدا نەتوانراوە دەزگایەك هەبێت بۆ بەرەودان بەتواناکانی ئافرەت لەڕووی ئابوورییەوە".

**دەستوور:** ئەو پێوەرانە چین بۆ ئەوەی ڕەوشی ئافرەتانی لەکۆمەڵگەیەکدا پێ هەڵبسەنگێندرێت؟

**د.عالیە:** پێش ئەوەی ڕەوشی ژنان هەڵسەنگێنین دەبێ بزانین ڕەوشی ئافرەتان لەچەند پێکهاتەیەك پێکهاتووە، پێش هەموو شتێك ڕێکخراوەمان هەیە کەڕەوتی ژنانی دەستپێکردووە لەکوردستانداو خەباتێکی مێژوویان هەیە، لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا دەزگای ناحکومی (ئێن جی ئۆ)ی تایبەت بەکاری ژنانمان هەیە کەدەزگای جۆر بەجۆرن‌و هەموویان لەبواری ئافرەتاندا چ لەڕووی مەعریفیەوە بێت یان کۆمەڵایەتی یان کلتوری یان ژینگەیی یان ئابووری یان سیاسی، توانیویانە ڕۆڵیان ببێت‌و هەتا ئێستا چالاکی ئەنجام بدەن.

بەشێکی تری ڕەوشی ژنان بوارە ئەکادیمیەکەیەتی کە بەداخەوە ئەم بەشە بونێکی بەرچاوی نییە تا ئێستا لەکۆمەڵگەی کوردیدا.

ڕەوشی ژنان دەکەین بەسێ بەشەوە بۆئەوەی بۆ پێکهێنانی پێوەرەکان بەرچاو ڕۆشن بین‌و بزانین پێوەر بۆ چ بوارێك دادەنێین، بەپشت بەستن بەزانستی کۆمەڵناسی ئافرەتەوە (علم الاجتماع المرأە)، کە بەشێکە لەکۆمەڵناسی، زانستی کۆمەڵناسی ژن زۆر سوودمەند بووە لەهەموو ئەو ئەدەبیاتەی کەبزوتنەوەی جیهانی فیمینیزم‌و دەرهاویشتەکانی کارو چالاکی ڕەوشی ژنان لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهاندا.

بواری کۆمەڵایەتی پێوەری تایبەتی خۆی هەیە بە هەر سێ بەشەکەیەوە، خوێندن، لایەنی تەندروستی، لایەنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان، هەروەها لەبواری ئابووریدا پێوەرمان هەیە بۆ بوونی ژن بەبازرگان، بەکارگوزار، بەکارمەند، هەروەها لەئاستی هەریەکە لە: بەڕێوەبردن، خزمەتکردن، کارکردندا، بڕیاردانی ئابووریدا، هەریەکە لەمانە پێوەری تایبەتی خۆی هەیە.

**دەستوور:** پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی ئافرەت لەڕووی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەوە چین؟

**د.عالیە:** کە دێینە بواری سیاسی ئێمە سێ دەزگای جیامان هەیە کە دەزگای یاسادانان‌و دادوەری‌و جێبەجێکردنە، هەریەکە لەمانە پێوەری تایبەتی خۆی دەوێت، لەسەر دوو شێواز پێوەرەکان دادەڕێژین.

یەکەمیان: پێوەرە چەندییەکانە واتە لەڕووی ژمارەوە، چەندێ ئافرەتمان هەیە لەدەزگای یاسادانان، لەدەزگا جێبەجێکارەکان وەك ئەنجومەنی وەزیران، چەندە ڕێژەی ژنان لەدەزگای دادوەری، ئەمانە جۆرێکن لەپێوەرەکان لەڕووی ژمارەوە.

دووەمیان: پێوەرەکانن لەڕووی چۆنێتیەوە، واتە ئەو ژمارە ئافرەتەی لەدەزگای دادوەریدا هەیە لەچ ئاستێکدان ئایا پارێزەرن یان قازین یان...؟، واتە ئەو پێگەیەی کە ئاستی چۆنیەتیەکەی دیاریدەکات گرنگەو لەگەڵ ژمارەی ژنانی ناو پەرلەماندا چۆنێتی بەشدارییان‌و ئاستی بەشدارییان گرنگە قیاس بکرێت، هەتا شوێنی دانیشتنیان لەهۆڵی پەرلەماندا گرنگی خۆی هەیە، جۆری موداخەلەیان، لێپرسراوێتیان بۆ سەرۆکی لیژنەکانن، هەروەها ئەندامێتیان لەلیژنەکاندا، ئایا لەوەفدەکانی پێشوازی پەرلەماندا لەمیوانەکان بەشدارن؟ ئایا لەلیژنەکانی پەیوەندی دەرەوەی وڵات‌و لەکۆبوونەوە جیهانییەکاندا بەشداری دەکەن؟

لەئەنجومەنی وەزیراندا چەند لە ژنانمان هەیەو چ پۆستێکیان لەئەستۆدایە؟

هەروەها لەڕووی پێوەری ئابوورییەوە کە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، ئایا لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا چەند ژنی بازرگانمان هەیە؟ لەژووری بازرگانیدا ژمارەی ژنان چەندن؟ ئایا لەڕووی ئیدارییەوە بەشدارن یان لەئاستە جیاجیاکانی بڕیارداندا؟ بواری ئابووری دەبێت بیکەین بەچەند ئاستێکەوە یەکێك لەوانە بازرگانی ئافرەت لەبواری بازرگانییە خۆماڵیە بچووکەکاندایە یان لەبواری بازرگانی دەوڵەت‌و دەزگا گەورەکاندایە لەنێوان دەوڵەتاندا، ئاستێکی تریش دەزگا ئابووریە جیاجیاکانی ئاستی کۆمەڵگەیە، ئایا ڕۆڵی ژن لەم بوارەدا تەنها ڕۆڵە نەمەتیەکان (ستریۆتایپ) دەبینێت؟

**دەستوور:** لەسۆنگەی ئەو پێوەرانەی کە باستکرد ڕەوشی ئافرەتان لەکوردستاندا چۆن هەڵدەسەنگێنێت؟

**د.عالیە:** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕەوشی ئافرەتان بە هەر سێ بەشەکەیەوە کە ڕێکخراوەیی‌و ئێن جی ئۆو بوارە ئەکادیمییەکەیەتی دەبینین ڕێکخراوەکانی ژنان کەخاوەن مێژوویەکی خەباتن لەکوردستاندا توانیویانە خزمەت بەژنانی کورد بکەن، لەڕووی پاڵپشتیکردنی ئافرەتی کوردەوە دەیەها پرۆژە دەبینین کە بەمێژووی ڕێکخراوەکانی ژنان توانیویەتی خزمەت بەفراوانترین رووبەر لەژنان لەکوردستاندا بکات لەڕووی ڕووبەڕووبونەوەو چارەسەرکردنی کێشەکانی، لەڕووی بەهێزکردنی پێگەی ئافرەت لەکۆمەڵگە بەتایبەتی ئەو خولانەی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری ژنان کە بەیەکەم هەنگاو دادەنرێن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئافرەت.

دەتوانین بڵێین لەبواری کۆمەڵایەتیدا ڕێکخراوەکانی تایبەت بەژنان‌و ڕێکخراوە ئێن جی ئۆکان ئاستێکی باشیان هەبووە لەخزمەتکردندا، لەلایەکی ترەوە لەبواری ئابووریدا چالاکی بەرچاو نابینین، نەتوانراوە دەزگایەك هەبێت بۆ برەودان بەتواناکانی ئافرەت لەڕووی ئابوورییەوە، دەزگای کەم هەیە لەڕووی ئابووریەوە کە ئافرەت توانیبێتی دایبمەزرێنێت یان بەڕێوەیبەرێت لەبواری کەرتی تایبەتدا.

لەبواری سیاسیدا هەنگاوەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان لەڕووی بەشداری سیاسیەوە لەئاستی کۆمەڵگادا (لەچوارچێوەی حیزبە سیاسیەکان‌و کۆمەڵگای مەدەنیدا) زۆر چالاکن‌و ژنان توانیویانە ڕۆڵی چالاك ببینن، لەبەرئەوە لەو ڕووەوە هەر پێوەرێکی بۆ دابنێین دەبینین لەئاستێکی باشدایە، بەڵام لەئاستی حوکمیدا لەبەرئەوەی ئیرادەی سیاسی لەکاپینەیەکەوە بۆ کابینەیەکی تر مامەڵەی جیاوازی هەیە بەرامبەر ئاستی بەشداری ژنان لەهەر سێ دەزگاکە یاسادانان‌و دادوەری‌و جێبەجێکردن، بە لەبەرچاوگرتنی قاعیدەی ئیعتیمادکردنی چۆنێتی لەسەر چەندێتی، واتە تا ژمارەی بەشداربووانی ژنان زیاتر بێت هەلی بەشداری نەوعی زیاتر دەبێت، لەبەرئەوەیە چەندە ژمارەی ژنان لەپەرلەمان‌و ئەنجومەنی وەزیران‌و دەزگای قەزا کەمبکات ئەوەندەش لەڕووی جۆرێتیەوە چالاکی ژنان‌و بوونیان خۆی بۆ خۆی لەو بوارەدا بەرەو لاوازی دەڕوات.

**دەستوور:** چ جیاوازیەك بەدیدەکەیت لەنێوان ستراتیژی ئیشکردنی ڕێکخراوەکانی ژنان لەکوردستان‌و ستراتیژی ئیشکردنی ڕێکخراوە ژنانیەکانی وڵاتانی دەرەوە؟

**د.عالیە:** جیاوازی ستراتیژی ڕێکخراوەکان لەسەر بنەمای جیاوازی واقیعی دوو کۆمەڵگەکەیە، کۆمەڵگەی کوردی جیاوازە لە کۆمەڵگەیەکی تر، بەڵام ئەگەر بەراوردی ئیجابیاتی کۆمەڵگەی ئێمە بکەین لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی عەرەبی‌و ئەوروپی لەچوارچێوەی باسکردنی ئافرەت زیاترە لەوان، بۆ نموونە جولەی ئافرەت ئێستا لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ژنی کورد ئازادە، بۆیە ژمارەیەکی زۆری ژنان توانیویانە لەڕێکخراوە ژنانییەکان‌و ئێن جی ئۆکان‌و دەزگا مەدەنیەکان‌و دەزگای تر کاربکەن، تەنها قەزیەیەك هەیە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا کە باس لەوەدەکات نابێت ئافرەت بەتەنیا سەفەر بکات، ئەم قانونە لەکوردستاندا دانەڕێژراوە، بەڵکو لەبەغدا داڕێژراوەو دەگشتێنرێت بەسەر کوردستاندا.

**دەستوور:** بەچ پێوەرێك دەڵێت کلتوری ئێمە ئازادی داوە بەئافرەت، ئەی ئەو هەموو توندوتیژیەی بەرامبەر ئافرەت چیە ڕۆژانە لەکوردستاندا بەرامبەریان دەکرێت؟

**د.عالیە:** توندوتیژی دیاردەیەکی جیهانییەو بوونی هەندێك لەفۆرمەکانی توندوتیژی لەکۆمەڵگای کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکاری فرە ڕەهەندو ئەو ئازادییەی کەمەبەستمانە لەچوارچێوەی جوڵەی ئافرەتدایە (Mobility) کە بزووتنەوەی فیمینیزم بەپێوەرێکی سەرەکی دادەنێت لەقیاسکردنی ئازادی ژناندا، بۆیە دەکرێت ئازادی جوڵەی ژنان ڕێگرێکی سەرەکی بێت لەبەردەم ئەنجامدانی توندوتیژی دژی ژنان.

**دەستوور:** تاچەند گونجاوە هەندێ ڕەهەندی غەریزەیی بکەینە پاساو بۆ دانانی ئاستەنگ لەبەردەم ئازادی ئافرەت؟

**د.عالیە:** زۆرجار تەفسیری غەریزەیی دەکرێت‌و لەسەر بنەمای غەریزە مەنعی ئافرەت دەکرێت بە بۆچوونی من ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ خودی کەسەکان خۆیان مەگەر نا زۆرجار ئەم حاڵەتە دەگەڕێنرێتەوە بۆ ڕۆشنبیری عەشایری کە کلتوری عەشرەت لە ئیعتیباردانانی زۆرێك لەدەوروبەرمان زیاترە بەرامبەر ئیعتیبارداانان بۆ قانون یان بۆ خودی فیقە، لێرەدا پێویستمان بەوە هەیە کەکار لەسەر عورف‌و دابونەریت بکەین بۆ ئەوەی ئەو ئازادییە بەرفراوان بکەین، هەروەها لەڕووی یاسادانانەوە پێویستمان بە ژنانی یاسایی کارا هەیە، چونکە تێڕوانینی ژن‌و پیاو جیاوازە لەکاتی داڕشتنی یاساکاندا.

> تێڕوانینی ژنو پیاو جیاوازە لەکاتی دارشتنی یاساکاندا



### پرۆفایل

*د.عالیە فەرەج مستەفا

*دەرچووی زانکۆی بەغداد کۆلیژی ئەندازیاری

*ماستەر لە جێندەرو گەشەسەندن لە زانکۆی ئەلئەحفاد لە سودان

*دکتۆرا لە کۆمەڵناسی لە زانکۆی ئەلنیلەین لە میسر

*مامۆستا لە بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی

*جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی جیهانی بۆ زانایانی ژنانی ئیسلامی

*لێپرسراوی سەنتەری ژینیا بۆ باس و لێکۆڵینەوە

# دوکەڵی ڕەشی سەیدسادق کوێرت دەکات!

## سووتانی زبڵ‌و خاشاکی سەیدسادق لەنزیك گەڕەکەکانەوە، هاووڵاتیانی بێزارکردووە

فەرمان حەسەن لەسەیدسادق

هاووڵاتیانی قەزای سەیدسادق دەڵێن دوکەڵی سووتانی ئەو زبڵەی کە لەنزیك قەزاکەیان فڕێدراوە بێزاری کردوون، چونکە لەکاتی هەڵکردنی با، تەواوی دوکەڵەکە دەگەڕێتەوە ماڵەکانیان.

لەکاتێکدا نابێت لەدووری ٢٢کم زبڵ‌و خاشاکی ماڵان لەنزیك شارو شارۆچکەکان فڕێبدرێت، بەڵام لەقەزای سەیدسادق هەر لەنزیك گەڕەکەکانی ئەو شارەوە فڕێدراوەو دواتریش دەسوتێنرێت، هاووڵاتیانیش داوادەکەن زبڵ‌و خاشاکی قەزاکەیان لەشوێنێکی دوورتر فڕێبدرێت.

جوتیار گەنجێکی تەمەن ٢١ ساڵی ئەو قەزایەیە، وتی"لەکاتی سووتانی زبڵ‌و خاشاکەکاندا، هەموو دوکەڵی ئەو زبڵە بەهۆی نزیکی زبڵەکەوە دێتەوە بەسەر شارداو بێزاری کردووین".

هەروەها وتی"دوکەڵەکە لەگەڵ ئاراستەی بادا دەگەڕێتەوە بۆ سەر شار".

ئێوارانی سەیدسادق، بۆن‌و ڕەنگی دوکەڵ سیمای گەڕەکەکانی شێخان‌و بەختیاری‌و چەند گەڕەکێکی تری ئەو قەزایە دادەپۆشێت، هاووڵاتیان پێیانوایە نابێت ڕێگەبدرێت سیمای شار بەبۆنی دوکەڵ ناشرین بکرێت، قائیمقامی قەزاکەش دەڵێت"هیچ شوێنێك لەو شوێنە گونجاوتر نییە کە ئەو زبڵەی بۆ ببردرێت".

ئەرکان حەسەن غەفور قائیمقامی قەزای سەیدسادق، بە دەستووری وت"ئەوە تەنها کێشەی سەیدسادق نییە، بەڵکو کێشەی زۆربەی شارەکانی هەرێمە".

محەمەدی تەمەن ١٩ ساڵ کەگەنجێکی ئەو شارەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەبەرپرسانی شارەکە کەمتەرخەمن لە بەدەمەوەچوونی گرفتەکاندا، "ئەوەتا دوکەڵی ئەو زبڵە شاری داپۆشیوە، کەس خەمی ناخوات وەك بڵێی هەر ئاگایان لەم شارە نییە".

محەمەد وتی"ئەو زبڵە جگە لەوەی سیمایەکی ناشیرین بە شار دەدات، بۆ تەندروستی هاووڵاتیانیش خراپەو زۆر نەخۆشی لێدەکەوێتەوە".

ئەرکان حەسەن قائیمقامی سەیدسادق، وتی"هاووڵاتیان هەندێك کات لەشەودا ئەو زبڵە دەسوتێنن، ئێمە هەندێك کات لەڕێگەی پاسەوانی شارەوانییەوە چاودێری دەکەین، بەڵام بەشێك لەهاووڵاتیان دەیسوتێنن".

بەلای بەرپرسانەوە تاکە چارەسەر دانانی کارگەیەکە بۆ جیاکردنەوەی پێکهاتەکانی ئەو زبڵە بۆئەوەی جارێکی تر سوودی لێوەرگرنەوەو تا بەو شێوەیە ژینگە پیس نەکات.

ڕەئوف محەمەد سەرۆکی شارەوانی سەیدسادق، ڕایگەیاند"ئەو کێشەیە سەرتاسەری کوردستان‌و عێراقیشی گرتوەتەوە، چونکە تائێستا کارگەیەکمان نییە کەپێکهاتەکانی ئەو زبڵە جیابکاتەوەو دووبارە سوودی لێوەربگیرێت".

بەڕای ئەو سەیدسادق لەزۆربەی ناوچەکانی تر باشترە، "چونکە شوێنی ئەو زبڵە بەرزە بەم شێوەیەش لەکاتی سووتانیدا دوکەڵەکە بەسەر شاردا دەڕوات‌و زیانی کەمە بۆ دانیشتوان".

# ژنان زیاتر تووشی نەخۆشی شەکرە دەبن

## ڕۆژانە نزیکەی ١٠ حاڵەتی نەخۆشی شەکرە لەشاری دهۆك تۆماردەکرێت




ڕێژەی نەخۆشی شەکرە لەبەرزبوونەوەدایە.

فۆتۆ: دەستوور

دەستوور لەدهۆك

سەنتەری نەخوشی شەکرە لەدهۆك ئاماژە بەوەدەدات کەڕێژەی نەخۆشی شەکرە لەشاری دهۆکدا روو لەزیادبوونە، هۆکارەکانیش بۆ چەند ئەگەری جیا جیا گەڕاندەوە، لەوانەش نەخوشی دەروونیّ.

بەرپرسی سەنتەری نەخۆشی شەکرە لەدهۆك، د.ئیدریس حاجی ئەحمەد، بەدەستووری ڕاگەیاند سەنتەری شەکرە لە شاری دهۆك ڕۆژانە پێشوازی لە(٧ ـ ١٠) حالەتی نوێی نەخۆشی شەکرە دەکات. هەروەها ئاشکرای کرد کە ئافرەتان زۆرتر لەپیاوان توشی ئەم نەخوشیە دەبن.

سەنتەری شەکرە لەدهۆك، بۆ نەخۆشەکانی شەکرە لەناوەڕاستی سالی ٢٠٠٧ەوە دامەزراوەو تاوەکو ئێستا چەندین خزمەتگوزاری پێشکەش بەو نەوخۆشانە کردووە کەتووشی نەخۆشی شەکرە بوون.

بەپێی زانیارییەکانی سەنتەری شەکرە لەدهۆك لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە تاوەکو مانگی تشرینی دووەمی٢٠٠٩ (٣٣٠٩) حالەتی شەکرە تەنها لە شاری دهۆك تۆمارکراوە، ڕێژەی ٦٠٪ی ئەو نەخۆشانە ئافرەتانن.

بەگوێرەی سەرچاوەکانی تەندورستی عێراقی کەلەسالی ٢٠٠٦دا، لەلێکۆلینەوەیەکیدا لەمەر نەخۆشی شەکرە لەعێراق ئەنجامیانداوە، ڕێژەی توشبووانی نەخۆشی شەکرە لەهەرێمی کوردستان لە ١٠٪ زیاترە.

بەرپرسی سەنتەرەکە ئەگەری سەرهەلدانی ئەم نەخۆشییە بۆ چەند هۆیەك گەڕاندەوە، لەوانە "زیادبوونی ڕێژەی شەکر لەناو خوێندا، نەمان یان کەمبونەوەی هۆرمۆنی ئەنسولین".

هەروەها زیادبوونی کێشی لەش‌و خواردنی چەوری بەشێوەیەکی زۆرو قەلەقی دەروونی، وتی "بێجگە لەکەمی جولانەوەو کارکردن لەلایەن مرۆڤەوە، چونکە زوربەی خەلك ئێستا بەئۆتۆمبێل هاتووچۆ دەکەن‌و ڕەوشی ژیانیان ئاسانتر بووە، ئەمەش ڕێژەی جولانەوە لەلایەن مرۆڤەوە کەمکردووە"

ئیدریس حاجی ئەحمەد وتی "زۆربەی ئەوانەی تووشی نەخوشی شەکرە دەبن، تەمەنیان لەنێوان (٣٠)ساڵ زیاترەو ئەو نەخۆشانەی لەسەنتەری شەکرە تۆمار دەکرێن، بەبەردەوامی چاودێری تەندورستی‌و دەرمانیان بۆ دابیندەکرێت، هەروەها بەبەردەوامی دیدارو چاوپێکەوتن لەگەلیاندا ئەنجام دەدرێت لە چۆنیەتی پاراستنی تەندورستییان".

بەرپرسی سەنتەرەکە داوا لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن‌و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەکات کە ڕۆل بگێڕن بۆ بلاوکردنەوەی ڕێنمایی هۆشیاری خۆپاراستن لەنەخوشی شەکرە لەناو خەلکدا.

بەگوێرەی وتەکانی بەرپرسی سەنتەری شەکرە ئەگەر دەزگاکانی تری کۆمەلگا هاوکاری دەزگای تەندورستی نەکات لەبواری بلاوکردنەوەی هۆشیاری ڕەنگە ڕێژەی ئەو نەخۆشییە ترسناکە زیاتر بێت لەئایندەدا.

زۆربەی ئەوانەی توشی نەخۆشی شەکرە دەبن، تەمەنیان لە(٣٠)ساڵ زیاترە

# مەلاکان دەمانترسێنن!

## ئەو منداڵانەی لەناو وتاری ڕۆژانی هەینیدا بەشدار دەبن ڕووبەڕووی ترس‌و دڵەڕاوکێ دەبنەوە

زیاد ئیسماعیل لەهەولێر

ڕەزوان فاتحی تەمەن ٨ ساڵ، لەنێو ئاپۆرەی خەلك لەبەردەم یەکێك لەمزگەوتەکانی شاری هەولێر بەدەم گریانەوە هاتە دەرەوە.

بەدەم هەنسك‌و گریانەوە ڕەزوان وتی "لەم خوتبەیە ترسام، چونکە مەلا هاواری دەکردو دەیگوت قورمان بەسەر هەمووماندا لەجەهەنەم دەسوتێندرێین".

ڕەزوان وتی "پیاوەکەی تەنیشتیشم دەستی کردە گریان ئەمنیش ترسام".

بەهۆی ئەو وتارە توندو وروژێنەرانەی لەلایەن مەلاکانەوە کەباسی ڕۆژی دوایی‌و مردن‌و ئەو دنیا دەکات، منداڵان ڕووبەڕووی ترس‌و دلەڕاوکێ دەبنەوەو پسپۆرانی بواری کۆمەلایەتیش پێیانوایە ئەوە ڕەنگدانەوەیەکی زۆر خراپی لەسەر ئایندەو شێوازی بیرکردنەوەی مندال دروستدەکات.

کامەران ئەحمەد ٤٢ ساڵ، هەردوو کورە ٦ سالی‌و ٨ سالییەکەی هەموو هەفتەیەك لەگەل خۆی بۆ گوێگرتن لەوتاری هەینی دەبات، بەباشی دەزانێت هەر لەمندالییەوە کورەکانی شارەزا بکات لەئایینەکەی، هەر بۆ ئەو مەبەستەش لەگەل خۆی بۆ مزگەوت دەیانبات، ئاماژەی بەوەدا "لەو وتارانەی باسی ڕۆژی دوایی‌و مردن دەکرێت هەردوو کورەکەی بەدەم ڕێگاوە تا گەیشتنیان بۆ مالەوە دەکەونە گومان‌و پرسیارکردن لەپاوکیان".

کامەران دەلێت "من حەزناکەم بیانبەم بۆ وتارە توندەکان، بەلام خۆ من نازانم مەلا باسی چی دەکات تا نەرۆمە ناومزگەوت‌و دەستنەکرێت بەخوێندنەوەی وتارەکە".

ژمارەیەك لەوتاربێژانی مزگەوتەکان بەباشی نازانن مندال لەو جۆرە وتارانە ئامادەبێت، ئەگەر ئامادەشبێت، دەبێت ئاراستەی وتارەکە بەشێوازێك بێت مافی ئەوانیش پارێزراو بێت لەوتارەکەدا.

مامۆستا فایز عەزیز وتاربێژو پێشنوێژی مزگەوتی حاجی فەهیمە وتی "لەوتارەکانم ڕێژەیەکی بەرچاو مندال دەبینم، پێویستە وتارخوێن ڕەچاوی منداڵان‌و هەموو چینەکانی تر بکات‌و باسی قەبر، ئاگر، مردن‌و قیامەت ... نەکات، چونکە ئێمە فەرموودەمان هەیە دەلێت قسە لەگەل خەلك بکە بەقەدەر ئەقلیان".

مامۆستا فایز وەکو خۆی دەلێت ڕەچاوی منداڵانی کردووە، بەلام ناتوانێت بلێت ١٠٠٪ بووە، "لەوانەیە مافی منداڵنمان خواردبێت".

وتاربێژی مزگەوتی حاجی بەدریە لەدرێژەی قسەکانیدا وتی "ئێمە لەوەزارەت ئاگادار کراوینەتەوە کە زمانی هەڕەشە بەکارنەهێنین، بەلام ئاگادارنەکراوینەتەوە کەڕێگە بەچوونە ناو مزگەوت بە منداڵان نەدەین".

لەکوردستاندا ڕۆژانی هەینی ٢٠٣٠ مزگەوت وتاری لێدەخوێندرێتەوە، نزیکەی ٦٥٠ بۆ ٧٥٠ هەزار کەس تێیدا ئامادەدەبن، بەهەموو چین‌و توێژێکەوە، ئەم ڕێژەیەش لەمانگی ڕەمەزاندا بەرزتر دەبێتەوە.

د.محەمەد شوانی پسپۆر لە بواری کۆمەلناسی‌و مامۆستا لەزانکۆی سەلاحەدین باس لەوەدەکات ئامادەبوون‌و گوێگرتنی منداڵان لەوتارە تۆقێنەرەکانی هەینی، ڕەنگدانەوەیەکی زۆر خراپ لەسەر ئایندەو شێوازی بیرکردنەوەی مندال دروستدەکات.

د.محەمەد وتی "ئەو وتارانە وەك ئەو جۆرە فیلمانەیە کە بۆ تەمەنی ئەو منداڵە نابێت، بەلام ئەمرۆ خوو ڕەوشت‌و داب‌و نەریتی ئێمە بیر لەوە ناکاتەوەو ئاگای لەو لایەنانە نییە".

بەبۆچوونی ئەو پسپۆرە کۆمەلایەتییە ئەوە کاریگەری دین نییە، بەلکو کاریگەری کۆمەلایەتییە، "هەندێك جار بروایەکی کوێرانەیە بۆ بنەمای دینی، ئەمە بنەمایەکی زانستی دینی نییە، بەلکو کۆمەلایەتیە".



"ئەو وتارانە وەك ئەو جۆرە فیلمانەیە کە هی تەمەنی ئەو منداڵە نەبێت"

د.محەمەد شوانی پێیوایە وتارە تۆقێنەرەکان بۆ منداڵان "کەسایەتییەکی ترسنۆك‌و جیا لەکەسێکی تری زانستی دروستدەکات، ئەو منداڵانە لەتاریکی دەترسن، ناتوانن بەتەنیا بچنە دەرەوە، واهەستدەکەن هێزێکی زۆر گەورە لەدەرەوەی ئەوان دایە توانای بڕوابون بەخۆیان نییە، ئەو تاکە واپەروەردە دەبێت بەخەیال‌و هەمیشە لە ترس‌و دلەڕاوکێدایە، لەبری ئەوەی زیاتر بڕوای بەخۆی بێت، بڕوای بەشتی زانستی نابێت هێندەی بڕوای بە شتی خورافیات دەبێت".

لەدرێژەی قسەکانیدا د.محەمەد شوانی دەربارەی کاریگەرییەکانی ئەو وتارانە دەلێت "ئەمانە وادەکات لە ئایندەدا زۆر بەزەحمەت لەو قالبە دەربهێندرێت‌و تامردن ڕەنگدانەوەی ئەم قۆناغەی لە سەر دروست دەبێ، کۆمەلگایەکی داخراو دروست دەکەن‌و بڕوایان بەگۆڕان نییەو بەخێرایی پێشناکەون، چونکە بەشێوەیەکی زۆر خێلەکیانە ئاینیان وەرگرتوە".

تائێستا وەزارەتی ئەوقاف‌و کاروباری ئاینی هیچ سزاو بڕیارێکی بۆ وتاربێژەکان دانەناوە، بەلام بەردەوام بۆ ئەوەی وتارەکان زانستی بێت‌و لەئاستێکی پێویست بێت ماوەی سێ سالە خول لە هەر سێ پارێزگا دەکرێتەوە.

حاجی جەمال خدر بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ئەوقاف‌و کاروباری ئاینی ئاماژە بەوەدەکات مزگەوت شوێنێکی گشتییەو هەمووکەس دەتوانێت سەردانی بکات وتی "ئێمە بەردەوام پێشنیار بۆ وتاربێژەکان دەکەین کە وتارێکی میانڕەو بخوێننەوەو لەگەل سەردەم‌و هەموو چین‌و توێژێك بگونجێت، گیانی برایەتی تێدابێت‌و کۆمەلگا بەرەو پێشەوە ببات، ئێمە لەگەل وتاری توندوتیژدانین خەلك بتۆقێنێت".

حاجی جەمال لەبارەی هەرسزاییەك بۆ وتاری توندوتیژو تۆقێنەر دەلێت "هیچ سزایەك نییە، مەلا دەبێت خۆی ڕۆشنبیر بێت، ئەگەر باسی دۆزەخیش بکات بە شێوەیەکی خۆش باسی بکات نەك هەرکەسێك بچێتەوە مالەوە ئەژنۆی بشکێت لەترسان".

حاجی جەمال ئاماژە بەوەدەکات لەوەزارەتی ئەوقاف بەبەردەوامی ماوەی سێ سالە خول هەیە مانگانە بۆ مامۆستایان بۆ ئەوەی وتاری هەینی بەرەو پێش ببەین لە هەموو شارەکان، لەمانگی شوبات کۆنگرەیەکمان بەست بۆ باشتر کردنی وتار بۆ ئەوەی وتارەکان هاوچەرخ بێت.

سەبارەت بەسنورداركردنی هاتنی مندال بۆ وتاری هەینی حاجی جەمال ئاماژە بەوەدەدات "ئێمە ناتوانین بەخەلك بلێین مەیەنە مزگەوت، ناتوانین زەخت لە هیچ کەسێك بکەین".

بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ئەوقاف‌و کاروباری ئاینی وتی "وەزارەتی ئەوقاف پێی باشە وتاری مامۆستاکان وتارێکی زانستی موسولمانانەی سەردەمی بێت، ئەم ئایینە ئایینی ڕەحمەت‌و بەرەکەت‌و خێرە، بۆ دەبێت خەلك بترسێنێت".

# گەنجان بەینیان لەگەڵ تەریقەتدا نییە

## گەنجانی هەورامان سەردانکردنی گۆڕی شێخانی نەقشبەندی بە"خورافیات" دادەنێن



گەنجان چاکردنەوەی نەخۆش و بەڵابەسەرهێنان لەلایەن شێخەکانەوە بەشتێکی نازانستی دەزانن.

فۆتۆ: مەعاز فەرحان

مەعاز فەرحان لەهەورامان

لەناو بەساڵاچوانی هەوراماندا تائێستا متمانەیەکی زۆر هەیە بەهێزی شێخ و تەریقەتەکان، لەکاتێکدا گەنجانی هەورامان زۆرێك لەوشتانە بەخورافیات وەسفدەکەن و بەپێچەوانەی بیروڕای پیرەکانەوە لەشێخەکان دەڕوانن.

عەبدولقادر فایەقی ٨١ ساڵ، ڕۆژانە دەچێتە خانەقای بیارەو زیارەتی گۆڕی شێخانی نەقشبەندی دەکات، عەبدولقادر لەکاتی نوێژەکاندا دەچێت بۆ خانەقای بیارە، وتی "ئەم شێخانە کەسانی ئیماندارو زانابوون دەسەڵاتیان هەبووە نەخۆش چارەسەر بکەن".

مەزاری شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی لەهەوراماندان کە تا ئەمڕۆش خەڵکانێکی زۆر لەناو هەورامییەکان هۆگرو مورریدیانن و ڕۆژانە زیارەتی گۆڕەکانیان دەکەن بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی و بەدیهێنانی ئاواتەکانیان ئەوانەی کەئەم باوەڕەیان هەیە زیاتر بەساڵاچووەکانن یان مورریدی شێخەکان خۆیانن.

زانا ئەنوەر ٢٣ ساڵ ئەوەی نەشاردەوە کەئەو شێخانە کەسانی باش بوون، بەڵام وتی "ئەوەی بەساڵاچووەکان دەیلێن شێتیان چاکردووەتەوە یان بەڵایان بەسەرخەڵکدا هێناوە، شتێکە باوەڕی پێناکرێت".

شێخ عوسمانی تەوێڵە لەسەدەی نۆزدەدا تەریقەتی نەقشبەندی هێناوەتە هەورامان، ئێستا گۆڕی شێخ عوسمان و شێخ بەهادینی کوڕە گەورەی و حاجی شێخ ئەحمەد شەمسەدینی کوڕی، هەروەها کاکە شێخ کوڕی شێخ بەهادین، حاجی شێخ عوسمان کوڕی شێخ حسامەدین لەخانەقای تەوێڵەدان، مەرقەدی بیارە گۆڕی شێخ عومەری بیارە، شێخ نەجمەدین کوڕی شێخ عومەر، شێخ عەلادینی تێدایە، هەروەها مەرقەدی باخە کۆن، گۆڕی شێخ حسامەدین، شێخ ڕاغب، حەمیدەخانی تێدایە، تەواوی مەرقەدەکانی هەورامان پێکدەهێنن.

ئەوکاتەی کەئەنسارولئیسلام بیارەو تەوێڵەی بەدەستەوەبوو خانەقاکانیان داخست و نەیاندەهێشت خەڵك بچێتە زیارەتی شێخەکان، لەساڵی ٢٠٠٣دا گۆڕی تەواوی شێخانی نەقشبەندییان هەڵتەکاندو لەماڵی یەکێك لە چەکدارەکانیاندا حەشاریاندان.

لەدوای لێدانی ئەمریکییەکان لەئەنسار، ئەم چەکدارە دەستگیرکراو شوێنی گۆڕەکانی ئاشکراکردو حکومەتی هەرێم گۆڕی شێخەکانی گەڕاندەوە بۆناو خانەقاکانی هەورامان.

ماکوان نەسرەدین ٢٩ ساڵ دانیشتووی شارۆچکەی بیارەیەو ماڵیان لەنزیك خانەقای بیارەیە، بەڵام تائێستا بۆ یەکجاریش نەچووەتە زیارەتی گۆڕی ئەوشێخانە "بۆچی بچم ڕاستە ئەوان کەسانی گەورەبوون، بەڵام ئێستا مردوون و دەسەڵاتیان نییە".

دوورکەوتنەوەی گەنجان لەتەریقەت و نەچوونیان بۆ سەر گۆڕی شێخان سەرەڕای ئەوەی کە بڕوایان بەو هێزەنییە کە بەساڵاچووەکان باسی لێوەدەکەن، بۆئەوەش دەگەڕێتەوە کە ئەوەی شێخەکان ئەوەندەی سەرقاڵن بەدنیاوە ئەوەندە کاری ئاینی ئەنجام نادەن.

ماکوان سەبارەت بەم حاڵەتە وتی "ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە دەیبینین نەوەی شێخەکانن کەهیچ ئیلتزامێکیان بەدینەوە نییەو خەریکی بازرگانی کردنن بەسەر تەریقەتەوە".

چەمیدیە فەرەج ٤٥ ساڵ بەپێچەوانەی ماکوانەوە لەسلێمانییەوە هاتبوو بۆ تەوافکردن وتی "ئازارم هەیەو نەخۆشم، بەو هیوایەوە هاتووم کە چاکببمەوە، چونکە ئەوانە کەسانی پیرۆزو گەورەن لای ئێمە".

مەلا فاغیر سەرپەرشتیاری خانەقای بیارە ئاماژەی بەوەکرد کە لە١٠٪ خەڵکی هەورامان دێن زیارەتی خانەقا دەکەن کەئەوانیش بەساڵاچوانن.

مەلا فاغیر وتی "چونە سەرگۆڕی شێخ دروستە خەڵکی لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستانەوەو لەوڵاتانی دەرەوە دێن بۆ زیارەتکردن".

مامۆستا مەلیك سەعید پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی عەبدولرەحمانی کوڕی عەوف لەخورماڵ بەدەستووری وت "زیارەتکردن تەنیا لەحەج و عەمرەیە، واتە لەکەعبەی پیرۆز دەکرێت، ئەوانەی کە دەچنە سەرگۆڕی ئەم شێخانە بۆ تەبەڕوکە".

ئەوەشی ڕەتکردەوە کەئەو شێخانە نەخۆش چارەسەر بکەن و وتی "چارەسەرکردنی نەخۆشی، تەنیا لەدەستی خوا دایە".

لەناو نەوەی شێخەکاندا هەن کەخۆیان کاروبارەکانی خانەقاکان دەبەن بەڕێوە، لەوانە شێخ عەبدولرەحمان شێخ ئەحمەد نەقشبەندییە، ئەو شێخە بەدەستووری وت "ئێستاش ئەو هێزەی کە ئەم شێخانە هەیانە زیندووەکان نیانە، ئێمە تەجروبەمان هەیە شوێنکەوتوانی تەریقەت لەجیهاندا سیازدە ملیۆن کەسن، ئەم هەموو خەڵکە کوێرانە بڕیار نادەن، حەتمەن شت دەزانن، دەستی مەعنەویەت خوای گەورە پێی داون دەتوانن نەخۆش چارەسەربکەن".

شێخ عەبدولرەحمان هۆکاری دوورکەوتنەوەی خەڵکی بەتایبەت گەنجانی هەورامانی گەڕاندەوە بۆئەوەی کەخەڵکی ڕەفتاری نەوەی شێخەکان بەچاوی خۆیان دەبینن.

ئەو وتی "هەندێ لەنەوەکانی شێخانی نەقشبەندی بەدوای پۆست و ساماندا دەگەڕێن و دەچن لەلای بەرپرسان سواڵدەکەن کەخۆی نابێت پارەی دەسەڵات لەگەڵ خانەقادا تێکەڵ بکرێت، چونکە حەرام دەبێت".

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی پێیوایە کەئایدیای لەناوچوونی هێزە ئیسلامییەکان بەهۆی دەستێوەردانیان لەپیرۆزی و کاروباری مەرقەدی شێخەکانی هەورامان تائێستاش زەینی پیرەکانی هەورامانی داگیر کردوە لەبەر ئەوەش شێخ پیرۆزی خۆی هەبوەو تەواوی چالاکییەکانی خەڵك و ئاراستەکردنیان لەلایەن شێخەکانەوە بووە.

کازم محەمەد توێژەری کۆمەڵایەتی وتی "دەبینین هەرچی مولکی شێخ بێت تائێستا پیرۆزە لایان و ناتوانن سوودی لێوەربگرن، بۆیە دەکرێت لای پیرەکان ئەمە وەك کاردانەوەیەکی خودی شێخەکان بەرامبەر هێزە ئیسلامییەکان بزانرێت". ئەو توێژەرە سەبارەت بەدوورکەوتنەوەی گەنجان وتی "ئەوەی گەنجە ئەم بیرکردنەوانە بەپاشکۆو دواکەوتوو دەزانێت و لەبەرامبەر ئەمەدا لێکدانەوەی تری هەیە".

> ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە دەیبینین نەوەی شێخەکانن کە هیچ ئیلتزامێکیان بەدینەوە نییەو خەریکی بازرگانی کردنن بەسەر تەریقەتەوە

# کوڕان ماکیاژی کاڵدەکەن

## خۆم جوان دەکەم "بۆ ئەوەی کچانی پێ هەڵخەڵەتێنم"

چۆمان ئەحمەد لەسلێمانی

کورانیش وەك کچان ڕوو لەماکیاژکردن و جوانکردنی دەموچاویان دەکەن، بۆ سەرنجراکێشانی کچان و کچانیش نایانەوێت لاساییان بکەنەوە.

جوانکاری دەموچاوو سپیکردنەوەی ئەگەرچی لەمێژە پیشەی هەمیشەیی خانمان بووە، لەئێستادا لای کوڕان بووە بەدیاردەو ژمارەیەك لەکوڕان ڕوویان کردووەتە جوانکاری پێستی دەموچاویان، چ بە بەکارهێنانی دەرمانی پزیشکی یان دەرمانی کیمیاوی، ئەمەش بەتایبەتی لای کورانی زانکۆو پەیمانگاکان جێگای بایەخ پێدانە، ئەوەش ناشارنەوە کەئەم کارەیان بۆ ڕاکێشانی سەرەنجی کچانە بەلای خۆیاندا.

سەرکار سلێمان تەمەن ٢٢ ساڵ یەکێکە لەو گەنجانەی کە بەردەوام دەرمان بۆ جوانکاری دەموچاوی بەکاردەهێنێت، دەڵێت "لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا کچانی ئێمە دوای جوانی و دەوڵەمەندی دەکەون، منیش وەکو گەنجێك کە دەوڵەمەند نیم هەوڵدەدەم بەم دەرمانانە خۆم جوان بکەم و کچانی پێهەڵخەڵەتێنم".

هیوا سەلام خوێندکاری زانکۆ دەڵێت "دەمەوێت خۆمی پێ جوان بکەم تاوەکو ئەو دیمەنە سروشتییە کەمێك تێپەڕێنم".

هیوا بۆئەوەی کەمێك چاوی بەجوانی دەربکەوێت برۆی لابردووەو ئەو سابونانەش بەکاردەهێنێت کەدەموچاو جوان دەکات.

کچانیش نکۆڵی لەوە ناکەن کەپێویستە کوڕان گرنگی بەجوانی دەموچاویان بدەن، بەڵام نەك مەبەستیان ئەوە بێت لاسایی کچان بکەنەوە.

بەپێچەوانەی ئەو کوڕانەی ماکیاژ دەکەن، هەندێ لەکوڕان پێیانوایە کەپەنابردن بۆ ماکیاژ لەلایەن کوڕانەوە جۆرێکە لە"دەست بەتاڵی".

هێمن محەمەد خوێندکاری زانکۆ پێیوایە مەبەست لەبەکارهێنانی ئەو دەرمانانە جۆرێکە لە"دەست بەتاڵی و بێکاری"، ئەو هۆکاری سەرەکی ئەو دیاردەیەی گەڕاندەوە بۆ دەست بەتاڵی و نەبوونی کارو پیشەیەکی بەردەوام.

هێمن وتی "لەکۆمەڵگای ئێمەدا ڕوخسار گرنگترە لەناخی مرۆڤەکان".

ئارام عومەر کە لەشەقامی ئۆرزدی دوکانی کەمالیاتی هەیە باس لەوە دەکات کەکوڕان بەلێشاو سەردانی دوکانەکەی دەکەن بۆ کڕینی دەرمانەکانی جوانکاری دەموچاو.

ئارام دەڵێت "زیاتر ئەو کوڕانەی سەردانمان دەکەن زیاتر ئەو کوڕانەن کە لە زانکۆو پەیمانگاکان دەخوێنن و داوای دەرمانی لابردنی پەڵەو زیبکەو سپیکردنەوەی دەموچاومان لێدەکەن".

تارا عەبدوڵڵا خوێندکاری زانکۆ دەڵێت "بەلامەوە سروشتی ئینسان جوانە، بەڵام هەندێجار پێویست دەکات کوڕانیش وەکو کچان گرنگی بەجوانکاری دەموچاویان بدەن، بەڵام نەك وەکو ئافرەت".

لەئێستادا هەندێك لەکوڕان جگە لەبەکارهێنانی دەرمانەکانی خۆجوانکردن وەکو کچان بۆ سپیکردنەوەی دەموچاو سپیاو بەکاردەهێنن، ئەو ماکیاژەی کوڕان دەیکەن ماکیاژێکی کاڵەو بەشێوەیەکی تەنك دەیکەن بۆ ئەوەی زۆر دەرنەکەوێت.

ئارام عومەر خاوەنی دوکانی کەمالیات دەربارەی ئەو کوڕانەی کە بۆ کڕینی سپیاو سەردانیان دەکەن دەڵێت "هەندێك لەکوڕان سەردانمان دەکەن بۆ کڕینی سپیاو و ڕێژەکەشیان زۆرە".

هەروەها وتی "چەندین دەرمان هەن وەکو سپیاو سپێتی دەبەخشنە دەموچاو کەزیاتر کوڕان ئەو دەرمانانە بەکاردەهێنن".

کوڕان دەرمانی جۆری وەکو olay, ponps, clĕrasil,) ,maske) بەکاردەهێنن کە دەموچاویان سپی دەکاتەوە.

زۆرجار پزیشکانی پسپۆڕی پێست هۆشداری دەدەن بە گەنجان کە دوور بکەونەوە لەبەکارهێنانی دەرمانەکانی جوانکاری کە بەمادەی کیمیاوی دروست کراون، لەبەرئەوەی کاریگەری لەسەر جەستەو بەتایبەت لەسەر پێست بەجێدەهێڵن.

ئەمین عوسمان خاوەنی باوەڕگەی شۆخ و شەنگ لەشەقامی ئۆرزدی کە بەدەرمانی گیایی چارەسەری ناشیرینییەکانی دەموچاو دەکات پێیوایە ئەو دەرمانانەی مادەی کیمیاویان تێدایە چارەسەری ناشیرینییەکانی دەموچاو ناکەن و بۆ ماوەیەکی کاتییە ئەو دەڵێت "من ئامۆژگاری گەنجان دەکەم کە دووربکەونەوە لە بەکارهێنانی دەرمانی کیمیاوی، چونکە ئەو دەرمانانەی مادەی کیمیاویان تیایە تەنها داپۆشەرن نەك چارەسەر بەپێچەوانەی دەرمانی سروشتی و پزیشکی".

ئەمین باس لەوەش دەکات کەڕێژەیەکی زۆر لە گەنجان سەردانیان دەکەن و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا چارەسەریان بۆ دەکات و وتیشی "زیاتر ئەو کوڕانەی سەردانمان دەکەن لە چینی ڕۆشنبیران و خوێندکارانن لە زانکۆو پەیمانگاو ناوەندییەکانیش".

دکتۆر فەرەیدون قەفتان پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێست دەربارەی کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی ئەو دەرمانانەی بۆ جوانکاری بەکاردەهێنرێت ئاماژەی بەوەدا "زیاتر ئەو دەرمانانەی بەکاریدەهێنن پێی دەڵێن حەوت دەرمانەکە کەئەمەش مادەی (کۆردیسۆن)ی تێدایەو دەرمانێکی بازرگانییەو کاریگەری خراپی هەیە لەسەر پێست"، داواشیکرد گەنجان دووربکەونەوە لەبەکارهێنانی ئەو دەرمانانە.

دکتۆر فەرەیدون وتی "تەنانەت ئەو کەسانەی ڕوودەکەنە دەرمانی گیایی دەموچاویان تێکدەچێت، چونکە ئەو دەرمانانە ناتەندروستن یان کەسانێك سەردانی شێخیان کردووە بۆ چارەسەری نەخۆشی پێستیان کە بەقورئان بۆیان چاکبکات کەچی خراپتری کردووە".



خۆت بۆکێ جوان دەکەیت؟

فۆتۆ: سەنگەر جەمال

> چەندین دەرمان هەن وەکو سپیاو سپێتی دەبەخشنە دەموچاو کەزیاتر کوڕان ئەو دەرمانانە بەکاردەهێنن

عەبدولکەریم فەتاح بۆ دەستوور

# "حیزبی ئیسلامی ئەوەندەی پەرچەکرداری واقیعێکی تاڵە، ئەوەندە ئەداکردنی وەزیفەیەکی ئایینی نییە"

## "فەلسەفەو عیرفان مەبەستێك لەبەرچاو ناگرێت ناوی لێدانی ئایین و هەڵوەشاندنەوەی بنچینەکانی ئایین بێت"

**بەشی دووەم و کۆتایی**

سازدانی: نەجمەدین حەمەعەلی

**دەستوور:** ئایا ئایینی ئیسلام توانی وەك پرنسیپێکی رێکخستنو ئاراستەکردنی مرۆڤ رۆڵی خۆی ببینێ چ لەسەر ئاستی تاك بێت یان ژیانی گشتی؟

**عەبدولکەریم فەتاح:** بەرلەوەی وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە دەبێ قسەیەك لەو سیاقە مێژووییە بکەین ئیسلام وەك ئایینێك تیایدا سەریهەڵدا، تاکو وەڵامی دروستمان بۆ پرسیارەکە بەرچنگ بکەوێت، عەرەب لە جەزیرەی عەرەبیدا کۆمەڵێك خێڵ و هۆزی لە یەکتر دابراوو ململانێکاری یەکتری بوون، واتە قەوارەیەکی سیاسی بوونی نەبوو بۆ ئەوەی عەرەبی جەزیرە کۆبکاتەوەو پەیوەندییە تیرەگەرییەکان بگۆرێت بە پەیوەندی یاساو دەولەت یاخود ئایدۆلۆژیاو ئوممەت، ئەوان سەدان ساڵ بوو جەنگیان لەگەل یەکتر لە پێناوی دەمارگیری بۆ تیرەو هۆزدا بەرپاکرد بوو، تەجروبەی شار لە جەزیرەدا زۆر کەم بوو، تەنها "مەککەو تایفو مەدینە" سەرژمێری شاری بۆ دەکراو شاریش لە دەستی هۆزێك یان چەند هۆزێکدا بوو کە سیستمی رێکخستن تیایدا خێڵەکی بوو، ئیسلام وەك پەیامێکی ئاسمانی هات و لە جێگەی بانگکردن بۆ هۆزو تیرەو عەشرەت بانگی بۆ بیروباوەرێکی نوێ کرد، ئەو دەیویست مرۆڤ وەك مرۆڤ تەماشا بکاتو جیاوازی رەنگ و زمان و عەشیرەت و نەتەوەیان بەرگر نەبێت لە وەرگرتنیان لە ناو ئەو پەیامە نوێیەدا کە دەیویست ئوممەتێك لەسەر بنچینەی ئایدۆلۆژیاو عەقیدە پەروەردە بکات، بۆیە کۆیلەکان بەر لە سەردارەکان بە دەنگی ئەو بانگەوە چوون، چونکە لەناو ئەو پەیامەدا یەکسانیان لە نێوان خۆیان و خاوەن هێزەکاندا دەبینیەوە، لێرەوە دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم هاتنی ئیسلام لەو سەردەمەدا وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە مێژووی عەرەبو ناوچەکەدا، ئەو ئایینە توانی ناوەوەی تاك لە وەهمی بتپەرستی و زەیەوانی بتەکان قوتار بکاتو دەرەوەشی لە چەوساندنەوەو زولمو زۆر رزگار بکات، قورئان بە حەزرەتی محەمەدو شوێنکەوتوانی رادەگەیەنێت کە مەزنترین کار لە پێشتانەوەیە و هێشتا ئەنجامتان نەداوە، ( فلا اقتحم العقبه، وما أدراك ما العقبه، فك رقبه...) البلد، ١١ – ١٣: هێشتا کۆسپە گەورەکەتان نەبریوە، تۆ چوزانی کۆسپە گەورەکە چییە؟ کۆسپە گەورەکە رزگارکردنی کۆیلەو بەندەکانە...

لەم بانگەوازەوە ئومەتێك لەسەر بنچینەی باوەر دروستدەکات کە سەردارو کۆیلەو بە دەسەلات و بێتین تیاپدا جێگەی دەبێتەوەو پەیوەندییە خێڵەکییەکان بە پەیوەندێکی عەقیدەیی دەگۆرێت...

**دەستوور:** ئاشکرایە بەدرێژایی مێژووی ئایینی ئیسلام دژایەتی کردنێکی ئەقڵو فەلسەفەو عیرفان لە ئارادابووە، بەرێزت ئەم دژایەتی کردنە بۆ کامیان دەگێریتەوە، خودی گوتاری ئایینی یان نائەقلانیەتی شوێن کەوتوانی؟

**عەبدولکەریم فەتاح:** لای من ئایین دژایەتی فەلسەفەو عیرفانی نەکردووە، بەلکو فەقیهەکان بەو کارە هەستاون، ئەقل لای فەقیهەکان ئەو وەسیلەیەیە بەهۆیەوە مرۆڤ لە دەقی پیرۆز دەگات، واتە ئەقلی فەقیهەکان ئەقلێك بووە کە دەق شێوەی پێداوە و فۆرمی پێگرتووە، مەبەستمان بە دەق کۆی ئەو ئیجتیهادانەیە لە دەق وەرگیراوە نەك خودی دەق، لێرەوە فەقیهەکان دەکەونە ململانێ لەگەل فەلسەفەو عیرفاندا، ئەم دوو رشتەیە تیایدا مرۆڤ سەرچاوەی فیکرو بیرکردنەوەو ئیلهامو حالی بوونە نەك دەقی ئایینی، فەیلەسوف و عاریف کاتێك لە دەقێکی ئایینی رادەمێنن دەیانەوێت پاڵپشتێك بۆ ئەو تێزە فیکری و سلوکە عیرفانیانە بدۆزنەوە کە بە میتۆدو کەرەستەی تایبەت بەخۆیان پێی گەیشتوون، ئەوان دەیانەوێت شەرعیەتی ئایینی بە فەلسەفەوعیرفان بدەن لە کۆمەلگەیەکدا کەتیایدا فەقیهەکان بالادەستن و هەموو بیرکردنەوەیەك لە دەرەوەی دەقەوە بە دەرچوون لە بازنەی ئایین تەماشا دەکەن، فەلسەفەو عیرفان مەبەستێك لەبەرچاو ناگرێت ناوی لێدانی ئایینو هەلوەشاندنەوەی بنچینەکانی ئایین بێت، ئایینیش بیرکردنەوەی دروست و عیرفانی بێ مەرام بە بەشێك لە خۆی تەماشا دەکات، کاتێك فەقیهەکان دێنو شەری ئەقلی فۆرم گرتووی خۆیان بە دەق دەگۆرن بە جەنگی ئایین لەگەل فەلسەفەو عیرفاندا، ئیتر لای خەلکانێکی کورتبین ئایین بە دژو نەیار لەگەل ئەقل و ئیلهام، یاخود فەلسەفەو عیرفان تەماشا دەکرێت، فەقیهەکان لە کۆمەلگە ئیسلامییەکاندا بالادەست بوون، سروشتیە گوتاری ئایینی باو گوتاری فەقیهەکان بووبێت و تیایدا دەیانی وەك حەللاج و سوهرەوەردی لەدار درابن و چەندینی وەك ئیبن عەرەبی و ئیبن و روشد و فارابیو ئیبن سینا بە گومراو زەندیق لە قەلەم درابن.

**دەستوور:** پاش روخاندنی خەلافەتی عوسمانی و کۆتایی هێنان بە هەیمەنەی دەسەلاتی ئایینی لە بواری گشتی دا، ئایا ئەمە ناکاتە ئەوەی کە چیتر ئایین ئیمکانیەت و توانای ئەوەی نەبێت گفتوگۆی ئەقلی مرۆڤی مۆدێرن بکات؟ بەرێزت چۆن ئەمە دەبینی؟

**عەبدولکەریم فەتاح:** رووخانی هەیکەلی ئیداری و سیاسی دەولەتێك یان ئیمپراتۆرییەتێك ناکاتە کۆتاهاتنی رۆلی ئایین لە کۆمەلگەدا، راستە ئیسلام وەك دەسەلاتی سیاسی پێچراوەتەوە، بەلام کاریگەرییە رۆحی و ئەخلاقییەکانی بە بەردەوامی دەمێنێت و هەر ئەو هەژموونە رۆحی و ئەخلاقییەش جارێکی تر ئایین لەکایە سیاسی و تەشریعییەکاندا ئەکتیڤ دەکاتەوە، خەلافەتی عوسمانی لەسەر دەستی ئەتاتورك دەپێچرێتەوەو سیستمێکی عەلمانی لە جێگەیدا دادەمەزرێت، وەلێ ئەو سیستمە تەنها نیوسەدە بە ئەکتیڤی کاردەکات و دواتر لە رێگەی هەژموونی رۆحییەوە–کە سەعیدی نەورەسی بزوێنەری بووە–جارێکی تر ئایین فەزای کۆمەلگە دادەگرێتەوەو



ئەو فەزا ئایینییەش چەندین حیزبو رێکخراوی سیاسی بەرهەم دەهێنێت و لە فۆرمێکی تریدا ئیسلام دەسەلاتی خۆی بەسەر دەولەت و کۆمەلگەدا دەسەپێنێتەوە، مانەوەی ئایین وابەستە بوونی گوتارێکی ئەقلانی نییە، ئایین بۆ خۆی–وەك ئیبن روشد ئاماژەی پێدەکات–بە متمانە وەردەگیرێت نەك بە ژیری، ئەو پانتاییەی ئایین کاری تیادا دەکات پانتاییەکە نائەقلێنریێ و فەلسەفە تیایدا بێدەنگە، ئەگەر مۆدێرنیتەو زانست و تەکنۆلۆژیا رۆلیان لە گۆرینی ئاییندا هەبوایە دەبوو پێش ئایینی ئیسلام ئایینی بوزییەکان و ئاینزا لۆکالییەکان رووبەرووی مەرگ ببوونایەتەوە، بە پێچەوانەوە شۆرشی زانستی لە خزمەتی تەشەنەکردن و پەرەسەندنی ئاییندا بووە.

مرۆڤ بەرلەوەی بچێتە ناو کایە ئایینییەکەوە خودێکی کاراو بیرکەرەوەیە، وەلێ لە پانتایی ئاییندا مرۆڤ خودێکی وەرگرو ملکەچو گوێرایەلە، ئەو بە بیرو ژیری پانتاییەکی هەلبژاردووە کە تیایدا مانا بە بوون و ژیانی دەدات، بۆیە لە ئەوپەری متمانە و ملکەچییەوە دەچێتە ژێر فەرمانەکانی ئایین.

**دەستوور:** قەتیس کردنی ئایین لە چوارچێوەی حیزب و گروپو رێکخراوی سیاسیدا تاچەند لەگەل بنەماو پرنسیپە گشتیو بنەرەتیەکانی خودی ئاییندا دێتەوە؟ ئایا حیزب دەتوانێ نوێنەرایەتی ئایین بکات و ببێ بە نوێنەری خودا؟ گەر حیزبە ئیسلامیەکانی ئێرە بە نموونە وەربگرین، پێتوانیە ئەم حیزبانە ئایین وەك وەسیلەیەك بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بەخواستو بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیانو هۆکارێکی خراپن بۆ بەبازاری کردنی خودی گوتاری ئایینی؟

**عەبدولکەریم فەتاح:** لای من حیزبی ئیسلامی هەولێکی مرۆڤە ئایینداڕەکانە بۆ ئەکتیڤ کردنەوەی رۆلی ئایین لە کۆمەلگەدا، سەرهەلدانی حیزبی ئیسلامی ئەوەندەی پەرچەکرداری واقیعێکی تالە، ئەوەندە ئەداکردنی وەزیفەیەکی ئایینی نییە، واتە حیزبی ئیسلامی ئەوەندەی شەرعییەت لە زەرورەتێکەوە وەردەگرێت، ئەوەندە دەقێکی ئایینی نابێتە پالپشتی، هەلبەت زەرورەت بەو ماناو مەفهومەی کەسێکی ئایینی لێی تێدەگات.

پێموانییە حیزبی ئیسلامی–بەتایبەت لە ئەمرۆدا–خۆی بە نوێنەری خوداو ئایین بزانێت، هەرچەندە بە دیوی ناوەوەی ئەو حیزبە ئیسلامییانەدا گوێرایەلیو پابەندبوون بەو حیزبانەوە بە هەندێك دەقی ئایینی پەیوەست کراوەو لادان لە گوێرایەلیو پابەندنەبوون بە جێبەجێ کردنی ئەو دەقانەوە خوێندنەوەی خۆ بواردن لەو دەقانەی بۆ دەکرێت، بەلام لەگەل ئەوەشدا دەرچوون و جیابوونەوە لەو حیزب و کۆمەلەو گروپانە نەخراوەتە خانەی دەرچوون لە ئایینو پرنسیپەکانییەوە.

لەناو ئیسلامییەکانی دنیای ئیسلامدا دوو بیردۆزە بۆ ئەکتیڤ کردنەوەی رۆلی ئایین بوونی هەیە، بیردۆزەیەك پێیوایە پێویستە گۆران لە بنکەوە دەستپێبکاتو هەنگاو بەهەنگاو بە هەرەمەکەدا سەربکەوێت تا گۆرینی دەسەلاتی سیاسی کە لە لوتکەی هەرەمەکەدایە، شوێنکەوتوانی ئەم بیردۆزەیە باوەری بە پەروەردەی تاكو خێزانەو لەوێشەوە گۆرانی کۆمەلگەو دەسەلاتی سیاسی، وەلێ لای شوێنکەوتوانی ئەم بیردۆزەیە خالێك روشن نییە ئەویش ئەوەیە کاتێك زۆرینەی کۆمەلگە دەکرێت بە مرۆڤی دیندار یاخود ئیسلامی بە چ رێگەو وەسیلەیەك گۆران لە دەسەلاتی سیاسیدا دەکرێت، رێگەی هەلبژاردنو دیموکراسی؟ کودەتای سەربازی؟ راپەرینو شۆرشی مەخمەلی؟ یاخود دروستکردنی هێزو بزووتنەوەی چەکداریو بەرەی جەنگ لە دەسەلات کردنەوە؟

میتۆدی دووەم باوەری بە گۆرانی دەسەلاتەو پێیانوایە تا دەسەلات نەگۆررێت کۆمەلگە بەئاراستەی دروستی خۆیدا تێناپەرێت، شوێنکەوتوانی ئەم بیردۆزەیە بە رێگەی جۆراوجۆر هەولی گۆرینی دەسەلات دەدەن یەکێك لەو رێگانە دروستکردنی حیزبی سیاسییە.

بە رای من راستە ئیسلامییەکانی ئەم ولاتە بە مەبەستی گۆرینی دەسەلات حیزبی ئیسلامیان دروستکرد، بەلام حیزب و دەسەلات ئەوانی بە کائینێکی تر گۆری و لە ئێستادا خۆشیان نازانن بۆچی حیزبیان دروست کردووە، بەلکو لە بیریان چۆتەوە یەکەمین هەنگاویان بۆ کام مەبەست بووە، چونکە سەرقالبوونی حیزبیو کورسی گرتنەدەست لە رێگەی حیزبەوە کۆمەلێك ئیمتیازی پێبەخشیونو سەرانی ئەو حیزبە ئیسلامیانە لە نێوان خۆیاندا وەك برا بەشیان کردووەو بنکە جەماوەرییە ئیسلامییەکەش بە خولیاو خەونی تر سەرقال کراوە.

# سیکولارو سیکولاریزاسیۆن

ن: پوریا سوڵتانی
و: جەلال کشوەردووست

سیکولاریزاسیۆن بەپرۆسەیەك ناوزەد کراوە کە لەوێدا گرنگی مەزهەب، چ لەکۆمەڵگاو چ لەزەینی تاکەکاندا بەردەوام کەم دەبێتەوە، سیکولاریزم لەوشەی لاتینی (saeculum) بەواتای چاخ، سەردەم، نەوە، یان رۆحی سەردەم وەرگیراوە، لەسەدەی چوارەمو پێنجەم بەواتای "دنیا"ش بەکارهێنراوە، یەکەمجار کە وشەی سیکولار بەواتای نزیك بەچۆنیەتی بەکارهێنانی بەکاربرا، لەرێککەوتننامەی ڤێستڤالیا لە١٨٤٨ بوو، نوێنەرانی فەرەنسا ئەم وشەیان بەواتای راگواستنی کۆنترۆڵی مولکو داراییەکانی کلێسا بۆ دەولەت، واتە دەسەلاتدارانی سیاسی "غەیری رۆحانی" بەکاریان هێنا، لەسەدەی هەژدەهەمو لەرەوتی شۆرشی فەرەنسا بنەمای راگواستنی داراییەکانی کلێسا بۆ دەولەت لەهەموو لایەنو بوارەکانی ژیاندا رەنگیدایەوە، لەسەدەی نۆزدەهەم واتای "شەرخوازانەی" رێکوپێککردنی کاروباری ژیان بەبێ یارمەتی وەرگرتن لە"میتافیزیك" درایە پاڵ سیکۆلاریزم، هەرچەند لەهەمان سەدەدا سیکولاریزم بەواتای روانینێکی پاسیڤ لەمەر دامەزراوەو رێورەسمە ئایینییەکانیش دەبینرێ، لەسەدەی بیستەمدا، سیکولاریزم لەلێکدانەوەی خەباتی دژ بە دەسەلاتداری کلێساو مەسیحییەت "بێ سەروبەرەیی" دژە رۆحانیو دژە ئایینی برەوێکی زیاتری پەیداکرد، "ماکس وێبەر" کۆمەڵناسی بەناوبانگ بۆ یەکەمجار سیکولاربوونی بەشێوەی وشەیەکی (تەوسیفی)و راڤەییو بەبێ بایەخیو بێ نۆرمی بەکار هێناو دواتر شێوازی ناوبراو لەلایەن کۆمەڵناسانی پاش خۆی پێرەوکرا، بە پێی توێژینەوەی واتایی "لاری شانێر" (shiner Larry) سیکولاربوون بەشەش واتاوە کەڵکی لێوەرگیراوە، وادێتە پێشچاو ئەم شەش تایبەتمەندییە لەخودی وشەکە گرنگتر بێو هەرکەس باس لە سیکولاربوون یان داکۆکی یان نادروستبوونی سیکولاریزاسیۆن دەکا دەبێ بەوردی مەبەستی خۆی لەو وشەیە دیاری بکا:

واتای یەکەم ـ دارمان یاخود سەرەولێژبوونەوەی ئایین (decline of religion) بەهەموو دامەزراوەکانیەوە کە پێشتر جێگای متمانە بوون، متمانەو نفوزی خۆیان لەدەستتدەدەن، ترۆپکی سیکولاربوون کۆمەڵگای نائایینییە، تایبەتمەندییەکانی ئەم پێناسەیە بریتین لە: زێدەبوونی ئەو کەسانەی حاشا لە باوەرە ئایینیەکانی خۆیان دەکەن یان گومان لەراستیو دروستیان دەکەن، کەمبوونەوەی متمانەی رۆحانییەکان، کەمبوونەوەی پەرستنو ئامادەبوون لە کلێساو مزگەوتدا.

واتای دووەم: هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەم جیهانە (conformity witty this world)، گروپی ئایینی یان کۆمەڵگای ئایینی روو لە میتافیزیك وەردەگێرنو زیاتر لەرابردوو روو لەم جیهانە دەکەن، لەلایەنی مۆرالیەوە، لەمۆرالێك کە ئێمە بۆ جیهانی دوایی ئامادە دەکا دوور دەکەونەوەو بەرەو مۆرالێکی سازگار لەگەڵ پێویستپیەکانی ژیان لەکۆمەڵگای ئەم رۆدا دەجوولێنەوە، خالی ترۆپکی سیکولاربوون کۆمەڵگەیەکە کە بەتەواوی بەرەولای ئامانجی پراگماتیستی ژیان رادەکێشرێنو لەم رووەوە گروپی ئایینی لەگەڵ گروپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا هیچ جیاوازییەکیان نابێ.

واتای سێهەم: رزگاری کۆمەڵگا لەچوارچێوەی ئایین (society from religion disengagement of)، کۆمەڵگا بەدەست لێکدانەوە ئایینیەکان کە لەرابردوودا لەسەر ئەوان وەستابوو تاوەکو خۆی بەشێوەی سەربەخۆ رێکوپێك بکا، لە ئەنجامدا ئایین لەگۆرەپانی ژیانی تاکەکەسی سنووردار دەکا، خالی ترۆپکی ئەمجۆرە سیکولاربوونە پێکهاتنی ئایینێکی بەتەواوی دەروونییە کە دەسەلاتێکیان بەسەر دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانو کردەوەی کۆوە نییە، هەروەها پێکهێنانی کۆمەڵگایەك کە لەوێدا هیچ هێمایەکی بەدەر لە بازنەی گروپ گەلی ئایینیان نییە، بەپێی ئەم واتایە سیکولاربوون پرۆسەیەکی مێژووییە کە رۆلی کۆمەڵایەتی ئایین دەباتە ژێر پرسیارەوەو کۆمەڵێك شێوازی دیکە لەدەسەلات دەکاتە ئەلتەرناتیڤی دەسەلاتی ئایینیو لەئەنجامدا ئایین لەچوارچێوەی ژیانی تاکەکاندا سنووردار دەکا، بەپێی ئەم واتایە دوو جۆر سیکولاربوونمان دەبێ: یەکەم، فیکری–وجوودی (intellectual existential)و ئەوەی دیکەش دامەزراوەیی–کۆمەڵایەتی (institutional social)، سیکولاربوونی دامەزراوەیی چاودێرە بەسەر سەرهەڵدانی دەوڵەتی سیکولارو بە ئەستۆگرتنی بەرەبەرەی ئەرکی پەروەردەییو کلتوریە، مەبەست لە سیکۆلاربوونی فیکری "وجوودی" هەوڵدانە لەرێگای کردنەوەی گۆرەپانێکی راستەوخۆ سەربەخۆ بۆ زانست بەشێوەیەك کە لە دەست تێوەردانو ئامۆژگارییەکانی میتافیزیك بەدووربێت، سیکولاربوونی زانستو هونەرو مۆرال واتای هاتنەدەری ئەوانە لە کۆنترۆڵی کلێسا، یان دوور کەوتنەوەیان لەخوێندنەوەیەکی تایبەتی جیهانبینی ئایینی.

واتای چوارەم: جێگۆرکێی باوەرو دامەزراوە ئایینیەکان (beliefs and institutions transposition of religious)، لێرەدا زانست دەبێتە نوێنەری کۆمەڵێك دامەزراوەو دەزگا کە پێشتر ئەم لایەنانە لە ژێر کۆنترۆڵی دەسەلاتی یەزدان دابوون بەواتای جێگۆرکێو گواستنەوەی گریمانەکان لە ئەزمونە ئایینیە پیرۆزەکانەوە بۆ ئەزموونی مرۆڤ، خالی ترۆپکی ئەم پرۆسە ئایینیە بەتەواوی مرۆییەو لەسەر ئەم بنەمایە کۆمەڵگایەك دروست بووە کە هەموو ئەو رۆلانەی کە پێشتر لەئەستۆی ئایین بوو لێی وەرگیراوەتەوە.

واتای پێنجەم: لابردنی پیرۆزی لەگەردوون (disacratization of the world)، جیهان بەرەبەرە پیرۆزی خۆی لەدەستدەدات، چونکە مرۆڤو سروشت لەشوێنێکی بەرزو مەزندا جێدەگرن، خالی ترۆپکی سیکۆلاربوون کۆمەڵگایەکە بەتەواوی ئەقلانی کە دیاردەکانی میتافیزیك لەوێدا هیچ رۆڵێك ناگێرن، سیکۆلاربوون بەم واتایە یانی مرۆڤ لەئایین بێ نیاز دەبێو لەسەر بنەمای ئەقڵ دەژیێت، وێنەی کلاسیکی ئەم روانگەیە واتای سرینەوەی ئەفسوون (disenchantment)، "ماکس وێبەر"ە کە بەواتای پرۆسەیەکی هەڵنەگەراوە لە ئەقلانی بوون (rationalization)ە، ئەم پرۆسەیە دەبێتە هۆی روانگەیەك کە بەپێی ئەوە جیهان زنجیرە دیاردەیەکی مەزنی خود بونیادە.

واتای شەشەم: بزاوتن لەکۆمەڵگایەکی پیرۆزیەوە بەرەو کۆمەڵگایەکی سیکۆلار (a sacred to society movement)، ئەم بەرداشتە چاودێرێکە بەواتای گشتییە لەگۆرانی کۆمەڵایەتی، خالی ترۆپکی سیکۆلاربوون کۆمەڵگایەکە کە لەوێدا هەموو بریارەکان لەسەر بنەمای ئەقلی بەرژەوەندیخوازانە دەدرێو زەمینەیەکی تەواو بۆ گۆران هەیە، ئێستا بەسەرنج دان بە شەش واتای سیکۆلاریزاسیۆن یان سیکۆلاربوون دەردەکەوێ کە ئەم وشەیە بەدرێژایی مێژووی دروست بوونی وشەیەکی باس هەڵگربووەو بەرەبەرە واتایەکی دیکەی بەخۆوە گرتووە بێ ئەوەی کە واتا پێشوەکەی لەدەست بدا، کەوابوو هەق بە"شاینر"ە کە بەو ئەنجامە دەگا" کە وشەی سیکۆلاریزاسیۆن کۆمەڵێك هێماو چەمکی فرە رەهەندی لە خودی خۆیدا دژ بەئایین هەڵگرتووە، مەبەستە دژەکانی ئەم کەلکەڵەیە بەرادەی پێویست کێشە خولقێنە"، بەم پێیە بەهۆی وەها جیاوازییەك کۆمەڵێك مەبەستی جیاوازو هەندێجار دژبەیەك دەخاتەروو، دەبوایە هەرکەس کە وشەی سیکولاربوون بەکار دەبا واتای تایبەتی خۆی لە بەکارهێنانی ئەم وشەیە دەربربێ، بەدرێژایی بەکارهێنانی خۆشی پێوەی پابەند بێت، وشەی سرینەوەی ئایین لەژیانو جیهان تاکو سرینەوەی ئایین لەگۆرەپانی گشتی لەخۆدەگرێ بەبێ دەستنیشانکردنی وردی واتای تایبەتی خۆی ناتوانین بەکاری بێنین بەهەر جۆرێك بێ، ئەوەی کە لەم واتایەدا هاوبەشە سێ واتای سرینەوەی پیرۆزی (سپیتایی) (desacritization)، قبولکردنی جیاوازی (differentiation)و جێگۆرکێ (transposition)یە.

بەجێیە بزانین "ماکس وێبەر" یەکەم کەس بوو کە سیکۆلاریزاسیۆنی هێنایە نێو کۆمەڵناسیەوە، لەراڤەکانیدا سەبارەت بەم پرۆسەیە بۆخۆی کەمتر کەڵکی لێوەرگرت، ناوبراو لەراڤەکانیدا لەواتای سێ لایەنی دیکە کەڵکی وەرگرتو ناوبانگێکی زۆریشی بەدەستهێنا ئەوانیش لایەنەکانی ئەقلانیەت– (rationality)، سرینەوەی ئەفسوون– (disenchantment)و روناکبیریی (intellectualization)، بەلام سەرەرای گرنگی ئەم سێ واتایانە، کەمتر بەوردی پێناسەیان کراوە.

diako_j@yahoo.com

## تەحسین حەمە غەریب بۆ دەستوور:

# "ئەوە عیرفانە دەریدەخات كێ دیندارەو كێ دیندار نییە"

## "مۆدێرنە لەگەڵ مەعنەویەت و عیشق و یەقین و بابەتە عیرفانیەكاندا نایەتەوە"

سازدانی: ئەحمەد قادر عەلی

لەگەرمەی جەنجاڵی‌و خۆخەریك كردنی مرۆڤەكان بە بابەت‌و ئامرازەكانی مۆدێرنەو لەگەڵ پشتكردن لە بابەتە عیرفانیەكان‌و خۆخەریك كردن بەبابەتە رۆژانەییەكانەوەو رۆچوون تیایاندا، بە پێویستمان زانی گفتوگۆیەكی كورت لەگەڵ (تەحسین حەمە غەریب) نووسەرو شارەزا لە عیرفانی ئیسلامیدا سازبدەین، بۆ ئەم مەبەستە چەند پرسیارێكمان ئاراستە كرد سەبارەت بە عیرفان‌و پەیوەندی لەگەڵ فەلسەفەو ئەو كێشانەی كە لە ئەمرۆدا سەریان هەڵداوە لەنێوان عیرفان‌و مۆدێرنەدا، ئەویش بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی دایەوە.

**دەستوور:** لەناو كلتورو ترادیسۆنی ئیسلامیدا كایەیەكی دیاریكراو ئامادەیی هەیە كە بەعیرفان دەناسرێت، بەردەوام لە زۆربەی سەردەمە جیاوازەكاندا كۆمەڵێك لەناو ئەم كایەیەدا خۆیان بینیوەتەوە كە لەدواجاردا بەعارف ناسراون، دەمانەوێ بپرسین مەبەست لە عیرفان چییەو بەكێ دەوترێت عارف؟

**تەحسین حەمە غەریب:** دیارە چەندین بیرو بۆچوون سەبارەت بەكەسی عارف، بوونی هەیە، هەیە عیرفان كورت دەكاتەوە لە ئەزموونی رۆحیدا، ئەوەی كە تەجرەبەیەكی رۆحی بۆ دروست دەبێت، هەندێكی تر دەڵێن عارف ئەو كەسەیە كە كۆمەڵی مەقام دانراوە لە عیرفاندا، دەبێت ئەو مەقامانەی بریبێ، بەڵام لێرەدا تۆ ناتوانی پێناسەیەكی سەرتاسەری بۆ عیرفان دابنێیت، دەبێت جیای بكەیتەوە بەپێی دینەكان، (عیرفانی ئیسلامی‌و مەسیحی‌و بووزایی‌و .... هتد)، وەك ئەوەی فەیلەسوفی نەمسایی (بینگشتاین) دەڵێت "تۆ ناتوانی پێناسەیەك دابنێی بۆ ئەم جۆرە بابەتانە، بەڵكو دەبێت بچیتە ناو كایەكانیانەوە"، ئالێرەدا دەتوانین پێناسەی عیرفانی ئیسلامی بكەین، بەوەی كە بریتییە لەو بابەتەی كەچوار بنەمای سەرەكی تێدایە، چوار پایەی سەرەكی تێدایە، یەكەمیان میتافیزیكی ئیسلامیە، ئەمە تەنها وشە نییە لە عیرفاندا، ئەزموونە، ئەوەندەی كە كەسی عارف دەچێتە ناویەوە، ئەیبینێ، شهودە نەوەك وجود، دووەمیان ئەخلاقیاتی عیرفانە، ئەمەیە كە زۆرێك لە عارفە ئیسلامییەكان ئەخلاق‌و عیرفانیان بەیەك زانیوە، سەرەتا رێسا ئەخلاقییەكان چوونەتە ناو بابەتە عیرفانیەكانەوە، سێیەمیان بریتیە لە هونەری ئیسلامی، چ هونەری بیستراو (قورئان)، چ هونەری بینراو (بیناسازی ئیسلامی‌و بابەتەكانی)، چ هونەری وتراو (ئەو نزا گەردوونیانەی عارفەكان كردوویانە)، چ هونەری نووسراو (شیعرو حیكمەتی عیرفان) دەگرێتەوە، چوارەمیان بریتیە لە دیسپلینی دین، ئەو دیسپلینانەی كە بۆ كۆنترۆڵكردنی مرۆڤ لەسەر مرۆڤ دادەنرێت، كەواتە عیرفانی ئیسلامی بریتیە لەوەی كە ئەو چوار پایەیەی تێدابێت.

كەواتە عارف بریتیە لەو كەسەی كە رێی عیرفان دەگرێتەبەر، مامەڵە لەگەڵ ئەو چوار كایەیەدا دەكات، تا دەگاتە مەقامێك كە پێی دەوترێت مەقامی فەنا، لەو مەقامەدا ئیتر واز لە خۆی دێنێت، لەگەڵ بابەتەكەدا دەبێتەوە بەیەك كە ئەویش بریتیە لە مامەڵەكردنی ئامادەگی پەیداكردن لە بەردەم خوداداو تەجەلی بوونی ناوەكان‌و سیفاتەكانی خودا لەبەردەم ئەو كەسەدا.

> چاوی فەلسەفە ناتوانێ ئەودیو شتەكان ببینێت، لەكاتێكدا عیرفان دەتوانێ بابەتەكانی ئەودیو شتەكان بهێنێتەوە بەر عەقڵ و زەینی مرۆڤ

**دەستوور:** چ پەیوەندیەك هەیە لەنێوان بابەتە عیرفانی‌و بابەتە فەلسەفییەكاندا؟

**تەحسین حەمەغەریب:** بێگومان فەلسەفە زانستێكی ئیستیهلاكیە، بەركارە، وەك مێژوو وایە، ئێستا مێژوو هیچ بابەتێكی نییە، چونكە هەموو بابەتەكان دەبنە بابەتی مێژوو، عیرفانیش هەر وەك مێژوو وایە، ئەگەر فەلسەفە بریتی بێت لە مامەڵەكردنی عەقڵیانە، دەلیل هێنانەوەی عەقڵیانە دەربارەی بابەتەكان، ئیدی دەكرێ هەر شتێكی تر مامەڵەی عەقڵیانەی لەگەڵدا بكرێت، لەوانەش عیرفان، واتە دەكرێت بابەتە عیرفانییەكان ببنە بابەتی فەلسەفە، ئێستا ئەو فەلسەفەیەی پێی دەوترێ فەلسەفەی زیادكراو، چۆن وشەی فەلسەفە دەدرێتە پاڵ زانستەكانی تر (فەلسەفەی ئەخلاق‌و ... هتد)، دەكرێت بشڵێین فەلسەفەی عیرفان لێرەوە پەیوەندی لەنێوان عیرفان‌و فەلسەفەدا دروست دەبێت، واتە عیرفان دەبێتە بابەتی فەلسەفە، تەنانەت هاوكاری فەاسەفەش دەبێت، چونكە چاوی فەلسەفە ناتوانێ ئەودیو شتەكان ببینێت، لەكاتێكدا عیرفان دەتوانێ بابەتەكانی ئەودیو شتەكان بهێنێتەوە بەر عەقڵ‌و زەینی مرۆڤ، ئەمەیە كە یەكێك لە عارفەكان دەڵێت "عیرفان وا لە مرۆڤ دەكات پشت ملی خۆی ببینێت"، عیرفان زۆر لە خزمەتی فەلسەفەدایە، وەك چۆن دواجار فەلسەفە بەهێنانەوەی بەڵگەی ئەقڵی، دەبێتەوە بە خزمەتكاری فەلسەفە، دوایین تیۆری فەلسەفەی ئیسلامی تیۆری (حیكمەتی موتەعالی) مەلا سەدرایە كە كۆكردنەوەی عیرفان‌و شەریعەت‌و عەقیدەو فەلسەفەیە، واتە مەلا سەدرا دێ چوار كایە كۆدەكاتەوەو دەیانكا بە تیۆرییەكی فەلسەفی، كەواتە عیرفانی ئیسلامی لە كەماڵی خۆیدا لەگەڵ فەلسەفەدا دەبێتەوە بەیەك.

**دەستوور:** وەك ئەوەی كە ساڵانێكی زۆرە خەریكی خوێندنەوەو لێكۆڵینەوەی لەسەر عیرفان‌و بابەتە عیرفانییەكان‌و ئەزمونێكی بەرچاوت لەو بوارەدا هەیە، لێرەوە دەتوانی خۆت بەكەسێكی عارف بناسێنی؟ بۆچی؟

**تەحسین حەمەغەریب:** نەخێر من هەر جورئەتی ئەوەش ناكەم عارف بوون بە خەیاڵمدا بێت، ئەوەش موجامەلە نییە، چونكە ئەو بابەتانە حەساسن لە عیرفاندا، ئەو كاتەی كە مرۆڤ خۆی بەشت زانی ئەوە دووردەكەوێتەوە لە عیرفان، بە پێچەوانەی قیبلەوە دەجوڵێ، چونكە لەعیرفاندا هەمووی ئەو ئەو كردنە نەك خۆ خۆ كردن، باس باسی خودایە، نەخێر من خۆم بایەخدانی عیرفانیم هەیە، حەزم لەو بابەتەیە، لێكۆڵینەوەم هەیە لەو بابەتەدا.

لەبەر ئەوەش لە رۆشنبیری كوردیدا بەداخەوە گرنگیدان بەو بابەتانە كەمە، بۆیە بابەتەكانی من دەركەوتوون، من لێكۆڵینەوەی عیرفانی دەكەم نەك عارف بم.

**دەستوور:** وەك ئەوەی لە رابردوودا كورد خاوەنی چەندین كەس بووە كەبەپلەی عارف گەشتوون، دەكرێت بڵێین ئێستا لە كۆمەڵگەی كوردیدا كەسی عارف هەیە؟ ئەگەر نییە بۆ تائێستا دروست نەبووە؟

**تەحسین حەمەغەریب:** بوونی عارف لە كورددا ئێستا نازانم، چونكە عارف شتێكی ئاسان نییە خێرا دەربكەوێت، رەنگە ئێستا لە لادێیەكی دوورەدەستدا كەسێكی عارف وەك دەڵێن روو لە خودا بێ‌و ئێمە نەزانین، بەڵام ئەوەندەی من بۆم دەركەوتبێ، بوونی كەسی عارف لە سەردەمی مۆدێرنەدا كارێكی ئاسان نەبێت، مۆدێرنە رۆحی مرۆڤەكانی گرتووە، مرۆڤەكانی هێناوەتە رووكەش، عیرفان پێچەوانەی مۆدێرنەیە، عیرفان مرۆڤەكان لە رووكەشەوە دەبات بەرەو قوڵایی، من لە كتێبی "دوایینەكان"یشدا ئاماژەم پێكردووە كە دواین عارفی كورد (مامۆستا سعید نورسی) بووە.

**دەستوور:** دووركەوتنەوە لە بابەتە عیرفانییەكان نابێتە هۆی دووركەوتنەوەمان لە جەوهەری ئیسلام‌و چوون بەرەو مۆدێرنەو عەلمانیەتی خۆرئاوا بەمانا نێگەتیڤەكەی؟

**تەحسین حەمەغەریب:** با خۆمان نەپێچینە بابەتە خۆرئاواییەكانی وەك عەلمانی‌و .... هتد، لەراستیدا دینێك ناكرێت دین بێت كە بابەتی عیرفانی تێدا نەبێت، ئەگەر عیرفان نەبێت خەڵكی بەرگەی ئەركە دینیەكان ناگرێت، چونكە ئەركە دینیەكان وشكن، كێ دەتوانێت مامەڵەی رۆحی لەگەڵ نوێژدا نەكات‌و نوێژ بكات، راستیان وتووە عیرفان دڵی دینەكانە، ئەوە عیرفانە دەری دەخات كێ دیندارەو كێ دیندار نییە، پاشان ئەگەر عیرفان نەبێت مەعنەویەتیش نابێت، مەعنەویەتیش نەبێت ژیان نابێت، تەنانەت لە سەردەمێكی وشكی وەك مۆدێرنەدا، پێویستمان بە كانی عیرفان هەیە تا تەرمان بكاتەوە،دیوەكەی تری وجود ئەزمون بكەین، هەموو ئەم شتانە بەعیرفان دەكرێت، لەبەرئەوە نەدین بێ عیرفان دینە نە مرۆڤایەتیش بێ دین مرۆڤایەتییە.

**دەستوور:** خوێندنی بابەتە عیرفانییەكان لە دامەزراوەی پەروەردەییدا بەتایبەتی لە زانكۆكاندا تا چەند بە پێویست دەزانیت؟ ئایا خوێندنی ئەم بابەتانە چ كاریگەرییەك لەسەر تاك‌و كۆمەڵگە بەجێدەهێڵێت؟

**تەحسین حەمەغەریب:** بێگومان خوێندنی بابەتە عیرفانییەكان ئێستا لە زانكۆكانی ئێمەدا نییە، لەو باوەڕەدام ئەگەر عیرفان بۆ هەموو نەتەوەیەك پێویست بێت، ئەوا بۆ ئێمەی كورد عیرفان لە هەموو شتێكی تر پێویستترە، چونكە دەتوانین بڵێین ئەوەی هەمانە بەخێوكراوی دەستی عیرفانە، لە باوەشی دایكی عیرفاندا پەروەردە كراوە، كورد چی هەیە؟ شێوەزارەكانی، ئەدەبیاتی، شیعرەكانی، هەموو ئەوەی كە هەمانە لە ژێردەستی عارفەكاندا دەرچوون، ئیدی لە هونەری كوردییەوە بیگرە هەتا ئەوەی كە پێی دەوترێت حیكمەت، من دەزانم كە حیكمەت‌و فەلسەفەی كوردی بوونی هەیە، تەنانەت دەتوانین بڵێین دواین حەڵقەكانی ئیسلامی لە دەستی كورددا بووە، ئەوەندەی من بزانم دوایین داهێنانی كەلامی ئیسلامی كە دەتوانم بڵێم فەلسەفەی ئەهلی سوننەیە، بەرامبەر ئەو فەلسەفەیەی شیعە دەخوێنرێت، لەدەست مەلا كوردەكاندا بووە، لە سنەو هەورامان‌و بادیناندا بووە، دوایین داهێنانەكانی (ئیبن قەرەداغی‌و مەلای بالكی‌و شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی)و...هتد كردوویانە، عیرفانە بۆتە هۆی ئەوەی ئەم بابەتانە بخولقێنێ وجودی كورد قەرزاری عیرفانە، شیعری كوردی بەدەست عارفەكانەوە گەیشتۆتە كەماڵی خۆی، تەنانەت هونەری كوردی لە عیرفانەوە بووە كە بەداخەوە ئێستا خەریكین وێرانی دەكەین، چونكە ئەو خەڵكەی حوكمی ئەم وڵاتە دەكات نەخوێندەوارە، ئەزمونی رۆحی نییە، رۆحی هونەری بیناسازی كوردی عیرفانە، پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانمان لەسەر بنەمای عیرفان دامەزراوە.

> شیعری كوردی بەدەست عارفەكانەوە گەشتۆتە كەماڵی خۆی، تەنانەت هونەری كوردی لە عیرفانەوە بووە، كە بەداخەوە ئێستا خەریكین ویرانی دەكەین

**دەستوور:** مۆدێرنە بەهەموو دەركەوتەكانیەوە لەئێستادا چ كاریگەریەكی لە سەر كۆمەڵگەی كوردی هەبووە؟ بەتایبەتی گەنجان كە لەمرۆدا زیاتر بەكاربەری چەمك‌و ئامرازەكانی جیهانی مۆدێرنن؟

**تەحسین حەمەغەریب:** ئەو كەسانەی لەناو مۆدێرنەدا دەژین، دووگروپن، گروپێكیان خولقێنەری كایەكانی مۆدێرنەن، گروپێكی تریان بەكاربەرن، كایەكانی مۆدێرنەیان بەسەردا دەسەپێ، تاكی كورد تا ئێستا تاكێكی كارا نییە، لەسەردەمی مۆدێرنەدا هەردوو پایە گرنگەكەی مۆدێرنە (عەقڵكاری لەگەڵ زانستە ئەزمونیەكان)، تائێستا لە ناو كورددا جێگەی خۆی نەگرتووە، هەتا ئێستاش فەلسەفەی نوێ‌و عەقڵكاری نوێ بەتەواوی نەهاتووەتە ناو كوردەوە، مۆدێرنە بەرەكانی بۆ ئێمە دەنێرێ، پاشماوەكانی خۆی فرێ دەداتە كوردستان‌و تاكی كوردیش بەكاری دەهێنێ، تاكی كورد ئەو مامەڵە راستەقینەو چالاكانەی لەگەڵ مۆدێرنەدا نییە، تا دەركی ئەو دیوەش بكات كە مۆدێرنە لێی وەردەگرێتەوە، ئەویش دیوە مەعنەویەكەیە، بۆیە تاكی كورد ئێستا خەریكی وێرانكردنی ئەوەیە كە هەیەتی، ئێمە نابێت بە سەلبیش مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بكەین، چونكە ئێمە هەموو شتێكی مۆدێرنەمان پێ رەفز نییە، بەڵام ئەوە هەیە كە مۆدێرنە لەگەڵ بابەتە مەعنەوییەكاندا یەك نایەتەوە، لەگەڵ یەقین‌و عیشق‌و ئەو بابەتانەی عیرفانیش نایەتەوە، بەڵام دواجار بەو پێیەی توێژی گەنجان زۆرتر مامەڵە لەگەڵ مۆدێرنەدا دەكەن، لەبەر ئەمە ونكردنی بابەتە مەعنەوییەكان زیاتر لەسەر گەنجەكانە.


تەحسین حەمە غەریب

---

**سەلاحەدین بابەكر:** لەو مەسەلانەی لەبەرژەوەندی خەڵكی كوردستاندابووە لەگەڵ هاوپەیمانی هاوڕابوین‌و لەسەر ئەو مەسەلانەش قسەی خۆمانكردووەو لەگەڵیدا هاوڕانەبوین، لەمەسەلەی نەوت‌و شەفافیەت لەگرێبەستە نەوتییەكان‌و بودجەی هەرێمدا، هەمیشە بەرژەوەندی خەڵكی كوردستان لەچیدا بووبێت لەگەڵ ئەوەبووین، ١٧٪ لەگەڵی بووین، لەكاتی گرێبەستە نەوتییەكاندا چۆن لەبەرژەوەندی هەرێمی كوردستان بووبێت وامانكردووە، بەڵام ئەمجارە لەدواساتەكاندا بۆچونیان گۆڕی‌و خۆیان بەرپرسن‌و وەڵامەكەی لای خۆیانە.

**دەستوور:** بەرپرسانی كورد دەڵێن بەڵێنەكەی ئەمەریكا بۆ كورد لەچەند كورسییەك گرنگترە، پێتانوانییە ئەو بەڵێنانە لەمكاتەدا تەنها بۆ رازیكردنی كورد بووبێت تا دەنگ لەسەر یاساكە بدات؟

**سەلاحەدین بابەكر:** بەڵێنەكان رێزگرتنە لەسەلامەتی خەڵكی كوردستان، هاوكاریكردنە بۆ جێبەجێكردنی مادەی ١٤٠، ئەمانە هەمووی مافێكن كە پێشتر هەبوون‌و لەدەستووری عێراقیدا سەلمێنراون، ئیتر نازانم بەڵێنی تازە چیبێت ئەمەریكا بەهەرێمی كوردستانی دابێت، ئەوانەی باسكراون هەمووی مافی دەستووری خۆمانن، دەبوو پێشتر جێبەجێبكرایە، بەڵام ئەو مافانەمان دەستنەكەوتووە كە دواكەوتوون‌و ئەوە جێگای گلەییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئومێد دەكەین ئەو بەڵێنانەی ئۆباما كە دراوە ببرێنەسەر، بەلایەنی كەمەوە بۆ ئەوەی چۆن كورسییەكانمان لەكیس چووە، بەڵێنەكانیش بەپێچەوانەوە دەرنەچن‌و جێبەجێبكرێن.

كاتێكیش لایەنی ئەمەریكی داوای لەلایەنی كوردی كردووە تا یاساكە تێپەڕێنێت، بەڵام پێویستە چاوەڕوانی رۆژانی ئایندە بكەین‌و بزانین رۆژانی داهاتوو ئەو بەڵێنانە جێبەجێدەكرێت یان نا، ئەوكاتە دەكرێت قسەی خۆمان لەو بابەتەدا بكەین.

**دەستوور:** بۆچی لەساڵانی پێشوتردا یەكگرتوو نەیتوانی رابەرایەتی دەنگە نارازییەكان بكات، لەكاتێكدا خۆتان وەك ئۆپۆزسیۆن دەناساندو پێیەكتان لەناو حكومەت بوو ئەویتریشتان لەدەرەوە بوو، ئێستا دەتانەوێت بەو جۆرە مامەڵانە بگەڕێنەوە ناو خەڵك؟

**سەلاحەدین بابەكر:** ئێمە هەر لەناو خەڵك بووین، هەڵوێستیشمان رۆشنبووە، ئەوەشی بەپێویستمان زانیبێت وتومانە، لەراپۆرتی چوار حزبەكە كە لەسەرەتای ئەمساڵدا بڵاومانكردەوە بەروونی بەشێكی لەسەر پەیوەندییەكانی هەولێرو بەغدا بوو، لەوێ بەرۆشنی قسەی خۆمان كردبوو، لەبەرئەوە رەوتی خۆمان روونەو دیدگاشمان بۆشتەكان رۆشنبووە، هەر لەو روانگەشەوە هەڵوێستمان وەرگرتووەو كاروچالاكی پرۆژەكانمان ئەنجامداوە.

**دەستوور:** خەڵك پێیوایە یەكگرتوو لەسەرەتای دامەزراندنییەوە هێندەی بۆ بەهێزكردنی پێگەی حزبایەتی خۆتان هەولتانداوە، ئەوەندە بۆ ئینتیمای نەتەوایەتی‌و ئەو مەسەلانەی پەیوەندی بەژیانی خەڵكەوە هەیە هەوڵتان نەداوە؟

**سەلاحەدین بابەكر:** ئێمە وانابینین، بەڵكو وایدەبینین لەهەموو پرسە نیشتیمانی‌و نەتەوەییەكاندا هاوڕابووین لەگەڵ سەرجەم ئەحزاب‌و لایەنە سیاسیەكانی هەرێمی كوردستاندا هاوشان بووین، هیچ شتێك نەبووە كەئێمە كەموكورتیمان كردبێت، بۆنمونە چوار ساڵە لەئەنجومەنی نوێنەرانین بەشاهیدی سەركردایەتی كوردو ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی كوردستان، كوتلەی یەكگرتوو لەسەرجەم پرسە نیشتمانی‌و نەتەوەییەكاندا جدیترو دڵسۆزانەتر لەلایەنی تر لەمافەكانی گەلی كوردو خەڵكی كوردستان داكۆكیكردووە.

**دەستوور:** ئەی بۆچی لەماوەی چوار ساڵی رابوردوودا، لیستی یەكگرتوو لەناو پەرلەمانی كوردستاندا نەیتوانی هەڵوێستێكی ئۆپۆزسیۆنانە لەبەرژەوەندی خەڵكدا بنوێنێت، ئایا ئەو كێشانەی ئێستا هەن لەرووی گەندەڵی‌و سیستمی حكومڕانییەوە، پێشتر نەبوون؟

**سەلاحەدین بابەكر:** بێگومان ئەو كێشانە چەند ساڵە هەن‌و كەڵەكەیان كردووە، بەڵام وەك یەكگرتوو لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستاندا بەڵێنی هەرچیەكمان بەخەڵك وت، هەرئەوەشمان ئەنجامدا، گوتاری ئێمە گوتارێكی ئۆپۆزسیۆنانە بوو، بۆیە بڕیارەكەمان بردەسەرو بوینە ئۆپۆزسیۆن‌و دەبینە چاودێرێكی جدی بەسەر كارەكانی ئەدای حكومەتەوە.

**دەستوور:** چاودێرانی سیاسی‌و خەڵكیش پێیانوایە بە وەزارەتێك‌و ئەو بودجەیەی پێتاندەدرا، بێدەنگكرابوون، بۆیە هەڵوێستتان نەبوو، ئایا بۆ لەمەودوا دەتوانن بەو شێوەیەی پێشوو نەمێننەوە؟

**سەلاحەدین بابەكر:** ئەوكاتەی لەحكومەتدا بەوەزارەتێك بەشداربووین قسەی خۆمانكردووە لەسەر ئەو خاڵانەی گلەییمان لەسەری هەبووەو بەكەموكورتیمان زانیوە، بەڵگەش بۆ ئەوە ئاراستەكردنی یاداشتێك بوو بۆ سەرۆكایەتی هەرێم‌و پەرلەمان، دەربارەی كەموكورتییەكانی حكومەت‌و پەرلەمان، دواتریش بۆ جێبەجێكردن درایە ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام كە ئەو یاداشتە جێبەجێنەكرا راپۆتی چوار حزبەكەمان خستە بەردەم رای گشتی، ئەوانەی لەماوەی كابینەی پێشووی حكومەت‌و پەرلەمانی پێشوودا كردمان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەموو كات قسەی خۆمان هەبووە لەسەر ئەدای حكومەت‌و پەرلەمان‌و رەوشی سیاسی كوردستان، هەورەها پەیوەندییەكانی نێوان هەرێم‌و بەغدا، بەڵام بە تەئیكدی ئێستا باشترو رۆشنتر دەتوانین قسەبكەین، لەبەرئەوەی چوینەتە بەرەی ئۆپۆزسیۆنەوەو لەحكومەت بەشدارنین، جاران ئەو گلەییە لەیەكگرتوو تەنانەت حزبەكانی تریش دەكرا كە لەحكومەتن‌و رەخنەش دەگرن، چۆن دەبێت لەحكومت بن‌و رەخنەبگرن.

# لە شەریف پاشاوە بۆ میراودەلی

## بەراوردێك لەنێوان دوو سەردەمی جیاوازدا

ئاراس رەفیق

گوزارشتی دووبارەبوونەوەی مێژوو لەناو ئەدەبیاتی گەلانی جیهاندا پانتاییەکی فراوانی گرتۆتەوەو بایەخێکی تایبەتی هەیە.نەتەوەی کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی رووداوە مێژووییەکان هەمیشە جێی سەرنجو تێرامان بوون بۆی.دیارە ئەمەش لەئەنجامی بەرێکردنی چەند فاکتەرێکی لەیەکچوو لەکاتو شوێنی جیاوازدا بووە.دواجار ئاڵو گۆرو دەرەنجامی لێکچوو هاتۆتە گۆڕێ کە هەڵوێستەی لەسەر کراوە، دەمەوێت بڵێم بەراورد کردنی دوو رووداوی لەیەکچوو لەدوکاتی جیاوازدا، جابۆ ئەو مەبەستە پێویستە پێش ئەوەی بچینە ناو کرۆکی باسەکەوە سەرەتا تیشك بخەینە سەر بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەراست لەچارەکی یەکەمی چەرخی بیستەمدا، گوزەرێکی خێرا بکەین بەلایەنی رامیاری ناوچەکەدا.

لەپاش تێکشکاندنی دەوڵەتی عوسمانی لەجەنگی جیهانی یەکەمدا،ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی پێیان نایە قۆناغێکی مێژویی نوێوە کە بریتی بوو لەهەڵوەشانەوەی دەسەڵاتی ئایینی خەلافەتو کۆتایی پێهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو هەولدانی نەتەوە ژێردەستەکانی دەسەڵاتی عوسمانی بۆبەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر خاکی نەتەوەیی خۆیان، واتا دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کە بووە مۆدێلێك لەو دەمەدا ئەمەش دەرفەتێکی باش بوو بۆ میللەتی کورد تا بتوانن دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی دابمەزرێنن لەسەر خاکی خۆیان، لێرەو لەوێ چەندین هەول دراوە تاوەکو ئەو خەمە لەئەستۆ بگیرێت و خەونی لەمێژینەی کورد ببێتە راستی، لەهەرچوار پارچەی کوردستان خەباتو تێکۆشان دەکرا بۆ ئەو مەبەستە، بەلام دیارترینو گونجاوترینیان لە باشووری کوردستان بوو، کە تا ئەوکات بەولایەتی موسل ناودەبرا، هاوکات بەندی دوانزەی چوارده مادەکەی ویلسنی سەرۆکی ئەمریکاش سەبارەت بە دەستبەسەرکردنی مافی گەلانی بن دەستی دەوڵەتی عوسمانی پاڵپشتێکی باش بوو بۆ کوردەکان بۆ ئەوەی لەرێگەی گفتوگۆو رێککەوتن لەگەڵ ئینگلیزەکان دا مافی نەتەوەییو سەربەخۆیی بەدەستبهێنن، لەم نێوەندەدا چەندین کەسایەتی هەڵکەوتوو هاتنە مەیدانو ئەسپی خۆیان تاودا بەڵام دیارترینیان شێخ مەحمودی حەفید وشەریف پاشا بوون، شێخ مەحمود کەسایەتیەکی دیارو ناوداری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی بوو لە باشووری کوردستاندا، ناوبراو لەبنەماڵەیەکی ئایینیو کۆمەڵایەتی ناسراوی شاری سلێمانی بوو، هەروەها رێبەری تەریقەتی قادری بوو لەو دەمەدا، لەسالانی جەنگیشدا وەك فەرماندەیەکی سەربازی ناسراو بوو لەبەرەکانی جەنگدا، ئەمەش پاڵنەرێکی باش بوو بۆ ئەوەی پێگەو نفوزی خۆی لەناو جەماوەردا بەهێز بکات، چونکە لەو کاتەدا بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی زۆر خێڵەکی بوو، رێژەی خوێندەواری لەپلەکانی خوارەوەدا بوو، بۆیە بەریتانیەکانیش زیاتر چاویان لەسەر شێخ مەحمود بوو کەبکرێتە رێبەری کوردەکان لە باشووری کوردستاندا، هەر لەوکاتەشدا شەریف پاشا کە کوری سەعید پاشای وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانیو لەبنەماڵەی خەندان بوو، ئەویش کەسایەتیەکی دیبلۆماسیو ناسراو لە ئاستی نێو دەوڵەتیداو


کەمال میراو دەلی


شەریف پاشا

هەروەها خاوەنی بیرێکی نوێ بوو، لەساڵی ١٨٥٩ شەریف پاشا دەبێتە باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانی لەسوید، یەکێك بوو لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەی تەعاونو تەرەقی کەلەدوای کودەتاکەی ساڵی ١٩٠٨ دامەزرا، ناوبراو لەساڵی ١٩٠٩ حیزبێکی دامەزراند بەناوی پارتی رادیکاڵی کە بارەگاکەی لەپاریس بوو، هەر لەوێ بەزمانی فەرەنسی گۆڤاری مەشروتیەتی لە١٠/١٥/ ١٩٠٩ دەرکرد، ئەم کەسایەتیە دژی سیاسەتی ئیتیحادیەکان بوو بەتایبەت بەرامبەر ئەرمەنەکان، هەوڵی ئەدا پەیوەندی کوردو ئەرمەن ئاسایی بکاتەوە کەبەهۆی کوشتاری ئەرمەنەکانەوە لەلایەن سوارەی حەمیدیەوە دروست بوو بوو، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ ( یوغوس نوبار)ی نوێنەری ئەرمەنەکان راگەیەنراوێکیان لەمەر یەك هەڵوێستی کوردو ئەرمەن بڵاو کردەوەو لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩١٩ ئیمزایان کرد کە داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ئەرمەنیو کوردستانی سەربەخۆ دەکرد، گونجاو لەگەڵ پرەنسیپی میللەتانو بەیارمەتی یەکێك لە زلهێزەکان لەکۆنفرانسی ئاشتیدا داوایان کرد، ئەوەشیان راگەیاند کە رێزو مافی رەوای کەمینەکانی ناو دوو ولات دەگیرێت، ئەمەش یەکەمین جار بوو ئەرمەنەکان بەرەسمی دان بەمافی نەتەوەیی کورددا بنێن، دێڤید ماکداول لەکتێبی مێژووی هاوچەرخی کورددا ئاماژە بەوە دەکات لە ئایاری ١٩١٩ شەریف پاشا باڵوێزخانەی بەریتانیای لە پاریس ئاگادار کردەوە کە ئامادەیە باری لێپرسراوێتی میرنشینێکی کوردستانی سەربەخۆ لەئەستۆ بگرێتو بەسەرۆکایەتی کردنی ئەنجومەنێکی فیدرالی سەرۆك هۆزەکان، ولات بەرێوە ببات، بەلام بەبێ بوونی لایەنگر لەناوخۆ، چۆن قسەکانی ئەم پیرەمێردە بە هەند وەردەگیران، یەکێك لە لێپرسراوان بە ناخۆشی لەم مەسەلەیە دەدوێ ودەلێت: "بەرای من ئەو شایستەی وەها پایەیەکی نیە کە ئارەزووی دەکات، زانیاریو ئاگاییەکانی هەرئەوەندەی زانیاریو شارەزایی رۆژنامەنوسێکی پاریسی یە".کەواتە دەتوانین بڵێین گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کە لەمپەر بوون لە بەردەم شەریف پاشادا بۆ بوون بە حوکمرانی کوردستان، گرنگترینیان ئەمانە بوون:

١- سیاسەتی بەریتانیا : دەوڵەتە زلهێزەکان لە هەر شوێنێکی دنیادا دەسەلاتیان هەبێت لەبیری پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان دان، ئەوان نەدۆستی هەمیشەییو نەدوژمنی هەمیشەییان هەیە، بەڵکو بەرژەوەندی هەمیشەییان لەبەر چاوە، کوردستانیش بەپێی رێکەوتننامەکانی نێوان دەولەتە براوەکانی جەنگ کەوتە دەستی بەریتانیاوەو بەریتانیەکانیش بەچاولێکردنی بارودۆخی ئەوکاتەی کوردستانو ناوچەکە چاویان لەسەر کەسێك بوو کە لەناوخۆی کوردستان زۆربەی خەڵکی لەگەڵدا بێتو ئاشنای بارودۆخی ناوچەکە بێت تاوەکو بتوانێت ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی ناوچەکە ئارام بکاتەوە ولەو کاتەشدا تەنیا شێخ مەحمودی حەفید لەبەرچاوان بووو تاقەسواری ئەو مەیدانە بوو.

٢- راستە شەریف پاشا کەسێکی خوێندەوارو سیاسەکی نیشتیمان پەروەر بوو، لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا ناسراو بوو بەلام کەمتر ئاگای لە بارودۆخی کۆمەڵایەتیو سیاسی ناوخۆی کوردستان بوو، خەڵکی کەمتر دەیانناسی بۆ ئەوەی ببنە پاڵپشتی، ئەمەش چونکە ناوبراوو لەناو میللەتەکەی خۆیدا نەژیابووو زیاتر لەدەرەوە کاری سیاسی دەکرد.

٣- هۆشیاری خەڵکی کوردستان لە ئاستێکی نزم دابوو، رێژەی خوێندەواری زۆر کەم بوو لەناو خەڵکیدا بۆیە بایەخێکی زۆریان بەو کەسانە نەئەدا کە خاوەنی بیری نوێ بوون بەرێژەیەکی کەم نەبێت، لەو دەمەدا زیاتر خەڵك وابەستەی تەریقەتو سەرۆك هۆزەکان بوونو ئەوان بۆشایی سیاسیان پرکردبوویەوە، لای خەڵك کاریزما بوونو راوێژیان پێدەکرا، ئەگەر ئەم بارودۆخە بە ئەمڕۆوە ببەستینەوە، سەرباری جیاوازی کاتو ئەو گۆرانکاریە سیاسیو کۆمەڵایەتی وئابوریانەی کەروویان داوە کوردەکان لە باشووری کوردستان دا دەرفەتیان بۆ رەخساوە کە ئەزمونی سیاسی خۆیان بکەنو لەهەولدان بۆ ئەوەی مۆدێلی نوێ لەبەرێوەبردندا پیادەبکەن وەك سیستمی دیموکراسی کە شێوازیکی سەرکەوتووە بۆ بەرێوبردنی ولات،دیارترین پرەنسیپی بریتیە لە هەڵبژاردن کە بۆ دیسپلین کردنی دامو دەزگاکانی حکومەت لەناو کوردستان دا رەگی داکوتاوەو ئەیەوێت خۆی بخزێنێتە مێژووی بەرێوەبردنی کوردەکانەوە، بەلام سەرباری ئەوەش خەڵکی کوردستان تا ئێستا لە ناو رابردوودا دەژینو بەردەوام لەبیری یادەوەریەکاندانو تەنانەت لەهەڵبژاردنیشدا فەرماندەکانی مەیدانی خەباتی شاخیان لەبەر چاوەو سەروەریەکانیان بە پیرۆز دەزانن بەلام مەرج نیە کەسێکی شۆرش گێری سەردەمی خەباتی شاخ لە ئێستادا بتوانێت پۆستێکی مەدەنی بەرێوەبەرێت بەتایبەتی کاتێك ئەو پۆستە یەکێك بێت لە پۆستەگرنگەکانی وەك سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکی حکومەت یان پەرلەمان، پێشمەرگەو شۆرش گێر دەتوانێت بەچەك بەرگری لەولاتو گەلو نیشتمانەکەی بکاتو لێرەدا دەتوانێت رۆڵی گونجاو پۆزەتیڤی خۆی ببینێت، کەسانی پسپۆرو ئەکادیمیش پێویستە پۆستە مەدەنیو حکومیەکان وەرگرنو لێرەوەیە ئەوانیش دەتوانن خزمەت بەنیشتمانەکەیان بکەن، هەرچەندە هەندێك لەو شۆرش گێرانەی سەردەمی شاخ لە ئێستادا کە دەسەلاتیان بەدەستەوەیەو دەسەلاتداری کوردستانن سەرباری دەسکەوتەکانی خەباتیان، چەندین نەهامەتیان بۆ کوردەکان هێناو تائێستاش خەڵك بە کەسانی گەندەلو قۆرغکەری سامانی میللەتی کوردیان دەزانن، بەلام لەهەمان کاتیشدا ئامادە نین بیان گۆرنەوە بە کەسانی تر، هەرچەندە کەسانی نوێخوازو خوێندەوارو شارەزا لەسیستەمی ئابووریو رامیاری بەرێوەبردنی ولاتدا هەبن، لە هەرێمی کوردستاندا سێ پۆستی گرنگ هەن کە لە هەڵبژاردنەکاندا ململانێیان لەسەر دەکرێت بۆ بەدەستهێنانیان، ئەوانیش پێکهاتوون لە ئەنجومەنی نوێنەران( پەرلەمان) ئەنجومەنی وەزیران (حکومەت)و سەرۆکایەتی هەرێم، ئەمەش رێگەیەکی دادپەروەرانەیە بۆ گەیشتن بە دەسەلات، لەهەر ولاتێکدا ئەم پرۆسەیەئەنجام بدرێت بەمەرجێك زەمینە سازی بۆ بکرێتو هەلومەرجی گونجاوی بۆ برەخسێنرێت، هەریەکە لەم پۆستانە گرنگیو تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە، بەپێی دەستوور، هەریەکە خاوەنی چەند ئیمتیازێکی گرنگن، لەدوای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانەوە لە ٧/٢٥ دا کەململانێو رکابەرییەکی زۆر هەبوو لە سەر بەدەستهێنانی هەریەك لەو پۆستانە، هاوکات پۆستی سەرۆکی هەرێمیش بەجیا چەندین کەس چاوی لەسەری بووو هەوڵی بەدەستهێنانی ئەدا کە یەکەمین جار بوو بەو شێوەیە لەهەرێمی کوردستاندا هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت، سەرباری هەبوونی تێبینیەکی زۆر لەسەر ئەم پرۆسەیە بەلام لەکۆتاییدا بەشێوەیەکی گشتی دەسکەوتی مەزنی بۆ هەرێمی کوردستان هەبووو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش جێی بایەخ پێدان بوو، وەك ئاشکرایە کەمال میراودەلی یەکێك بوو لەو رکابەرە دیارانەی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم، ناوبراو کەسایەتیەکی رۆشنبیرو نوێخوازو خاوەنی چەندین بروانامەی بەرزە لە دەرەوەی ولات لەبوارەکانی ئەدەب، فەلسەفە، ئابووری،و رامیاریو هتد..دا هەروەها کەسێکە رۆڵی بەرچاوی بینیوە لە ناساندنو بەرگریکردن لەمافە نەتەوەییەکانی گەلەکەیدا لە دەرەوەی ولات، بەلام نەیتوانی زۆرترین دەنگەکانی خەڵك لەهەڵبژاردنەکاندا مسۆگەر بکات، لێرەدا لێکچوونێك لەنێوان شەریف پاشاو میراودەلیدا هەیە لەچارەنووسیاندا، سەرباری ئەوەی قۆناغەکانی هەریەکەیان جیاوازە، لەکوردستان تائێستاش حیزب رۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە ئاراستەکردنی دەسەلاتی حکومەت بەئاراستەی بەرژەوەندی خۆیو بەردەوام دەست دەخاتە ناو هەموو جومگەکانی حکومەتەوە، ئەمەش وادەکات هاوولاتیان چاوترسێنو چەواشە بکرێن، ئەم بۆشاییانەش بەرەنجامی ناهوشیاری تەواوی کۆمەڵگەن کە نەیتوانیوە هەول بدات بۆ رێگری کردنی بریاردانی دەسەلاتی سۆز بەسەر عەقلدا، هاوکات میراودەلی بەتەواوی نەیتوانی بارودۆخی کۆمەڵایەتیو سیاسی کوردستان بخوێنێتەوەو وەك شەریف پاشا زیاتر لەدەرەوە رۆڵی هەبوو کە کەمتر خەڵك ئاشنای بوون، نەبوونی هۆکارەکانی گەیاندنیش بۆ ئەوەی هاوکاری پراکتیزەکردنی بەرنامەکەی بکەن، تەنگەژەی بۆ دروست کرد، دواجار دەڵێین پێویستە هیمەت بکرێ بۆ ئەوەی توانای لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی سیاسیمان هەبێتو بە ئاگا بین لە رووداوەکانو دوبارە بوونەوەیان سودی بۆمان هەبێت وداهاتووی پێ بنیاد بنێین، لەو قۆناغەی کە تیایداین بەرەو باشتر بیگۆرین، نەك تەنیا وەك یادەوەرییەك ئامادەگی لەناوماندا هەبێت.

> **خەڵکی کوردستان تا ئێستا لە ناو رابردوودا دەژین و بەردەوام لەبیری یادەوەریەکاندان و تەنانەت لەهەڵبژاردنیشدا فەرماندەکانی مەیدانی خەباتی شاخیان لەبەر چاوە و سەروەریەکانیان بە پیرۆز دەزانن بەڵام مەرج نیە کەسێکی شۆڕش گێری سەردەمی خەباتی شاخ لە ئێستادا بتوانێت پۆستێکی مەدەنی بەرێوەبەرێت**

---

هەفتانە حەسەن یاسین دەینووسێ

سپی

# ئیسلامۆفۆبیا

ئەمرۆ لە ولاتانی ئەورپپاو رۆژئاوا بەگشتی، ژمارەیەکی زۆرو بەرچاو موسلمان دەژینو بوون بەبەشێك لەدانیشتوانی ئەو ولاتانە.

کۆچی موسلمانان بۆ ولاتانی ئەورویا، بەژمارەیەکی زۆر، لەپەنجاکانو شەستەکانی سەدەی رابردوو، واتە لەسەدەی بیستەمەوە دەستی پێکردووە.

ئەو موسلمانانەی بەرەو ولاتانی رۆژئاوا کۆچیانکرد هەر زوو، بەهۆی جیاوازیی ئەو ژینگەیەی لێیەوە هاتبوون، لەگەڵ ئەو ژینگەیەی بۆی چووبوون، هەروەها بەهۆی ئەو هاوکێشەیەی کە پەیوەندیی نێوان ئایینو کۆمەلی لەو ولاتانەدا رێکخستبوو، تووشی جۆرێك لەناحالی بوون هاتن. ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کەئەورویا لەسەردەمی رۆشنگەریو بەعەلمانیکردنی سیستمی دەولەتەکانیاندا، هەژموونی کلێسایان بەسەر دەولەتدا، خستە باری نەمانەوە.

گەشەکردنی کۆمەڵ لە ولاتانی ئەوروپاییدا لە رووی کۆمەلایەتیو سیاسیو یاساییەوە، لەسەردەمی پاش رۆشنگەریدا ژمارەیەکی زۆر لەتاکەکانی ولاتانی ئەوروپای هێنایە سەر ئەو باوەرەی کە مۆدێرنیتە سەردەکێشێ بۆ عەلمانییەت، دواجاریش ئەم پرۆسەیە دەبێتە هۆی کال کردنەوەو پاشان نەهێشتنی کاریگەریی ئایین لەسەر دامو دەزگا رەسمییەکانی دەولەتدا. ئیدی بەهۆی ئەم پێشکەوتنو گۆرانکارییە لە رێکخستنی پەیوەندیی نێوان ئایینو کۆمەل، ئایین لە ژیانی گشتیی کۆمەلدا ناکشێتەوە ، بەلکو خەلك ئازادانە لە ژیانی گشتیی خۆیاندا، پێرەوی لە ئایین دەکەن، بەلام ئایینو سەرانی دامو دەزگا ئایینییەکان چیتر ناتوانن دەست بخەنە ناو کاروباری دامو دەزگا رەسمییەکانی دەولەتەوەو فەرمانیان پێبکەن.

بەپێچەوانەی ئەم راستییەی سەرەوە، سەرانی ئیسلامی سیاسی، کە خۆیان ( بێداریی ئیسلامی ) بەناوێکی گونجاو، بۆ ناولێنانی بزووتنەوەکەیان دەزانن، نەك هەر هەولی ئەوەیان نەدا، هانی موسلمانانی کۆچکردوو ( موهاجیر ) بۆ ئەو ولاتانەی رۆژئاوا بدەن کە خۆیان لەگەل ئەم واقیعەی ولاتەکانیان بگونجێنن، بەلکو کەوتنە هاندانیان لەو رووەوە کە ئەم جۆرە لە رێکخستنی پەیوەندیی نێوان ئایینو کۆمەل بەئیسلام نامۆیەو رێدەگرێت لە باوەشکردنەوە بۆ عەقلو کلتووری موسلمانان. بەمەش چاویان نوقاند لەو راستییەی کە ولاتانی ئەورویا باوەشیان بۆ ژمارەیەکی زۆر لەموسلمانانی ولاتانی جیاجیای موسلمان کردۆتەوەو هەلی ئەوەیان بۆ رەخساندووون کە مافی نیشتەجێ بوونو هاولاتی بوون بەدەست بێنن . لەم روانگەیەوە ئیسلامی سیاسی کەوتە هاندانی موسلمانان بۆ ئەوەی لەرێگەی پەیرەوکردنی هەندێك رێنماییەوە، بەمەبەستی خۆجیاکردنەوەو پاراستنی تایبەتمەندێتیو سیمای موسلمانێتیان، نەگونجانێك لەگەل کۆمەل لەو ولاتە ئەوروپییانەی تێیاندا دەژین، بێننە ئاراوە. بۆ نمونە ( حیجاب ) پۆشینیان وەك واجبێك لەسەر هەموو مێینەیەکی موسلمان بەموسلمانانی ئەوروپا ناساند. ئەمەش بووە هۆی وردە وردە نانەوەی دووبەرەکیو نەسازان، کە ئەمەش دردۆنگیی لێکەوتەوە. ئیدی کەوتنە بلاوکردنەوەی دەنگۆی ئەوەی کەبەپێی ناوەندەکانی چاودێریی رەگەزپەرستیو رق لەپیانی، کە لەئەوروپادا هەن، باس لەوە دەکەن کە موسلمانان بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسەر ئاستی ئەوروپاو بوونەتە مایەی رقو کینە !

بەپێی راپرسییەکی دەزگای دۆیچە ڤیلەی ئەلمانی، لەدوای هێرشەکانی یازدەی سێپتەمبەری (٢٠٠١ )ەوە رێزو شکۆی موسلمانانو ئیسلام لەو ولاتەدا کەمی کردووە.بەپێی ئەم راپرسییە، کە لەگەل (١٠٧٦) کەسی ئەلمانیدا کراوە ( ٨٣٪ )یان کۆکن لەگەل ئەو پرسیارەی کە دەلا :"ئیسلام لەسەر دەمارگیری بیناکراوە" . رێژەی ئەوانەی لەم راپرسییەدا دژ بە ئیسلام قسەیان کردووە (١٠٪ ) زیادی کردووە لەچاو راپرسیی پێشوودا . (٧١٪ )ی ئەوانەی پرسیاریان لێکراوە لەو باوەرەدان کە "ئیسلام لێبووردە نییە "، لەکاتێکدا ئەم رێژەیە لە راپرسییەکی پێشووتردا ( ٦٦٪) بووە . سەبارەت بە پرسیاری " ئایا وشەی ئیسلام لای تۆ بەچییەوە دەناسرێتەوە "، بەم شێوەیە وەلام دراوەتەوە: ٩١٪ دەلێن ئیسلام بە جیاکاری دژی ژنان دەناسرێتەوە. ٦١٪ دەلێن ئیسلام بەنەبوونی دیموکراسی دەناسرێتەوە. تەنیا ٨٪ دەلێن ئیسلام واتە خۆشنودی.

ناوەندە ئیسلامییەکان هەمیشە گازندەی ئەوە لە ناوەندەکانی هەوالو رۆژنامەوانە رایۆرت نووسەکان لە رۆژئاوا دەکەن کەهەمیشە چاویان لەسەر وروژاندنو هێنانەگۆری ئەو چەمکانەیە کە بەخراپی بەسەر ئیسلامدا دەشکێنەوە. لەکاتێکدا چاودێرانی سیاسی هەمیشە قسە لەسەر ئەوە دەکەن کە هەر تاوتوکردنێکی ململانێی سیاسی لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا، هەر تاوتوکردنێکی مەسەلەکانی پەیوەست بەتیرۆرو توندرەوی دەچێتەوە سەر قسەکردن لەسەر موسلمانان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەئیسلامو موسلمانان لە دیدی تاك لە رۆژئاواوە ببن بە سەرچاوەی ئەو کێشانەی کەئێستا سەردەکێشن بۆ تیرۆر، بەم شێوەیە رای تاك لەسەر ئیسلامو موسلمانان دەبێتە رایەکی سلبی، کە بێگومان رەنگدانەوەی خراپی لەسەر دیدو تێروانینیان بۆ موسلمانانی دانیشتووی ئەو ولاتانەی ئەوروپا دەبێتو ترسێك لە ئیسلام لەلایان دێنێتە ئاراوە، ئەو ترسەی کە ئێستا ناوی لێنراوە ئیسلامۆفۆبیا !

خاوەن ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف
سەرنوسەر: خالید ئەحمەد شەریف
٠٧٧٠ ٨٦٢ ٨١ ٨١
تەلەفۆن: ٠٥٣ ٣١٨ ٧٨ ١١
ئیمەیل: Dastur2009@yahoo.com
ناونیشان ـ هەرێمی کوردستان، سلێمانی ـ شارێی سالم،
تەلاری میران ـ نهۆمی پێنجەم ـ بەرامبەر پەروەردەی سلێمانی

# دەستوور

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانەکۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

چوارشەممە ١٦ / ١٢ / ٢٠٠٩

# ڕاگەیاندنێک لەکۆمپانیای سولی تێلیگراف STC

کۆمپانیای سولی تێلیگراف بۆ ڕۆژنامەوانی چاپو بڵاوکردنەوە، کۆمپانیایەکی خۆماڵی کەرتی تایبەتەو کاری وەبەرهێنان لەبواری میدیا دەکات. لەئێستادا سەرقاڵی دامەزراندنی کەناڵێکی ئاسمانی هەواڵی‌و کلتوری‌و دۆکۆمێنتاریی کوردیە، کە سەرمایەی پرۆژەکە بە شێوەی پشك لەلایەن چەند سەرمایەدارێکی کوردی‌و بیانیەوە دابینکراوەو بە شێوەیەکی بێلایەنانەو پیشەییانە روماڵی روداوو پێشهاتەکان دەکات، بۆیە پێویستی بە ژمارەیەك کارمەندو رۆژنامەنوس هەیە بۆ چەند پۆستێکی دیاریکراو:

پۆستەکان:

١) بەڕێوەبەری کارگێری.
٢) لێپرسراوی ژمێریاری.
٣) ژمێریار.
٤) وردبین.
٥) خەزنەدار.
٦) ئەندازیاری کارەبایی
٧) ئەندازیاری ئەلەکترۆنی
٨) ئەندازیاری پەیوەندی‌و ئای تی
٩) وێنەگر
١٠) مۆنتێر
١١) پەخش
١٢) ئەرشیف
١٣) تەنسیق
١٤) هەواڵسازی سیاسی
١٥) هەواڵسازی وەرزشی.
١٦) هەواڵسازی ئابوری.
١٧) ریپۆرتێر
١٨) پەیامنێر لەشارو شارۆچکەکان
١٩) بەرهەمهێنەری فیلمی دۆکیۆمێنتاری
٢٠) دەرهێنەرو پرۆدیوسەر
٢١) بێژەر لەهەردوو رەگەزی نێرو مێ
٢٢) وەرگێری ئینگلیزی.
٢٣) وەرگێری عەرەبی.
٢٤) وەرگێری تورکی.
٢٥) وەرگێری فارسی.
٢٦) وەرگێری ئەڵمانی.
٢٧) وەرگێری فەرەنسی
٢٨) کارمەندی ئیشپێکەری موەلیدە
٢٩) کارمەندی کارگوزار
٣٠) کارمەندی بەدالەو وەرگرتنی پەیوەندی
٣١) کارمەندی کتێبخانە
٣٢) کارمەندی چێشتلێنەر
٣٣) کارمەندی کافتریا
٣٤) سەرتاش‌و ئارایشت

STC
Suly Telegraph Company
Press, Print and Distribution

کۆمپانیای سولی تێلیگراف
رۆژنامەوانی و چاپ و بلاوکردنەوە

**داواکار دەتوانێت تاکو 2010/1/15 (cv)**
**ڕەوانەی ئەم ناونیشانانە بکات:-**
Email: Suly__co@yahoo.com
Tel: (053)318 78 11 & 0748 017 46 06
**ئۆفیسی سلێمانی:- شارێی سالم-**
**تەلاری میران- نهۆمی پێنج- بەرامبەر**
**بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی.**

## دەلاقە

# لە بەدرخانەکانەوە تا ئاسۆس هەردی

خالیدی حاجی ئەحمەد



ئاسۆس هەردی

بەخشینی خەڵاتی جوبران تویني بە رۆژنامەنوس ئاسۆس هەردی‌و بانگهێشت کردنی بۆ لوبنان، رۆژنامەگەریی کوردی خستە قۆناغێکی نوێوە، ئەم روداوە چەند رەهەندێکی گرنگ لە خۆی دەگرێت، کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم:

١-بە بەخشینی خەڵاتەکەو دەستنیشانکردنی کەسایەتیەکی شیاو کە نوێنەرایەتی بکات، رۆژنامەوانی سەربەخۆ لە کوردستاندا لە سوری گفتوگۆ و پرس‌و نکولی لێکردن و تۆمەت‌و قسەو قسەلۆك بۆ دروستکردنەوە، گواسترایەوە بۆ دۆخێك کە هەموو گومانەکانی رەواندەوەو سەرباری کەم و کوریەکانی چیتر وەك قەوارەیەکی بەرجەستەو حاشا هەڵنەگر خۆی دەنوێنی‌و بووە بەشێکی دانەبراو لە جەستەو بوونی کورد.

٢-گەر بەدرخانیەکان لە دەرەوەی کوردستان و بەناچاریی لە هەندەران ئاڵای رۆژنامەگەرییان هەڵکردوو بەرەو کوردستان کەوتنە رێ، ئەوا ئەمرۆ لە ناوەوەی کوردوستان رۆژنامەگەریی کوردی ئاڵاکەی دەشەکێتەوە و وەك نەتەوەیەکی زیندوو بەرەو دەرەوە هەنگاو دەنێت و روپەرێکی پرشنگدار لە ووزەو خەونی نەتەوەیەکی بێ دەولەت بە جیهان ئاشنا دەکات.

٣-کاروانێك کە رووی لە خۆرکردبێت، سەرباری چەندین روتکردنەوە و تالانکردن و تەنانەت شەهید کردنی هەندێك لە کاروانچیەکانی، و رێ لێگۆرین‌و بەربەست لە بەردەم دروستکردنیاندا، زوو یا درەنگ در بە شەوەزەنگ ئەدات‌و دەگاتە خۆر و لە جەرگەی روناکیدا بنەوبارگەی خۆی هەلئەدات.

٤-لە هەمووشتێ گرنگتر (بەتاییەت وەك دەرسێك بۆ دەسەلات) ئەوەیە پەی بەو راستیە بەرین کە لە دنیای ئەمرۆدا رێز لە رۆژنامەوانیی سەربەخۆ و بیروڕای ئازاد دەگیرێ و هەر ئەو دەروازەیەشە کە دەتوانێ کورد بەرەو ئازادێ و سەقامگیری بەرێت.

٥-لەدەرەوەی جیاوازی بیروڕا و بۆچونە هاوتەریب و دژبەیەکەکانیشدا، ئاسۆس وەك رۆژنامەنوسێك خۆی لەدەرەوەی هاشەو هوشەو دەم بەهاوارییو وەك نوسەرێکی نەرم‌و بەویقاری بوارەکە دەبینرێت، کە ئەمەش ( لەمرۆکەدا) روو سپێتیەکە بۆ رۆژنامەوانی کوردی‌و پێدەچێت لەم بوارەشدا دەرەوە لە ناوخۆی کوردستان دروستتر کەسە شیاوەکانمان بۆ دەستنیشان بکەن، لێرەشەوە ئەو ستافەی ئاسۆسیان هەلبژاردوە، جێی رێز و پێزانین.

لەکۆتاییشدا بەناوی خۆم‌و گشت رۆژنامەنووسان‌و کارمەندانی رۆژنامەی دەستوورەوە، پیرۆزبایی لە بەرێزئاسۆس هەردی دەکەین‌وهیوای سەرکەوتن‌و بەردەوامی بۆ دەخوازین لەپێناو رۆژگارێکی گەشتری رۆژنامەوانی کوردیدا.

ریکلام

کۆمپانیای بەرێز

bareaz GROUP COMPANY

مژدەیەکی گرنگ بۆ دانیشتوانی شاری کۆیە




HAMON CITY PROJECT - KOYSINJAQ

کۆمپانیای بەرێز مژدە دەدات بە دانیشتوانی شاری کۆیە، پرۆژەی (هاموون سیتی) کە بەشێکە لە پرۆژەی نیشتەجێبوونی ئاسوودە کەوتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، خانووەکانی (هاموون سیتی) لەسەر رووبەری 150م2 200م2 دروست دەکرێت بە قەرزی درێژخایەن و بە هاوکاری سندوقی نیشتەجێبوون دەدرێت بە بەشداربووان

بۆ زانیاری زیاتر:
07705431744
07701558015

Bareaz Co.